د. محەمەد کەمال

# فەلسەفەی سارتەر

## خوێندنەوەیەکی نوێ

# پێشەکی

لە ساڵەکانی هەفتاوە، وەکو زۆربەی لاوانی شارەکەم، بەخوێندنەوەی هۆنراوەی کلاسیکی دەستم بە گەشتەکەم کردو لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئەدەبی (روانگە)ش روومکردە هۆنراوەی نوێ‌و هەندێجاریش، بە ماندوویی‌و بێ سەرکەوتن، هەوڵی نووسینی هۆنراوەم دەدا.

بەڵام ئاشنایی‌و شەیدابوونم لەگەڵ هۆنراوەی کلاسیکی کوردیدا، بەتایبەتی هۆنراوەکانی نالی‌و مەحوی، لەژێرکارتێکردنی شاعیر (کەمالی) باپیرم، کە لە منداڵییەوە هۆگری بووم، تۆزقاڵێ کەمی نەکردو بگرە تاکو ئەمڕۆش، کە ئازارو گەرمەتای غوربەت‌و تەنیایی پەلامارم دەدەن، زۆرجار پەنا دەبەمە بەر دیوانەکەی (نالی).

لەدوا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی، هەستمکرد هۆنراوە تینوێتیی گیانی ئۆقرەنەگرم ناشکێنێ‌و وەڵامی پرسیارە گەورەکانم بۆ دەستگیر ناکا. لە هەمان کاتدا خۆم، وەکو کەشتییەکی ناو زریانێکی تووڕەو بێ ئازووقەو کەرەسەی سەفەر دەبینی‌و نەمدەزانی بەچی لایەکدا کەشتییەکەم بخەمە رێ. رۆژێ مامۆستایەکی نوێ، بە ناوی (محەمەد ئەمین ئەحمەد)، بۆ فێرکردنی زمان‌و ئەدەبی عەرەبی رەوانەی خوێندنگاکەمان (ئامادەیی بازرگانی) کرا. بەهاتنی ئەم، منیش، لەو کەشتیوانە بێ رێ‌و شوێنەوە، بووم بە مەلەوان‌و رێگەناس. ئەم مامۆستا بەڕێزە، بێجگە لەوەی پسپۆڕێکی نایابی زمان‌و ئەدەبی عەرەبی بوو، وەکو هاوڕێش، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردین. ئەمەش بوو، قوتابییەکی بێدەنگ‌و گۆشەگیری وەکو منی هاندا، لەو نزیك ببمەوەو رازو نیازی خۆمی لا باس بکەم.

مامۆستا محەمەد ئەمین، وەکو دکتۆرێکی شارەزا، هۆکارەکان‌و رێگەچارەی دەردەکەمی دۆزییەوەو بە جیهانی فەلسەفەی ناساندم. پاش ئەم ڕووداوە گرنگەش، لەکۆتایی ساڵەکانی هەفتادا، پاش هەرەسهێنانی بزوتنەوەی چەکداریی ئەیلول، هاوینێ، لەشاری بەغدا بووم، لە نیوەڕۆی رۆژێکی گەرمدا لە پەرتووکخانەی سەر شەقامی سەعدون، پەرتوکێکی "جان پۆڵ سارتەر"م بەناوی (*الوجودية مذهب انساني*) کڕی‌و لە هەفتەیەکدا دووجار خوێندمەوەو هێڵم بەژێر زۆربەی دێڕەکاندا کێشا. وامدەزانی سارتەر ئەو پەرتووکەی بۆ من نووسیوەو لەو رۆژەوە فەلسەفەی بوونخوازی‌و بیروباوەڕەکانی سارتەر بوون بە پەناگەو نیشتمانی بیرکردنەوەی من‌و بێوچان کەوتمە خوێندنەوەی نووسراوەکانی سارتەرو سیمۆن دی بۆڤوارو ئەلبێر کامۆو کارڵ یاسپەرزو گبریال مارسیل‌و کۆڵن وڵسن. بەڵام نووسراوەکانی مارتین هایدیگەر لەو کاتەدا بە زمانی عەرەبی بڵاونەکرابوونەوە.

لەهاوینی ساڵی 1977 گەڕامەوە بۆ سلێمانی‌و جارێکی دی پەیوەندیم لەگەڵ مامۆستا محەمەد ئەمین بەستەوەو چەند لاوێکیشم وەکو حەسەن هەمزەو فوئاد عەبدولڕەحمان‌و عەبدوللاّ محەمەد یونس‌و ئازادی کاك مستەفاو کەمال عومەرو ئەمجەد حەمە سەعیدو چەند کەسێکی دی دۆزییەوە،[1] کە هەندێکیانم لەوەپێش دەناسی‌و لەرێگەی فەلسەفەو ئەدەب‌و هاوبیریمان لەسەر گەلێ کێشەی فەلسەفی زیاتر لە یەکدی نزیککردینەوە. ئەم گروپە کە بە گروپی (وجودیەکان)

[1] بێگومان چەند هاوڕێیەکی دیکەش، وەکو کامەران شەوقی‌و ئاسۆس جەمال‌و قەیس‌و ئازاد مستەفاو عەبدولمنورو تەیب جەبارو عوسمان عەبدولکەریم...هتد لەم گروپەدا بوون‌و گروپەکەش گەلێ چالاکیی رۆشنبیری هەبوو.

ناوزەدکرا، بوو بە مەڵبەندێکی (فیکری) بۆ منو توانیم لە ڕێگەی هاوڕێیەتیو دایەلۆگی فەلسەفیو رەخنەو لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەم هاوڕێیانەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیروباوەڕو بیرکردنەوەی خۆم بەرەوپێشەوە بەرم. گروپەکە، هەرچەندە سترەکچەرێکی نەبوو، من هەموو کاتێ وەکو گروپی پیتاگۆراسیەکان دەمبینی. وەکو لە پێشەکیی پەرتووکەکەمدا (ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیو بوونی مرۆڤ) باسمکردووە، ئێمە وەکو دەستەیەك فەلسەفەو عیلمانیەتو سەربەستیی مرۆڤ، هێزێکی یەکگرتن بوون لە نێوانمانداو هیچ دانیشتنو کۆبوونەوەیەکی ڕۆژانەمان لە چایخانەکان، یان لە ماڵی یەکێ لە هاورێکانمان بەبێ باسو لێکۆڵینەوەو هەواڵەکان لەسەر فەلسەفەو ئەدەبو سایکۆلۆجیو هونەر بەرێوە نەدەچوو. زۆر ئێوارانیش، منو چەند هاوڕێیەکی گرووپەکە لەگەڵ مامۆستا محەمەد ئەمین ئەحمەد کۆدەبووینەوەو ئەویش بەبێ ئەوەی وەکو مامۆستایەك راکانی خۆی بەسەرماندا فەرز بکا، گوێی لێدەگرتینو بەمیتۆدە سوکراتییەکەشی گرێکانی ناو بیرمانی دەکردەوە.

پاش هەموو دانیشتنێکم لەگەڵ ئەم مامۆستایەو هاورێکانی ناو گرووپەکە زیاتر شەیدای خوێندنەوە دەبوومو دەمویست زووتر بگەمە ماڵەوەو سەر بە ناو پەرتووکێکدا شۆڕبکەمەوە. لەو ساڵەشدا، بەیارمەتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆڕێکم بەناوی (سەرەتایەك لەفەلسەفەی وجودی) لە شاری سلێمانی گێڕاو بەشداریکردنی خەڵکێکی زۆر بووە هاندەرێ بۆ هەوڵدانی نەوەستاوی منو قووڵبوونەوەم بە جیهانی فەلسەفەدا. پاش ساڵێکیش، کۆڕێکم بەناوی (مرۆڤو رەوشت)، لەرێگەی هەمان رێکخراوی ناوبراوەوە بەست.

پاش تەواوکردنی خوێندن لە (خوێندنگای مامۆستایان) لە شاری هەولێرو سێ ساڵ پیشەی مامۆستایەتی، بۆ خوێندنی فەلسەفە، لە ساڵی 1979 ڕوومکردە دەرەوەی وڵاتو لە زانکۆی کەراچی (پاکستان) خوێندنم دەستکەوتو لەبەشی فەلسەفە وەرگیرام.

لەزانکۆی کەراچی، بەهۆی هاوڕێیەتیو نزیکبوونەوەم لە چەند خوێندکارێکی مارکسی ئەو وڵاتە، زیاتر لەگەڵ فەلسەفەی مارکسو بزوتنەوەی چەپدا ئاشنابووم. ئەو هاوڕێیانەشم دەرگای دایەلۆگیان لەگەڵ مندا دەکردەوەو دەیانویست بزانن بوونخوازی چۆن دەڕوانێتە مارکسیزمو کێشەی چینایەتی. لەبواری خوێندنی ئەکادیمیشدا فەلسەفەی هیگڵو هایدیگەرم وەکو دوو چیای بەرزو سەخت دەبینی. بۆیە، بڕیارمدا نامەی دکتۆراکەم لەسەر لۆجیکی دیالیکتیکی هیگڵ بنووسمو لەگەڵ تەواوبوونی نامەکەی دکتۆراشم بۆ خوێندنەوەی فەلسەفەی هایدیگەر خۆم ئامادەکردو زەخیرەیەکم لە بیروباوەڕەکانی هیگڵو هایدیگەرو سارتەر، بۆ گەشتەکەم، خستەگەڕ.

ئەم نووسراوەش لەمەڕ سارتەرە، بەرهەمێکی گەشتەکەمەو بۆ نووسین سوودم لەو زەخیرەیە وەرگرتووەو هەوڵمداوە بیرو باوەڕەکانی سارتەر لە زۆر شوێندا لەگەڵ بیروباوەڕەکانی هیگڵو مارکسو هایدیگەردا بەراوردو تێهەڵکێش بکەم.

ئاشکرایە، سارتەر وەکو فەیلەسووفێکی سەردەم، لە جیهانی فەلسەفەو ئەدەبدا بەگشتیو لەپێشخستنی فەلسەفەی بوونخوازیدا بەتایبەتی ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوەو توانیوێتی بوونخوازی لە چوارچێوەی ئەکادیمی دەربهێنێو بە مێژووەوە گرێی بدا.

مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسراوە لەو خاڵەدایە، کە فەلسەفەی سارتەر لە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی ئەم فەیلەسووفەدا، بە (یەکێتی بیرکردنەوە) دادەنێ. ئەمەش ڕەتدانەوەی بیروڕای ئەو نووسەرانەیە، کە نەیانتوانیوە ئەم یەکێتیو یەکگرتنە ببیننو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا سارتەر بە دوو کەس، یان لە دوو قۆناغی جیاوازدا دەبینن، سارتەری بوونخوازو سارتەری مارکسی، سارتەری پێش جەنگو دوای جەنگ، یان سارتەری کۆنو سارتەری نوێ. ئەم نووسراوە، بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە، یەك سارتەر لە سێ قۆناغی پێکەوەگرێدراودا دەخاتە بەردەمی خوێنەرو هەوڵدەدا پەیوەندییەکانی نێوان ئەم سێ قۆناغە لێکنەپچڕاوە، لە گەشەکردنی فەلسەفەی سارتەردا ڕوون بکاتەوە.

***لە قۆناغی یەکەمدا***، سارتەر لە بۆچوونێکی نهێلستییانەوە (هیچگەری) سیستەمێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی مرۆڤ دامەزراندووەو واتای سێ فۆرمی بوونی شیکردۆتەوە، وەکو بوون-لەناو-خۆو بوون-بۆ-خۆو بوون-بۆ-کەسانی

دیکە. بوون–لەناو–خۆ بوونێکی لە ئاگابەدەرەوەو پڕو تەواوەو لەبەر ئەمەش نابیٚ بە شتێکی دیکە. بوون–بۆ–خۆ ئاگامەندییەو دینامیکییە، چونکە بوونێکی ناتەواوی هەیەو لەگەڵ خۆیدا (نەبوون)ی هێناوەتە کایەوەو دینامیکییەتی بوون–بۆ–خۆ، کە سەرچاوەی گۆڕانکارییەکانە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانیو داهێنانی(ناوەڕۆك)، دەخرێتە گەڕو ئەم بوونە بەرەو ترۆپکی خۆتەواوکردن دەبا. لە بۆچوونە نهێڵستەکەشەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە نەبوونی بناغەیەکی میتافیزیکی بۆ بوون، بوونی بوون–بۆ–خۆ پێش ناوەڕۆکی دەخاو ناوەڕۆکیش بە خۆرسکێکی لەپێشترو ئامادەکراوو نەگۆڕ دانانیٚ. ئەم توێژینەوەیەش لادانێکی رادیکالانەیە لە نەریتی فەلسەفی زاڵبوونی رینیٚ دێکارتو سترەکچەری ئەم بوونە وەکو ناوەڕۆکێکی گیانەکی هەڵدەوەشێنێتەوە.

بوون–بۆ–کەسانی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵ ڕوون دەکاتەوەو باسی مامەڵەی نێوان ئاگامەندی تاکێكو تاکێکی دیکە دەکا. توێژینەوەی ئەم پەیوەندییانەش لەبەر رۆشنایی سیستەمە ئۆنتۆلۆجییەکەدا کراوە.

ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە، جەختکردنە لەسەر بۆچوونە نهێڵستییەکە، کە دەبێتە هۆکاری ڕووخاندنی (ناوەڕۆك)، یان "خۆ" (زات)و کۆتایی هێنانە بە بۆچوونو تێگەیشتنی ئایدیالیستانە لە واتای (خۆ). ئەمەش کارتێکردنی خۆی بەسەر بۆچوونە فەلسەفییەکانی ئەمڕۆو (پۆست–مۆدێرنتی)دا فەرزکردووە.

<u>*لە قۆناغی دووەمدا*</u>، سیستەمە ئۆنتۆلۆجییەکەی سارتەر بە داکەوتەوە بەستراوەو لە روانگەی پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەوە هەوڵدانیٚ بۆ ڕوونکردنەوەی واتای بەهاو رەوشت لەسەر زەمینەیەکی بوونخوازی خۆشکراوە. بە گوێرەی بیرو باوەڕی سارتەر، ئەگەر بوونخوازی خۆی بە خاوەنی رەوشت دابنیٚ، ئەوا ئەو رەوشتە رادیکالییانەیەو بەهای هەمەکیو لە پێشتر لەسەر زەمینەکەی دانانیٚ.

<u>*لەقۆناغی سێیەمدا*</u>، وەکو روونمکردۆتەوە، سارتەر دەیەویٚ رۆڵی تاکەکان لە ناو مێژوودا دیاری بکا. مێژوویەك، کە بووە بە شانۆی زۆرانبازیو ناکۆکیو داگیرکردنو چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤێکی دیکەوە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەك، کە سەربەستیی تاکەکان مسۆگەر بکا، سارتەر هەوڵیداوە پردیٚ لەنێوان بوونخوازیو فەلسەفەی مارکسدا هەڵبەستیٚ.

فەلسەفەی سارتەر لەم سیٚ قۆناغەدا خۆی تەواو دەکاو دژوارە خوێنەر بۆ تێگەیشتنی لەم فەلسەفەیە قۆناغەکان لە یەکتر بپچڕێنیٚ.

گۆڕانکارییەکانی ناو قۆناغێکیش پاشگەزبوونەوەو پەشیمانی لەبیرو باوەڕەکانی قۆناغی پێشووتر نیە، بەڵکو پێشەوەچوونێکی پێکەوە بەستراوەو بەستنەوەی ئۆنتۆلۆجییە بە مێژووەوە.

**محەمەد کەمال**

**زانکۆی ماڵبۆرن، 2002**

The University of Melbourne

## سارتەر کێیە؟

– ناوی تەواو:   ژان پۆڵ چارلس ئەیمارد سارتەر

1905 لەدایکبووە.

1906 باوکی مردووە.

1906-1911 لەگەڵ دایکی و باپیری ژیاوە.

1917 تەمەنی دوانزەی ساڵان بووە دایکی شووی کردووە بە (ژۆزیف مانسی)و ماڵیان گواستۆتەوە بۆ (لاڕۆشێل).

1922 خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە.

1923 کورتە چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە.

1924-1929 لەزانکۆ خوێندوویەتی.

1929 لە زانکۆدا بووە بە هاوڕێی (سیمۆن دی بۆڤوار).

1929-1931 بووە بە سەرباز.

1931-1936 بووە بە مامۆستای فەلسەفەو رۆمانی (هێڵنج *Nauesa*)ی نووسیوە.

1933-1934 چۆتە بەرلین‌و لەسەر فینۆمینۆلۆجیی (ئێدمۆند هۆسرڵ)ی نووسیوە.

1936 نووسراوێکی لەسەر بابەتی ئەندێشە بڵاوکردۆتەوە.

1937 رۆمانی (هێڵنج *Nausea*)ی بڵاوکردۆتەوە.

1938 بابەتێکی لەسەر سۆز نووسیوە.

1939 کۆمەڵە چیرۆکی (دیوار)ی بڵاوکردۆتەوە.

1940 نازیەکان بە دیل گرتوویانەو لە زینداندا ئاشنایەتیی لەگەڵ فەلسەفەی (هایدیگەر)دا پەیداکردووە.

1941 لە زیندانی نازییەکان ئازادکراوەو کۆمەڵەیەکی رامیاریی لەگەڵ هەندێ لە رووناکبیران‌و نووسەرانی فەڕەنسادا دژی داگیرکەرە نازیەکان دامەزراندووە.

1943 شانۆنامەی (مێش *The Flies*)و پەرتووکی (بوون‌و نەبوون)و بابەتی رەخنەی ئەدەبی لەسەر بەرهەمەکانی (ئەلبێر کامۆ)و (بلانکۆت)و (بەتایلی) نووسیوە.

1944 دەبێتە هاوڕێی (ژان ژینێ)و گۆڤاری (سەردەمە نوێیەکان *Les Temps Modernes*)ی دەرکردووە.

1945 رۆمانی (هەرزەکاری *The Age of Reason*)ی بڵاوکردۆتەوەو وەکو نوێنەرێکی گۆڤاری (ململانێ Combat) دەچێتە ئەمریکاو لەوێ لە هەندێ زانکۆدا چەند کۆڕو سیمیناری دەبەستێ. لە فەڕەنساشدا کۆڕێ بە ناوی (بوونخوازی‌و مرۆڤایەتی) دەبەستێ.

1946 بابەتی کۆڕی لەسەر (بوونخوازی‌و مرۆڤایەتی) وەکو پەرتووک بڵاودەکاتەوەو هاوڕێیەتی لەگەڵ (ئەلبێر کامۆ)دا دەبڕێ.

1947 بەشی یەکەمی پەرتووکی (هەڵوێستەکان *Situation*)و پەرتووکێکیش لەسەر (بۆدلێر) بڵاودەکاتەوە.

1948 بەشی دووەمی (هەڵوێستەکان) بڵاودەکاتەوەو پارتێکی رامیاری بەناوی (ئەنجوومەنی خەڵکی شۆڕشگێڕان -Revolutionary Peoples Assembly –RDR) دادەمەزرێنیٚو شانۆنامەی (دەستە چەپەڵەکان Dirty Hands) دەنووسیٚ.

1949 بۆ وڵاتی (کوبا)و (گواتیمالا)و (پەنەما)و (هایتی) سەفەردەکا.

1951-1950 بەشیٚ لە نووسینێکی لەسەر (ژان ژینیٚ) لە چاپدەدا. بۆ ئەفریقا سەفەر دەکاو دژی سیاسەتی (ستالین) دەوەستێتەوە.

1955-1952 تەواوی نووسینەکەی لەسەر (ژان ژینیٚ) بڵاودەکاتەوەو (هایدیگەر) دەبینیٚو سەفەر بۆ روسیاو چین دەکا.

1956 بەهۆی پەلاماری هەنگاریا پەیوەندیی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسادا دەشێویٚ. پەرتووکیٚ بەناوی (تارمایی ستالین *Ghost of Stalin*) بڵاودەکاتەوە.

1957 پشتگیری لە گەلی جەزائیر دەکا دژی حکومەتی فەڕەنساو دەست بە نووسنیی پەرتووکیٚ دەکا لەسەر فەلسەفەی مارکس بەناوی (رەخنە لە ئاوەزی دیالیکتیکی *Critique of Dialectical Reason*).

1959-1958 دژی سیاسەتەکانی دیگۆل دەبیٚو بەشداریی خۆپیشاندانو مانگرتنەکانی ئەو سەردەمە دەکاو بەبەردەوامی بەرگری لەمافی گەلی جەزائیر دەکا.

1966-1960 پەرتووکی (رەخنە لەسەر دیالیکتیکی عەقڵ)و شانۆنامەی (ئەلتۆنا) بڵاودەکاتەوە. جارێکی دی دەچێتەوە بۆ (کوبا)و لەویٚ کاسترۆ گیڤارا دەبینیٚ. پاشان دەچیٚ بۆ یوگوسلاڤیا بۆلای مارشاڵ تیتۆ. لە زانکۆی سۆربۆن دەبیٚ بە مامۆستای وانەی شانۆ نووسین. دەچیٚ بۆ مۆسکۆو خرۆشۆف دەبینیٚو لەوێوە دەچیٚ بۆ چیکۆسلۆڤاکیاو کۆڕیٚ دژی رەگەزپەرستی دەگریٚ.

1964 بەشی 4و 5و 6ی پەرتووکی (هەڵوێستەکان) بڵاودەکاتەوە. بەشداری کۆنفرانسی (یۆنیسکۆ) دەبیٚو تیایدا قسە لەسەر کیرکیگارد دەکا. لە کۆنفرانسێکی دیکەدا بەشدار دەبیٚ، کە لەسەر بابەتی رەوشت، لەلایەن خوێندنگای گرامشییەوە لە رۆما دەبەستریٚ، تیایدا نووسینیٚ دەخوێنێتەوەو لەم ساڵەشدا خەڵاتی (نۆبڵ)ی پیٚ دەبەخشریٚ، بەڵام ئەو خەڵاتەکەی رەت دەکاتەوەو وەری ناگریٚ.

1965 لە ئەمریکا لەلایەن زانکۆی (کۆرنێل)ـەوە داوای لیٚ دەکریٚ مامۆستایی بکا لە سیمینارێکدا، بەڵام ئەم لەبەر هەڵوێستی رامیاریی خۆی، کە دژی جەنگی ئەمریکا دەبیٚ لە ڤێتنام، داوا کە رەت دەکاتەوەو بە پێچەوانەی ئەوەوە دەچێتە مۆسکۆ. لەو ساڵەدا هەڵبژاردن لە فەڕەنسا دەکریٚ، ئەو پشتگیری لە (فڕانسۆ میتران) دەکا.

1966 دەست بە نووسینیٚ دەکا لەسەر (فلۆبێر)ی رۆماننووسی بەناوبانگی فەڕەنسا. دەچیٚ بۆ یابانو کۆمەڵیٚ کۆڕو سیمینار لەویٚ دەبەستیٚ. بە هاوکاری لەگەڵ بێرتراند رەسڵ دادگاییەك دژی تاوانەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام دادەمەزرێنن.

1967 لەلایەن رۆژنامەی (الاهرام)ـەوە بۆ قاعیرە بانگهێش دەکریٚو دەچیٚ بۆ قاهیرەو لەوێوە دەچیٚ بۆ ئیسرائیل.

1968 لە فەڕەنسا بزوتنەوەی خوێندکاران سەر هەڵدەداو ئەم بەشداریی تیادا دەکاو پشتگیری رێکخراوە چەپەکانی ناو بزوتنەوەکە دەکا. هەر لەم ساڵەشدا یەکێتیی سۆڤییەت وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا داگیر دەکاو ئەم دژی ئەو داگیرکردنە دەبیٚ.

1969 دایکی دەمریٚ. دژی حکومەتی فەڕەنسا دەبیٚ، کە بڕیاری دەرکردنی ژمارەی 36 خوێندکار لە زانکۆی سۆربۆن دەدا.

1970 لەگەڵ خوێندکارێکی چەپی ماوی کە ناسراوە بە (پیتەر ڤیکتۆر) ئاشنایی پەیدادەکاو بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی رامیاریی چەپ هاوکاریی دەکا.

1971 توشی نەخۆشیی دڵ دەبێ.

1972 دوو بەش لە (هەڵوێستەکان) بڵاودەکاتەوە.

1973 نەخۆشیی بەرەو خراپیی تەندروستی دەیباو دەخرێتە نەخۆشخانەوە. لە جەنگی (یوم کیپور)دا، کە لەنێوان عەرەبو ئیسرائیلدا هەڵدەگیرسێ، ئەم پشتگیری لە ئیسرائیل دەکا.

1974 باری تەندروستیی زۆر خراپ دەبێو واز لە کاری رۆژنامەنووسی دەهێنێ. (هێربەرت مارکۆز) دەبینێ دەچێ بۆ ئەڵمانیا بۆ شاری شتۆتگارت، لەوێ لە زیندانەکەی چاوی بە (ئەندریاس بەدر)ی سەرۆکی (رێکخراوی لەشکری سوور *Red Army Faction*) دەکەوێ.

1975 زۆربەی کات لەماڵەوە خۆی بە نووسینی پەرتووکێکەوە خەریك دەکا لەسەر بابەتی رەوشت.

1976 داوا لە ئیسرائیلییەکان دەکا لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان دایەلۆگ بکەن.

1978 بۆ جاری دووەم دەچێتەوە بۆ ئیسرائیلو داوایان لێ دەکا ئاشتی لەگەڵ عەرەبدا بکەن.

1979 لە ماڵی (میشێل فۆکۆ)دا بەشداریی کۆنفرانسێ دەبێ لەسەر کێشەی جوولەکەو عەرەب.

1980 دژی یەکێتیی سۆڤییەت دەبێ لە داگیرکردنی ئەفغانستان.

لە 20 ی مارتی ئەو ساڵەدا سییەکانی نەخۆش دەکەونو بێهۆش دەبێو دوای دوو رۆژ دەمرێ. لە 19ی نیسان لە گۆڕستانێکی ناو شاری پاریسدا دەنێژرێ.

## بەشی یەکەم

### بنەڕەت و سەرچاوەکانی بیروباوەڕی سارتەر

کەم بیریار وەکو (ژان پۆڵ سارتەر) توانیوێتی بیروباوەڕەکانی خۆی سەرکەوتووانە لە شێوازی فەلسەفی و وێژەییدا دەربڕیّ و لەهەردوو شێوازەکەدا بەرهەمی شاکاریی هەبیّ. ئەم بیریارە لە ساڵەکانی 1930 ـەوە خۆی بەنووسینەوە خەریککردووەو لە جیهانی فەلسەفەو وێژەدا جێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی داگیرکردووە. لەسەرەتاوە، وەکو خوێندکارێکی فەلسەفە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی رینیّ دێکارت (1650-1596) و سوودی لە بۆچوونە نوێیەکانی وەرگرتووە. ئێدمۆند هۆسڕڵ (1938-1859) و مارتن هایدیگەر (1976-1889) و فەلسەفەی مارکس–یش بوونەتە سەرچاوەو هاندەر بۆ پێشخستنی فەلسەفە بوونخوازییەکەی.
مەبەستمان لە کارتێکردنی بیروباوەڕی فەیلەسووفیی ئەم فەیلەسووفانە لەسەر بۆچوونی سارتەر شوێنکەوتنی کوێرانەو لاساییکردنەوەیان نیە، سارتەر خاوەنی دەنگی خۆیەتی و ڕەسەنێتیی خۆی وننەکردووە. بۆ نمونە، سارتەر سوودی لەفەلسەفەی رینیّ دێکارت وەرگرتووە، بەڵام وەکو ئەم فەیلەسووفە، ئایدیالیستانە (کۆجیتۆ)کەی بەکارنەهێناوەو لەسەر زەمینەی بوونخوازی رایگرتووە. سارتەر لەڕێگەی "رایموند ئارۆن"ی هاوڕێیەوە هۆسرل و ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجیی ناسیوە.[1] رایموند ئارۆن لە ساڵی 1928 دەچێتە ئەڵمانیاو لە زانکۆی فرایبۆگ، لای هۆسرل و هایدیگەر فینۆمینۆلۆجی دەخوێنیّ. لە گەڕانەوەیدا بۆ پاریس میوانی سارتەرو سیمۆن دی بۆڤوار دەبیّ و باسی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجی بۆ سارتەر دەکا. هەر ئەو ڕۆژە سارتەر دەچێتە بازاڕو پەرتووکەکەی لێڤیناس لەسەر فینۆمینۆلۆجی دەکڕیّ و بڕیاریش دەدا بۆ یەك ساڵ خوێندن و نووسین لەسەر باسەکەی بچێتە ئەلمانیا.[2]
لێڤیناس (1995-1906) یەکێکە لە فەیلەسووفە فینۆمینۆلۆجیستەکانی فەڕەنسا. لە شاری کەوناس، کە ئێستا دەکەوێتە لیسەڤینیا، لە بنەچەیەکی جوو لە دایکبووە. پاش خوێندنی ئەدەبی ڕووسی، بۆ خوێندنی فەلسەفە دەچێتە پاریس و لەگەڵ سارتەردا ئامادەی لێکچەرەکانی (وانەکانی) ئەلیکسەندەر کۆژیف و لیۆن برونشڤیك دەبیّ. ئەم زانایە لەساڵی 1928دا دەچێتە ئەڵمانیاو لە زانکۆی فرایبۆڤ دەبیّ بە شاگردی هۆسڕڵ و هایدیگەرو لە ساڵی 1929 بڕوانامەی دکتۆراکەی لەسەر فینۆمینۆلۆجی هۆسڕڵ تەواودەکا.
لە ساڵی 1933، پاش ئەوەی هۆسڕڵ خانەنشین دەکریّ، سارتەر بۆ ساڵیّ دەچێتە ئەڵمانیاو لە بەرلین خۆی بە فینۆمینۆلۆجییەوە خەریکدەکا. لەو ساڵەدا دوو نووسراو لەسەر ئەم ڕێچکە فەلسەفییە دێنێتە بەرهەم، یەکەمیان نووسراوێکە، کە لە ساڵی 1979 دا بەزمانی ئینگلیزی لە گۆڤارێکدا بلاْوکرایەوە. نووسراوی دووەمیان، لە ساڵی 1937دا بەناوی منی بالاْ *the Transcendence of the ego* لەچاپدراوە.[3] بەلاْم سارتەر لە ئەڵمانیا هایدیگەری نەدەناسی و فەلسەفەکەشی نەخوێندبووەوە. ڕۆژی 21ی مایس، ساڵی 194.، ڕۆژی یادەوەریی لەدایکبوونی، سارتەر لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە بە دیل دەگیریّ و لە نزیك شاری تریەر (Trier) لە ئۆردوگایەکدا دادەنریّ. رۆژانە چەند کەشیشیّ دەچوونە ناو دیلەکانەوەو لەگەڵ سارتەردا ئاشنا دەبن و مشتومڕیان لەسەر فەلسەفە کردووە. یەکیّ لەم

کەشیشانە، بە دزییەوە پەرتووکەکەی مارتن هایدیگەر (بوون‌و کات) *Sein und Zeit* (1927) دەگەیەنێتە سارتەرو ئەویش پاش خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە، دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هایدیگەرەوە.[4] لە ساڵی1945، سارتەر پەرتووکەکەی (بوون و نەبوون) *Being and Nothingness* بەدیاری بۆ هایدیگەر دەنێریٚ‌و هایدیگەریش نامەی پیرۆزبایی بۆ رەوانەدەکا. لە ساڵی 1952، سارتەر، بۆ بینینی هایدیگەر، دەچێتە ئەڵمانیاو دەبیٚ بە میوانی هایدیگەر. بەڵام هایدیگەر، پێش ئەم چاوپێکەوتنە، لەساڵی 1947 دا، لە نووسراوێکیدا ڕەخنەی لە سارتەر گرتووەو لەو باوەڕەدایە، سارتەر خۆی لە زەلکاوی میتافیزیك رزگار نەکردووەو (کۆجیتۆ) کەشی لەناو فۆرمە ئایدیالیستەکەدا ماوەتەوە.[5] پێشتر ئامارژەمانکرد، کە فەلسەفەی دێکارت یەکێکە لە سەرچاوەکانی بیروباوەڕی سارتەر. "هۆسڕل"یش یەکێکە لەشوێنکەوتووەکانی دێکارت‌و لە روانگەی بۆچوونەکانی دێکارتەوە ڕێچکە فینۆمینۆلۆجییەکەی دامەزراندووە. وەکو دەزانین، دێکارت پێشەوای فەلسەفەی نوێیەو ڕێبازی نەریتی "ئەریستۆ"ی ڕەتداوەتەوەو "خۆ"(زات)ی کردووە بە خاڵی دەستپێکردنی گەشتەکەی. بۆ دێکارت، ئەگەر سەرەتایەکی لە گومان بەدەر هەبیٚ، ئەوا سەرەتایە، ئەو ڕاستەقینەیەیە، کە (من هەم) بوونی (من) وەکو "خۆ"(زات)ی لە هەموو ڕاستەقینەکانی دیکە چەسپاوترو پێویستترەو کێشەیەکە، کە پێویستی بە سەلماندنی بوونی نیە. دەشیٚ (من) گومان لە بوونی خواو جیهانی دەرەکی، یا کەسانی دیکە بکەم. بەڵام گومان لە بوونی خۆم ناکەم. گومانکردن لە بوونی خۆم بوونی (من) بە پێشمەرج دادەنیٚ‌و دەبیٚ (من) هەبم تاکو گومان لە بوونم بکەم. بەمشێوەیە، کێشەی (من هەم) ڕاستەقینەیەکی لە گومان بەدەرە.

"وابیردەکەمەوە، کە هیچ شتیٚ وجودی نیە – نەئاسمان، نەزەمین، نەهۆش، نەلەش. ئەی باشە من چیم؟ ئایا منیش وەکو ئەمان وجودم نیە؟ چۆن بیر لە بوونی خۆم بکەمەوە ئەوا پێویستە من هەبم. چ هێزیٚ دەتوانیٚ هەڵمبخەڵەتێنیٚ‌و بمخاتە سەر ڕێگەی گومانکردن لە بوونی خۆم؟ هەرچۆن ئەو هێزە هەڵمبخەڵەتێنیٚ ناتوانیٚ بمگەیەنێتە ئەو باوەڕەی من نیم. کەوابوو (من هەم)، ئەمەش ڕاستەقینەیەکی پێویستە."[6]

ئەم دەستپێکردنە لەبەر دوو هۆکار هەنگاوێکی نویٚ‌و رادیکالییە.

لەلایەکەوە، زەمینە نەریتییەکەی (ئەرستۆ)ی ڕەتداوەتەوەو سەرەتایەکی نوێی پێناساندووین. لەلایەکی دیکەوە، کێشەی (من هەم) دەبیٚ بە ڕاستەقینەیەکی ئۆنتۆلۆجی، نەك ئەپستمۆلۆجی. بەڵام دێکارت، وەکو ئایدیالیستی نەیتوانیوە بە یەکجاری زەمینە نەریتییە ئەرستۆییەکە ڕەتبکاتەوە. لەبەرئەمە، تووشی سیٚ هەڵەی فەلسەفییانە بووە:

یەکەم: (من هەم) کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجییەو لە "بوون"ـەوە سەرهەڵدەدا، هەتاکو (من) نەبم، ئەوا ناتوانم گومان لە بابەتەکانی دەوروبەرم بکەم، یا بیربکەمەوە. بەڵام دێکارت لەئاکامدا ئەم کێشە ئۆنتۆلۆجییەی کردووە بە پاشکۆی بیرکردنەوەو دەڵیٚ "من بیردەکەمەوە، کەوا بوو من هەم. بێگومان من هەم، بەڵام هەتاکەی؟ هەتا بیردەکەمەوە *Cogito*، منیش هەم. کە لەبیرکردنەوە وەستام، منیش نابم. من بوونەوەرێکم، کە بیردەکەمەوە، من هۆشم، گیانم، ئاگامەندیم، کە لەمەوپێش نەمدەزانی من بوونەوەرێکی ڕاستەقینەم. بەڵام چۆن بوونەوەریٚ؟ بوونەوەریٚ، کە بیردەکاتەوە *Cogitans*."[7]

دووەم: "من" بۆ دێکارت ناوەڕۆکێکی گیانەکی‌و سەرەبەخۆییە. بوونی بە لەشەوە نەبەستراوەو لە ئەستوو "ماددە" بەدەرەو پاش تێکچوون‌و شەکەتبوونی لەش، وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەم توێژینەوەیەش چی لە توێژینەوەکانی (ئەریستۆ) و زانایانی پاش ئەریستۆ، کەم‌و زیاد نیەو، بگرە دێکارت وەکو ئەریستۆ بۆ مەسەلەکە چووە.

سێیەم: کاتیگۆرییەکانی دێکارت لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا لە ئەریستۆوە وەرگیراون‌و بۆ بوونی مرۆڤ بەکارهێنراون. ئەمەش لەبەرئەوە ناڕەوایە، چونکە بوونی مرۆڤ خسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە کاتیگۆرییەکانی ئەریستۆی بەسەردا ساغ نابێتەوە. کاتیگۆرییەکانی ئەریستۆ جیاوازییان لەنێوان بوونی مرۆڤ‌و بابەتەکانی دیکەدا دانەناوەو هەمان کاتیگۆری لە لۆژیکەکەیدا بەسەر هەموو جۆرە بوونەوەرێکدا سەپێنراوان.

هایدیگەرو سارتەر لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی دێکارت دا ناڕازین‌و وەکو ئەو بوونی مرۆڤ ناگەڕێننەوە بۆ ناوەڕۆکێکی چەسپاوو نەگۆڕو بە "شت"ی دانانێن. کۆجیتۆکەشی دەخەنەوە سەر بنچینە ئۆنتۆلۆجییەکەی‌و بیرکردنەوە "ئەپستمۆلۆجی" بە پاشکۆی "بوون"، یان ئۆنتۆلۆجی دادەنێن. لە بری کاتیگۆرییەکانی ئەریستۆش، دەستەیەك زاراوەی تایبەتیمان بۆ دەخەنە پێش، تاکو لەڕێگەیانەوە وەسفی بوونی مرۆڤ بکەین‌و لە خسڵەتە تایبەتییەکانی بگەین.

گەڕان بەشوێن سەرەتایەکی لە گومانبەدەر لە فەلسەفەی دێکارتدا زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجی خۆشکردووە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگەو بە پێویستی دەزانم خوێنەر بزانێ ئەوەیە، کە هۆسرڵ لە گومانەوە گەشتەکەی ناخاتەڕێ. هەنگاوی یەکەمی ڕێچکەی هەڵوێستی سروشتییانە (Natural Attitude)، یان "خستنە ناو کەوانە" خۆ ڕزگارکردنە لە کارتێکردنی هەموو پێشبیرو پێش بڕیارێ لەئاستی تێگەیشتنی بابەتێ.

هۆسرڵ دەخوازێ ڕاستەوخۆ سەودا لەگەڵ بابەتی بیرکردنەوە، یا لێکۆڵینەوە بکاو بابەتیش بەو شێوەیەی خۆی دەردەخا، ئاگامەندی بیناسێ‌و ناوەڕۆکی خسڵەتەکانی بخوێنێتەوە.[8] خستنە ناو کەوانەوە، ئەوە ناگەیەنێ، کە ئاگامەندی گومان لە بوونی بابەت دەکا. ڕارەوی گومانکاریی دێکارت -هەرچەندە کاتییە- لەلایەن "هۆسرڵ"ـەوە پەیڕەونەکراوە. گرفتی زانین بۆ هۆسرڵ لەوەدانیە، کە ئاگامەندی لە گوماندا دەژی‌و دەبێ خۆی لە گومانکاری ڕزگاربکا، بەڵکو لەوێدا سەرهەڵدەدا، کە ئاگامەندی لە چ ڕێگەیەکەوە خۆی دەگەیەنێتە بابەت‌و ناوەڕۆکی کەشفدەکا. بۆ هەڵسوڕانی ئەم کارە، بەدیدی هۆسرڵ، ئاگامەندی دەبێ ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ بابەتدا بکاو بێلایەن بێ (پێشتر و پێشبیریاری لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێ). پێویستە ئاگامەندی دەرگاکانی کارتێکردنی دەرەکی لەسەر خۆی دابخا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە لە بەهای پێشبیرو پێشبڕیارەکانی کەمدەکەینەوە، یان بەئاوەزانیان دانانێن. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە، کە بابەتەکە بەوشێوەیەی خۆی خۆی دەردەخات، بکەوێتە بەر ڕۆشنایی "حەدەس"مانەوە.[9]

هۆکاری نزیکبوونەوەی سارتەر لە ڕێچکەی فینۆمینۆلۆجییەوە وابەستە بە خسڵەتی ڕێچکەکەوە، وەکو خۆی دەڵێ: "فینۆمینۆلۆجی دەتوانێ بوونی ئەم پەرداخە شەرابەی سەر مێزەکەم بکاتە کێشەیەکی فەلسەفی.[10] مەبەستی ئەوەیە، کە فینۆمینۆلۆجی فەلسەفە دەخاتە ناو خولگەی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەوەو بە داکەوتەوە گرێبەندی دەکا، لەهەمانکاتدا، فەلسەفە دەخاتەوە سەر زەمینەی داکەوتی‌و ئەزموونگەری‌و دیاردەگەری‌و دەمانگەیەنێتە دورگەی ریالیستانە، کە بوونی جیهانی دەرەکی لەوە زیاتر نابێ بە گرفت‌و سەلماندنیشی نابێ بە زەرورە. بەدیدی هۆسرڵ، ئاگامەندی‌و بابەت دابڕنابن‌و دەبێ تەواوکەری یەکدی بن. ئەگەر ئاگامەندی هەبێ، ئەوا ئاگامەندییە لە بابەتێکەوە. بەبێ بابەت ئاگامەندی بوونی نیە. ئەمەش لەخۆیدا سەلماندنێکی ئۆنتۆلۆجیی بوونی جیهانی دەرەکیی هۆشە، کە لەپاشاندا لەچەند شوێنێکدا ئاماژەی دەکەین‌و زیاتر لەسەری دەڕۆین.

نووسراوەکەی سارتەر لەسەر هۆسرڵ "بڵندایی خۆ" (*The Transcendence of the Ego*) لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە، ڕەفزی تویژینەوە ئایدیالیستییەکەی هۆسرڵ لەسەر بوونی "خۆ"(زات) دەکا. هۆسرل ئاگامەندیی گەڕاندۆتەوە سەر "شت"ێ، کە ناوی دەنێ "زاتی بڵند" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە هۆسرڵ، وەکو دێکارت، ئاگامەندی‌و بابەتی ئاگامەندی بەدوو "شت" (Thing) دەزانێ‌و ئەم دوو "شت"ـەش مامەڵە لەگەڵ یەکیدا دەکەن‌و بەرامبەر یەکدی دەوەستن، لەبەرئەوەی ئاگامەندی (ڕوو–لەدەر)ـە، تیشك دەخاتە سەر بابەتەکەو هەوڵی ناسینی دەدا. بێگومان توێژینەوەکەی هۆسرڵ ئایدیالیستییانەیە، بەڵام دێکارتییانە نیە. هۆسرڵ لەژێر کارتێکردنی "کانت"دا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی بوونێکی تایبەتی بە "خۆی بڵند" بدا، تەنانەت زاراوەی "بڵند" (Transcendental) لە "کانت"ـەوە وەرگیراوەو بەکارهێنراوە. "خۆی بڵند" بۆ "کانت"یش پرنسیپاڵێکی فۆرمەلیستە، کە چالاکییەکان‌و ئەزموونەکانی ئاگامەندیی لێوەدەردەچن‌و کۆدەبنەوە. پرنسیپاڵێکە، بۆتە بنەمای یەکبوونی ئەم ئەزموونانە. بەبێ ئەم

"خۆ" ئەزموونە ئاگامەندییەکان ڕووناده‌ن‌و کەچی ئەو خۆیە خۆی ناکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئەزموونەکان‌و ئاگامەندی نایدۆزێتەوە. تاکو باشتر لەواتای "خۆی بڵند" بگەین، توێژینەوەکەی کانت لەسەر کات‌و شوێن باس دەکەم.
ئاشکرایە، ئەزموونەکانی مرۆڤ لەناو کات‌و شوێندا پەیدا دەبن "کە پەرتووەکەکانی سەر مێزەکەی بەردەمم دەبینم، یا لە پەنجەرەکەمەوە دەڕوانمە دەرێ‌و خەڵکی سەر شەقامەکە دەبینم، ئەوا ئەم ئەزموونانەم وابەستن بە کات‌و شوێنی تایبەتی خۆیانەوەو بەبێ ئەم دوو فۆرمە ڕوونادەن. کەسێ ئەزموونێکی نەبووە، کە لەکاتێکی دیاریکراوو شوێنێکدا ئەو ئەزموونە ڕووی نەدابێ، بەڵام ئەزموونەکانمان 'کات‌و شوێن'مان پێ ناناسێنن. کات‌و شوێن دوو پێشمەرجی پێویستن بۆ ئەزموونەکان، بەڵام خۆیان ناکەونە بەر تیشکی ئەزموونەکانەوە.[11] بەمشێوەیە، کانت گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی، کە کات‌و شوێن دوو فۆرمی بڵندن‌و لەسەرووی ئەزموونەکانەوەن. "هۆسرل"یش، بەهەمانشێوە، باوەڕ بە بڵندیی "خۆ" دەهێنێ.
سارتەر لەگەڵ کانت‌و هۆسرل هاوڕانیەو بۆچوونەکانیان ڕەتدەکاتەوە. ئەم وەکو ئەم دوو زانایە، "خۆ" بە "بابەت"، یا "شت" دانانێ. ئەگەر "خۆ" بابەت بێ، ئەوا دەبێ بەو ناوەڕۆکە گیانەکییەی کە دێکارت زەقیکردۆتەوە. ئەمەش هەڵوێستێکی ئایدیالیستانەیەو ئاکامی نەرێی هەیە، کە لەپاشاندا باسی دەکەین.[12]
نایەکچو (contrast)ی ئەمە، ئاگامەندیی جووڵان‌و هەڵچوونێکی ژوورکێش‌و گۆڕانکارییەکی بەردەوامە، کە وەکو بابەت، بۆ نمونە "مێزەکە خسڵەتی درێژی‌و پانی‌و ڕەنگ‌و...هتد نیەو ئەو کاتیگۆرییانەی بەسەر مێزەکەدا ساخدەبنەوە، بەسەر ئەمدا ناسەپێنرێن. ئاگامەندی خسڵەتی نەگۆڕی نیە. واتە خسڵەتێ، کە نەگۆڕبێ، کە ئاگامەندیی تا ئەو ساتەی چرای ژیانی دەکوژێتەوە لە گۆڕان ناکەوێ. ئاگامەندی شتێ نیە هەبێ. بوونی لەوەدایە، کە هێشتا نەبووە. وەك بڵێی هەیەو نیە. بوونی لە نەبوونیداو نەبوونیی لەبووندایە.
لەشوێنێکی دیکەدا، سارتەر دەڵێ، کە هۆسرل بابەتەکانی ڕامالیوەتە سەر دیاردە هەستپێکراوەکان‌و فینۆمینۆلۆجیی کردووە بە فینۆمینالیزم (Phenomenalism).[13] سارتەر لەو باوەڕەشدایە، کە دیاردەکان بە تەواوی، یا هەموویان خۆیان بۆ "حەدەس" دەرناخەن‌و ئاگامەندیش لەیەك ئەزموندا بڕستی ئەوەی نیە هەموو دیاردەکان دەرك بکا. هەروەها، هەندێ دیاردە توانای خۆشاردنەوەیان هەیە، هەتا خۆیان دەرنەخەن، ئەوا تیشکی ئاگامەندییان ناگاتە سەرو بە شاراوەیی دەمێننەوە. باشترین نمونەش، هەست (شعور)و نەست (لاشعور)ی مرۆڤە. من چۆن بزانم هاوڕێیەکم حەز بەسەرکەوتنی من ناکا ئەگەر ئەو هەستەی بۆ من دەرنەبڕیبێ‌و وەکو دیاردەیەك لەبەردەممدا نەیخاتە ڕوو؟
هەروەها، ئاگامەندی بەبێ بابەت نیە. هەر ئاگامەندییەك ئاگامەندییە لە بابەتێکەوە. ئایا ئەم کێشەیە تاکو چ رادەیەك دروستە؟ ئەگەر ئاگامەندی بەم شێوەیە ڕوو-لەدەر (Reflective) بێ، من چۆن دەزانم کە وەکو ئاگامەندی هەم؟ ئایا ئاگامەندی ڕوو لە خۆی دەکا؟ ئایا خۆی دەکا بە بابەتی ئاگامەندی؟
سارتەر لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە، کە گۆڕانکارییەکی گەورەی لە کۆجیتۆ بوونخوازییەکەدا پەیداکردووەو لە پاشاندا بە درێژی باسی دەکەین.
فەلسەفەی هایدیگەر سەرچاوەیەکی دیکەی بیروباوەڕی سارتەرە. توێژینەوەی هایدیگەر لەسەر بوونی مرۆڤ (دەزاین-Dasin) ئاسۆی بوونخوازی سارتەری فراوانتر کردووە.[14] هەڵبژاردنی زاراوەی دەزاین مەبەستی فەلسەفییانەی تێدایەو واتایەکی ئۆنتۆلۆجییانەش بە بوونی مرۆڤ دەداو مرۆڤ دەکا بە بوونەوەرێکی جیهانی‌و مێژوویی، نەك ناوەڕۆکێکی گیانەکی، یا خۆیەکی بڵند.
حەزدەکەم ئاماژەی ئەو خاڵە بکەم، کە پرۆژەکەی هایدیگەر لە پەرتوکە مەزنەکەیدا *Sein und Zeit* بوونی مرۆڤ نیە. ئەو دەیەوێ "ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی" دابمەزرێنێ‌و بە شوێن واتای "بوون"دا وێڵە، کە فەلسەفەی ڕۆژئاوا لە سەردەمی ئەریسۆوە فەرامۆشی کردوە.[15] بۆ گەڕان بەشوێن واتای بووندا، هایدیگەر ویستویەتی بە سەرەتایەك بۆ گەشتەکەی هەبووە، کە لە هەموو سەرەتاکانی دیکە لەپێشترەو دەخوازێ لە بوونەوەرێکەوە قوڵی لێهەڵکا، لە هەموو

بوونەوەرەکانی دی، بەتایبەتی لە رووی ئۆنتۆلۆجییەوە لەپێشترە. بوونەوەرێکە، پرسیار لە واتای "بوون" بەگشتیو واتای بوونی خۆی دەکا؟ ئەمجۆرە بوونەوەرە لە پێشتر بوونی مرۆڤە. ئەم بوونەش ناوەڕۆکێکی گیانەکیی نیەو هەرچی ناوەڕۆکێکیشی هەبێ، ئەوا لە بوونیدایەو پاشکۆی ئەوە.

رووداوە رامیارییەکانی ناو جەنگی جیهانیی دووەم (وەك، سەرهەڵدانی نازیزمو فاشیزم)، رێکەوتنی ستالین لەگەڵ هیتلەرو چەند رووداوێکی دیکەش، لە پێشخستنی فەلسەفە بوونخوازییەکەی سارتەردا، هۆکاری گرنگ بوون. لەناو بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو سەردەمەدا، ئەم زانایە لە هیگڵو مارکس نزیکبووەوە. سارتەر دەیگێڕێتەوە، لە زانکۆکانی فەرەنسا بایەخ بە هیگڵو مارکس نەدەدرا. تەنانەت یەکێ لە مامۆستاکانی سارتەر گوتویەتی "هەتا من مامۆستا بم، رێگەنادەم کەس باسی هیگڵ بکا."[16] ئەم هەڵوێستە نەرێیەی زانکۆکانی فەرەنساو کارتێکردنی دوو هاوڕێ "پۆڵ نیزان"و "میرلۆپۆنتی"ی سارتەریان بەلای پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسادا راکێشاوە. لەوکاتەوە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی بە رێگەی مارکسیزمدا دەبێ فەلسەفە بوونخوازییەکەی بە داکەوتو رووداوەکانی مێژووەوە ببەستێتەوە. پێشنیازی ئەوە دەکا، کە فەلسەفە ببێتە هێزێکی پاڵپێوەنەری مێژوو، مارکس گوتەنی داکەوت (واقع) بگۆڕێ. داکەوتیش وەکو جیهانە ئایدیالەکەی ئەفلاتون ستاتیك نیە، بەڵکو زنجیرەیەك رووداوی بەیەکەوە بەستراون لەسەر پلاتفۆرمێکی کۆنکریتیدا خۆ (زات) دەیانخوڵقێنێ. بەدیدی سارتەرو بەگوێرەی فەلسەفە بوونخوازییەکەی، مرۆڤ لێپرسراوەو دەبێ بەرگری لە ئازادی بکا. بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژە فەلسەفییە، بوونخوازی پەنادەباتە بەر مارکسیزمو کەڵکی لێوەردەگرێو داوا لە مارکسیەکانیش دەکا لە ڕوانگەیەکی زانستیو دۆگماوە نەڕواننە بوونی مرۆڤ، چونکە بوونی مرۆڤ وەکو بوونی مێزەکەی بەردەستم لەبەر رۆشنایی یاساکانی سروشتدا ناناسرێ. بە دیدی سارتەر، ئەگەر مارکسیەکان ئەم کێشە بوونخوازییە بە ماقوڵ دابنێن، کە ئاگامەندی لە هەڵسوڕانی گۆڕانکارییەکانی جیهانی دەرەوەدا، ڕۆڵێکی تەوەری هەیە، ئەوا فەلسەفەی بوونخوازیی‌و مارکسیزم دەبنە تەواوکەری یەکدی. سارتەر لە ساڵی 1952ـەوە لە گۆڤارەکەیدا "سەردەمە نوێیەکان" (*Les Temps Modernes*) کۆمەڵێ نووسراوی لەسەر مارکسیزم بلاوکردۆتەوە. لە ساڵی 1964 پەڕتوکێکی بەناوی "کۆمۆنیستەکانو ئاشتی" (*The Communists and Peace*)و دوای ئەمەش دوو پەڕتووکی بەناوی "گەڕان بەدوای ڕێبازێکدا (*Search for a Method*)و رەخنە لە عەقڵی دیالیکتیکی (*Critique of Dialectical Reason*) بە چاپ گەیاند. هەرچەندە بۆچوونەکانی سارتەر لەسەر فەلسەفەی مارکسی گۆڕانی بەسەردا نەهات، بەڵام چەند رووداوێك، وەك: رێکەوتنی ستالین لەگەڵ هیتلەرو داگیرکردنی هەنگاریا لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوەو ئاشکرابوونی زیندانەکانی سایبیریا بوونە هۆی دوورخستنەوەی سارتەر لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنساوە.

## بەشی دووەم

## ئۆنتۆلۆجی و فینۆمینۆلۆجی بوونخوازی

### 1. بوون و دیاردەکان

توێژینەوە ئایدیالیستەکەی ئەفلاتون (428-347 پ. ز) لە روانگەی دوالیستی (دووبنەماگەری)ـەوە، بوونی کرد بە دوو بەشەوەو هەر بەشەی لەوی دی دابڕان. لەلایەکەوە باوەڕ بە دەستەیەك فۆرمی هەمەکی و ئایدیالی دەهێنێ، کە دەکەونە جیهانێکی بەرزو ئایدیال و لە ئەستوو (مادە) بەدەرەوە. لەلایەکی دیکەوە، بابەتە هەندەکییەکان بە بوونی مرۆڤەوە، وەکو (من، تۆ، ئەم مێزە، ئەم درەختە، ئەم ئەسپە...هتد) بە کۆپی و ساختەی ئەو فۆرمە هەمەکییانە داناوە.[1] بە حوکمی ئەوەی فۆرمە هەمەکییەکان لە ئەستوو (مادە) بەدەرن، ئەوا نەگۆڕو تەواو کۆن و مەودای زانینی هەموو مرۆڤێکیان ناگاتێ و تەنیا فەیلەسووفەکان پەی بۆ ئەم فۆرمانە دەبەن.[2] بوونی هەمەتەواوو بە دیدی ئەفلاتون گۆڕانی تێدا ڕوونادا. ئەگەر هات و گۆڕانی بەسەرداهات، ئەوا ئەو بوونە لەگەڵ هەمەتەواویدا ناڕێك و دژوارە.[3] وەکو ئاماژەمان کرد، هەموو کەسێ ناتوانێ خۆی لە قەرەی ناسینی فۆرمە هەمەکییەکان بدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئەفلاتون لە دیالۆگی کۆماردا، نمونەی کەسانی ناو ئەشکەوتەکەی بۆ داناوین. گریمان چەند کەسێ هەمیشە بە بەندکراوەیی لە ئەشکەوتێکدا ژیاون و تەنانەت ئەوەندە ڕێگەیان پێنەدراوە ئاوڕ لە دواوە بەرەو دەروازەی ئەشکەوتەکە بدەنەوە تا ڕۆشنایییەکی دەرەوە ببینن. ئەوەی ئەم کەسانە دەیبینن، سێبەری ئەو بابەتە جوڵاوانەی ئەو خەڵکەن بە بەردەم ئەو کەسانەی ناو ئەشکەوتەکە. ئەمان ئەو سێبەرانە بە ڕاستەقینەیی دەزانن، چونکە دەرەوەو بابەتەکانی دەرەوەی ئەشکەوتەکەیان نەدیوە. ئەگەر کەسێ ئازاد بکەین و بچێتە دەرەوەو ڕۆشنایی و بابەتەکانی دەرەوەی ئەشکەوتەکە ببینێ، ئەوا بۆی ڕووندەبێتەوە، کە سێبەرەکان ساختەبوون و کۆپیی ئەو بابەتە ڕاستەقینانەی دەرەوەی ئەشکەوتەکەن. بە دیدی ئەفلاتون، ئەو کەسەی ئازادەو ڕاستییەکان دەدۆزێتەوە فەیلەسووفە.

سەلماندنی بوونی جیهانێکی ئایدیالی بەرزو تەواوکۆ، بۆ ئەریستۆ، ئاسان نەبوو. لەبەرئەمە، پاش ئەوەی بیست ساڵ شاگردی ئەفلاتون بوو، وازی لە بیروباوەڕی مامۆستاکەی هێناو ئەو دوو شێوە جیاوازەی "بوون"ی پێکەوە گرێبەندکرد.[4] هەڵوێستی ئەریستۆ لێرەدا ڕەفزکردنی بنەڕەتی و میتافیزیکییانەی ڕاڕەوی دوالیستی نیە. بۆ ئەم زانایە، هەندەکی و هەمەکی وابەستی زەرورییان هەیە. ئەم زەرورەتەش لۆجیکمەندانەیە بوونی هەردووکیان بە یەکدییەوە دەبەستێتەوە. پەیوەندیی زەروری بۆ ئەفلاتون یەکلایی بووە. بابەتێکی هەندەکی (وەکو ئەم مێزە) ناتوانێ بەبێ فۆرمە هەمەکییەکەی لە جیهانی ئایدیالدا هەبێ، بەڵام فۆرمە هەمەکییەکە بۆ بوونی، پێویستی بە بابەتە هەندەکییەکە نیە.[5] ئەریستۆ بەپێچەوانەی بۆچوونی "ئەفلاتون"ـەوە، پەیوەندییەکە لە هەردوو سەرەوە بەزەرورەت دادەنێ. فۆرمی مێز، یا ئایدیای مێز، بەبێ بوونی مێزێکی هەندەکی نابێ و بە پێچەوانەشەوە دروستە. یا ئەگەر بمانەوێ ڕەنگی سوور ببینین، ئەوا دەبێ بابەتی سوور بدۆزینەوە، ئەگینا ڕەنگی سوور بەبێ بابەتێکی سوور نیەو هیچ بابەتێکیش بەبێ ئەو فۆرمە هەمەکییانە نابێ. ئەم فۆرمانەش هەمەکین، چونکە خسڵەتی هەمەکی لەیەك بابەتدا

نیەو لەزۆر بابەتدا هەیە.[6] ڕەنگی سوور لەئالآی ولآتێکی کۆمۆنیستیدا، لە کراسێکدا، لە خوێندا، لە گوڵدا، لە زۆر شتی دیکەشدا دەدۆزیتەوە.

هەرچەند دێکارت لە کۆجیتۆکەیدا، لەم فەلسەفە کلاسیکییە یاخیبووە، بەلآم سیستەمە میتافیزیکییەکەی جارێکی دیکە لەسەر دوالیزمی (دووبنەماگەری)ی ئایدیالیستانە هەڵبەستووە. پاش دێکارت، کانت، بە ئاشکراتر، دوو بەشی بوونی لەیەکدی جیاکردۆتەوەو ئەگەر ئەفلآتون دەستەلآتی زانینی بۆ دۆزینەوەی جیهانی بەرز دابێتە فەیلەسووفەکان، ئەوا کانت ئەم دەستەلآتەشی لە مرۆڤ سەندۆدتەوەو جیهانی نومینا (*Noumena*)ی بە هەرگیز نەزانراو دانا.[7]

سەرەنجامی باس لەو خاڵەدا کۆدەبێتەوە، کە لە فەلسەفەی ئایدیالیستی، لە "ئەفلاتون"ـەوە تا سەردەمی تازەگەریو ڕۆشنگەریش، ڕاستەقینەییەکی شاراوەو نادیاری لەودیو دیاردەکانەوە داناوەو شوورەیەکی بە چواردەوری ئەم ڕاستەقینەییەشدا بەرزکردۆتەوەو ڕووبەستی کردووە. هەندێ لە فەیلەسووفە ئایدیالیستەکان باوەڕیان بە پەڕینەوەی زانینی مرۆڤ بەرەو ئەو کیشوەرە شاراوەیە هێناوەو هەندێکی دیکەیان ئەوەیان بە مەحاڵ زانیوە. شاردنەوەو هەرگیز نەزانینی جیهانی نۆمینا گرفتێکی فەلسەفییانە بوو، کە سەری هەموو فەیلەسووفەکانی پاش "کانت"ی گەرمکردووە. هەرەیکێ لەمان، بە گوێرەی بۆچوونی خۆی چارەی بۆ داناوە. فیختە (1762-1814)و هیگڵ (1770–1831) قوربانییان بە بابەت داوەو بابەتگەریو ڕاستەقینەییان گەڕاندۆتەوە بۆ خۆو خۆپێزی ئەمەش بووە هۆی ژیانەوەی فەلسەفەی ئایدیالیستی بەناوی "مۆنیزم"ـەوەو ڕەفزی ڕاستەقینەیی بوونی دەرەکیو بوونی ماتریالیی کرد.

ئۆنتۆلۆجی سارتەر، بەپێچەوانەی فێرگە دووبنەماگەرییەکەی ئەفلاتونو ئەریستۆو دێکارتو "کانت"ـەوەو مۆنیزمەکەی فیختەو هیگڵ، هیچ لایەنێ، نە خۆ (ئاگامەندی)و نە بابەت ناکاتە قوربانیی لایەنەکەی دیکە، هەردووکیان دەگەڕێنێتەوە بۆ یەکجۆر ڕاستەقینە، ئەو ڕاستەقینەییەی، کە بەبەردەوامی خۆی دەردەخاو دەبێ بەدیاردە. لەبەر ئەمە ئۆنتۆلۆجی سارتەر مۆنیزمییە، چونکە دیاردەگەرییە، یا مۆنیزمییەکی دیاردەگەرییە. ئەوەی هەیە دیاردەیە. دیاردەش دەردەکەوێو دەرناکەوێ. دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئاگامەندیو هەندێجاریش خۆی دەشارێتەوە. دیاردەش هەیە، کە ئاگامەندی نایاندۆزێتەوە، بەلآم شتێکن هێشتا نایاندۆزێتەوە. بۆ نمونە، من دیوی ئەودیوی مانگ نابینم، بەلآم ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە دیوی ئەودیوی مانگ دیاردە نیە. کاتێ دەڵێین دیاردە خۆی دەرناخا، مەبەست لەوە نیە، کە دیاردە فۆرمە ئایدیاکەی ئەفلاتون، یا نۆمینا هەرگیز نەزانراوەکەی "کانت"ـە. دیاردەی نادیار، وەکو دیوی ئەودیوی مانگ دیاردەیەکە، کە هێشتا ئاگامەندی ڕووی تێنەکردووە. "ئەگەر باوەڕبەو جیهانە ئەفسانەییە نەکەین، کە نیچە بە جیهانی پشت پەردەی دادەنێو باوەڕ بەوەش نەهێنین، کە لەودیو دیاردەوە بوونێکی دیکە هەیە، ئەوا دیاردە دەبێ بە پۆزەتیڤو ناوەڕۆکیشی لە خۆ دەرخستنیدایە، نەك حەقیقەتێکی (ڕاستەقینەییەکی) شاراوە. چونکە بوونی هەموو شتێ دیاردەیە."[8]

درەختی سەر شەقامەکەی بەرامبەرم، کە لەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە تەماشای دەکەم، دیاردەیە، بەلآم من تا ئێستا لەم ئەزموونەمدا لایەکی دەبینمو لایەکەی دیکەی لە منەوە دیار نیە. لایە نەبینراوەکە، وەکو لایەنە بینراوەکەی دیاردەیەکە، کە هێشتا خۆی بۆ من دەرنەخستووە. ئەگەر بچمە سەر شەقامەکەو ڕوو بکەمە ئەو لایەی درەختەکە، لە ئەزموونی پێشوومدا بۆ من نادیار بوو، دەبێ بە دیاردەو خۆی بۆ ئاگامەندیم دەردەخا. زۆرجار، دیاردە لەیەك کاتدا بە دوو شێوەی جیاواز خۆی دەردەخا. بۆ کەسێ مەلە نەزانێو کەوتبێتە ناو دەریاوە، ئەوا دەریا دیاردەیەکی ترسناکو خنکێنەرە. لەهەمانکاتدا، بۆ کەسێ، کە لە کەناری دەریاکە دانیشتووەو دەیەوێ لە جوانیی دەریاو دەنگی شەپۆلەکانی بگا، ئەوە دیاردەیەکی ڕۆمانسییە. دیاردە خسڵەتێکی ڕەوانییە، کە ئاگامەندی دەیخوێنێتەوە. بوونی ڕاستەقینەی خۆی هەیەو "بوون"ی دیاردەکانیش بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆجییە لە دیاردەکان ناپچڕێ.

"بوون"ی دیاردە هۆکارێکی هۆشەکیی دەرەکیی نیەو خۆشی نابێ بە هۆکار بۆخۆی *Causa sui*. سپینۆزا (1632–1677) لەتوێژینەوەکەیدا لەسەر بوونی خوا 'خوا' دەکا بە بنۆس بۆ بوونی خۆی.[9] ئەگەر خوا *Causa sui* خۆی

هۆکارو سەدەم (علە) بێ بۆ خۆی، ئەوا دەبێ خۆی لە بوونی دوور خاتەوە، تاکو لە دەرەوەی خۆیدا خۆی بڕسکێنێ. لەم حاڵەتەدا، لە خوایەتی (واجب الوجود) دەردەچێ‌و دەبێتە (ممکن الوجود)، یان Contingent.

بە دیدی ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی خوا هەیە، ئەمە مەحاڵە، خوا نابێ لەخوایەتی‌و لەو هەرەبڵندە ئۆنتۆلۆجییە خوارکێش بکرێ. لەبەرئەمە ئێمەش ئەم زاراوەیەی سپینۆزا بۆ بنەڕەتی بوون بەکارناهێنین سەرەڕای ئەمەش، دامەزراندنی هۆکارو سەردەمێکی پێشتر بۆ "بوون"، ئەوە دەسەلمێنێ، کە ئەو سەردەمە پێشترەش هەبووە، یا لە "بوون"دا بووە. ئەگەر سەردەمێ لە "بوون"دا بێ، نابێ بە هۆکارێکی پێشتر بۆ بوون. لەبەرئەمە، بەدیدی سارتەر، بوون هەر بووە. دیاردەکانیشی "رێکەوتن"، چونکە سەردەمێکی هۆشەکی نەیڕسکاندون‌و نەخشەو پلانی بۆ دانەناون.[10] لە زۆر ڕووەوە، پەیوەندی نێوان "بوون"و دیاردە وەکو پەیوەندیی نێوان "واجب الوجود"و "ممکن الوجود"ی ئیبن سینا (980-1037) یە. بۆ ئیبن سینا بوونی یەکەمیان لە (هۆ) بەدەرەو سەردەمی نیەو لەهەمان کاتیشدا سەرچاوە، نەك هۆی دەرەکیی، بوونی دووەمە.[11] "بوون" هەرچەندە "واجب الوجود"یشە، بەڵام، لەبەرئەوەی لە هۆکار بەدەرە گەلێ لەو حەقیقەتە میتافیزیکییەی ئیبن سیناوە دوورە. بۆ ئیبن سینا، ئەو بوونە ئاوەزییە خاوەنی ئاگامەندییە، ئەمەش ئیبن سینا دەگێڕێنێتەوە سەر زەمینە ئایدیالیستییەکەو باوەڕی وایە، کە (ممکن الوجود) لەو بوونە زەرورییەوە هاتۆتە دەرێ. ئەمەش لێرەدا ئیبن سیناو هەموو ئەوانەی پەیڕەوی تیۆری (الفیض) دەکەن لەو کێشەیەی قوڕئان دوور دەخاتەوە، کە گوایە خوا بوونی لە "نەبوون"ـەوە ڕسکاندووە. بەگوێرەی تیۆری (الفیض) کە بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ ئۆپانیشادەکانی فەلسەفەی هیندی‌و ئەفلۆتین (70-204) بوونەوەرەکان نەڕسکێندراون‌و لەبوونی خواوە، وەکو چۆن تیشك لەخۆرەوە دەردەچێ، ئەمانەیش دەرچوون. زانا موسوڵمانەکان، هەر لە بڕیارەکانی بزووتنەوەی اخوان الصفا و ئەلکندی‌و ئەلفارابی‌و ئیبن سینا، ئەم تیۆرەیان قۆزییوەتەوە تاکو چارەی ناکۆکییەکانی نێوان میتافیزیکی ئەریستۆو بۆچوونەکەی قوڕئان لەسەر ڕسکاندنی جیهان پێبکەن.

دەرچوونی بوونەوەرەکان لە بوونەوە، وەکو دەرچوونی تیشك لەخۆرەوە، نەبووە بە کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ سارتەر. هەر شتێ هەبێ، ئەوا بەشێکە لە بوون، یا دیاردەیەکی بوونە، کە لێوەی دەرنەچووەو جیاش نابێتەوە. بۆ ئیبن سیناو ئەوانەی پەیڕەوی تیۆری (الفیض) دەکەن، بوونی "من" وەکو تیشکی خۆر لە سەرچاوەیەکەوە دەرچووەو جیابۆتەوەو نامۆیە. "من" بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بگەڕێمەوە بۆ سەرچاوەکەم‌و لەگەڵیدا یەکبگرمەوە، پێویستە تەریقەتێکی سۆفیگەرانە هەڵبژێرم‌و ڕێگەیەکی ژوورکێش بگرمەبەر. لە ئۆنتۆلۆجی بوونخوازیدا ئەمشێوە نامۆییە جێگای بۆ دانراوە، چونکە دیاردەکان، هەرچییەك بن، لە "بوون" دان‌و جیانابنەوە. "من" هەتا هەبم بەشێکم لە بوون‌و لێی دانابڕم، تەنها "مردن" من لە بوون جیادەکاتەوە. ڕەفزکردنی بنوسێکی هۆشەکی‌و دەرەکی بۆ بوون، بێبڕواییەکی ئۆنتۆلۆجییە، نەك زانستی. ئێمە نەهاتووین وەکو چۆن لە تاقیگەیەکدا دەیسەلمێنین، کە ئاو لە ئۆکسجین‌و هایدرۆجین پێکهاتووە، ئاوهاش، نەبوونی ئەو بنووسە ساخ بکەینەوە. نازانستییانەی بەڵگەکەشمان سووکی‌و بێ بەهایی بە بۆچوونەکەمان نادا. زانستەکان لە ڕاستەقینە نزیکەکان دەکۆڵنەوەو بڕستی خۆگەیاندنیان بۆ ئەودیو سنووری دووری ئەم ڕاستەقینانە نیە. بێبڕوایی ئۆنتۆلۆجی، یان بڕوایی ئۆنتۆلۆجی وابەستە بە بەڵگەی لۆجیکمەندانەوە، نەك لێکۆڵینەوەی زانستییانە. مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیە، خۆ پاراستنە لەو ڕەخنەو ڕەتدانەوەیە، کە گوایە توێژینەوەکەمان لەسەر *Causa Sui* بوونی سەدەمێکی ئاوەزی لەق ناکا، یا بەڵگەکەمان هێندە پتەو نیە. تاکو بڕوای کەسێ بخاتە ناو گومانەوە. ئەگەر کەسێ قەناعەت بەبۆچوونەکەی سارتەر نەکاو بەڵگەی بەهێزو نەرێ دابنێ، سارتەر چارەیەکی دیکە بۆ کێشەی بێبڕوایی دەدۆزێتەوە. ئەمجارەیان بێبڕوایی لەسەر بنچینەیەکی ئۆنتۆلۆجی ڕاناوەستێنێ، باسی بێهودەیی بوون‌و لەهۆکار بەدەریی بوون ناکا. لە هەڵوێستێکی یاخیگەرییەوە دەڕوانێتە کێشەکەو لەدەسەڵات‌و فرمانی خوا (ئەگەر هەبێ) یاخی دەبێ. باشترین نمونەی ئەم جۆرە بێبڕواییە (بێبڕوایی ئەخلاقی) هەڵوێستی یاخیگەرانەی (ئۆریستۆس) یان پاڵەوانی شانۆگەریی مێش (*The Flies*)ـە. ئۆریستۆس نەبوونی خوا

ناسەلمێنێ، بەڵکو ڕەفزی ئەوە دەکا خۆی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خواوەو ملی بۆ کەچکا. بێبڕوایی ئۆنتۆلۆجی بێبڕوایی ماتریالیستانەیە. لێرەدا وەکو هەیزڵ بارنیس دەڵێ: "سارتەر لەگەل ماتریالیستەکاندا هاوڕایە."[12] بۆچوونی بارنیس تاکو ئەو ڕادەیە دروستە، کە باسی بنووسێکی هۆشەکی بۆ بوون بکەین. ئەگینا سارتەر وەکو ماتریالیستەکان ئاگامەندی بە ئەستوو (مادده) دانانێو لەژێر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی زانستیانەشدا کەلەپچەی ناکا. سارتەر، لەپەرتووکەکەیدا *Critique of Dialectical Reason* ئەو ڕەخنەیەی ئاراستەی ماتریالیستی مارکسیزم کردووە، کە ئەم فەلسەفەیە ئاگامەندی لەژێر کارتێکردنی بارودۆخو گۆڕانکارییە ماتەریالەکاندا مەحکوم کردووەو بە (پاسیڤ)ی داناوە[13]. سەرەنجامی باسەکەمان ئەوەیە، کە ئۆنتۆلۆجی سارتەر "بوون" بەناماقوڵو بێهودە دادەنێ. بێهودەیی بوونیش لەوەدایە، کە بوون "ڕێکەوت"ەو بنووسێکی هۆشەکی نیە. وەکو ئونتۆلۆجی هایدیگەریش "بوون"ی دیاردەکان بە بنەڕەتێکی میتافیزیکی دەداتە قەڵەمو بگرە کەڵکی لە ئۆنتۆلۆجی هایدیگەر وەرگرتوە. هایدیگەریش لە توێژینەوەی ئۆنتۆلۆجیەکەیدا لەژێر کارتێکردنی پارمەندیس (515-440پ ز) ئاماژەی کێشەکانی کردووەو بە شوێن مانای بووندا گەڕاوە.[14] بەدیدی پارمەنیدس، "بوون" ڕاستەقینەیەکی نەگۆڕو چەسپاوە، مەبەستیشی ئەوەیە، کە گۆڕانو جووڵان لەواقیعدا نیە. ئۆتۆمبیلێ، کەدەڕوا، وەستاوە. یا من، کە ژوورەکەم جێدەهێڵمو دەچم بۆ زانکۆ، نەجووڵاومو لە شوێنی خۆمدا چەقیوم. ئەو ڕاستەقینەیەی گۆڕانی تێدا ڕوونادا، بابەتەکانی دەوروبەرمان نین، بەڵکو "بوون"ە. گۆڕانکاری ساتێ ڕوودەدا، کە بابەتێ فۆرمەکەی بگۆڕێو فۆرمێکی نوێتر بگرێتە خۆی. بۆ نمونە، هێلکەو سپێرم یەکدەگرن و دەبن بە کۆرپەو منداڵو منداڵیش گەورە دەبێو دەمرێ، ئەمانە گۆڕانکارین لە فۆرمی ئەو بوونەوەردا. ئەگەر "بوون" وەکو منداڵەکە گۆڕانی بەسەردابێ، پێویستە بگۆڕێ بۆ شتێکی دیکەی لە "بوون" بەدەر، بۆ نمونە "نەبوون"، بەڵام پارمەنیدس باوەڕی بە نەبوون نیە. گۆڕانکاریش لە "بوون"ەوە بۆ "بوون" گۆڕان نیە.[15] بۆ هایدیگەریش "بوون" وەکو ڕاستەقینەکەی پارمەنیدس بنەڕەتی هەموو شتێکەو خۆی "شت" نیە. مێزەکەم هەیە، بەڵام "بوون" مێزەکە نیە.

"ئەوەی باسی دەکەین، بەرەوڕووی دەبینەوە 'بوون'ە، ئێمە 'بوون'ین، چۆن بین هەر 'بوون'ین. ڕاستیی بوون لەوەدایە، کە شتێ هەیە جا گرنگ نیە، ئەو بوونە بابەتێکی بەردەستەکی بێ، یا بوونی مرۆڤ (دەزاین) بێ."[16]

هایدیگەر بە چەند شێوەیەك واتای بوونی بۆ لێکداوینەتەوە، کە خوێنەر تووشی ئاڵۆزیو سەرشێواندن دەکا. لەم واتەیەی سەرەوەدا، بوون بووە بە کۆ، یا (تۆتاڵ)ی بابەتەکانو بوونەوەرەکان. لە شوێنێکی دیکەدا، ئۆنتۆلۆجیو فینۆمینۆلۆجیی کردووە بەیەك‌و،[17] ڕایدەگەیەنێ، کە ئەمە بوون ناکا بە بابەتەکان، چونکە بوون بابەت نیە، بەڵکو بوونی بابەتەکەیە. ئەم ناکۆکییانە، بەتەنیا بۆ ئێمە، لەئاستی تێگەیشتنماندا، نەبۆتە کۆسپو تەگەرە، بگرە بۆ زۆر بیریاری هایدیگەریش ئاڵۆزنو لێکدانەوەی جیاوازی دراوەتێ. بەدیدی کۆکڵمانس "بوون"ی هایدیگەر پرۆسێسێکی هەمیشەییە، کە دیاردەکان تیایدا دەردەکەونو گومیش دەبن.[18]

درایفۆس لەگەڵ کۆکڵمانس هاوڕا نیەو بوون بە پرۆسێس دانانێ.[19] زیمەرمان ڕایەکی دیکەی هەیەو "بوون"ی هایدیگەر بە سەرگوزشتەکانی مێژوو دادەنێ، کە دیاردەکان تیایدا بوونی خۆیان دەسەلمێنن.[20]

هایدیگەر لەپێش سارتەردا ڕەفزی ڕارەوی دووبنەماگەری (دوالیستی)ی کردووەو ڕاستەقینەی گەڕاندۆتەوە بۆ فینۆمینا. بەڵام جۆرێکی دیکەی لە دووبنەماگەریی خستۆتەگەڕ. دوو بنەمای فینۆمیناو دیاردەکانی فینۆمینا وەکو باسمانکرد، ئۆنتۆلۆجیو فینۆمینۆلۆجی لە فەلسەفەی هایدیگەردا چوونەتە ناو یەکدیو بەگوێرەی ئەمەش، فینۆمینای کردووە بە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆجییانە بۆ بوونی دیاردەکان، کە لەلای سارتەر فینۆمینان، بۆ هایدیگەر لە فینۆميناوە جودانو فینۆمینا نین، بەڵام بەبێ یەکدیش نابن. فینۆمینا، بۆئەوەی خۆی دەرخا، پێویستی بە دیاردەیە، دیاردەش، بۆئەوەی هەبێ، دەبێ دیاردەی فینۆمینا بێ. بۆنمونە: ئەنفلۆنزا فینۆمینایە، لەڕێگەی دیاردەکانەوە، وەکو تاو سەرئێشەو ماندوویی خۆی دەردەخا. سارتەر تاکو ئەو خاڵەی، کە جگە لە فینۆمینا ڕاستەقینەی دیکە نیە، لەگەڵ

هایدیگەر هاوڕایە، بەڵام فینۆمینا بە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ دیاردەکان دادەنێ‌و بۆ ئەم فینۆمینایە دیاردەیە. باوەڕیشی وایە دیاردە لەیەك كات‌و شوێندا هەموو لایەنەكانی خۆی دەردەخاو زۆر لایەنی هەیە، كە دەشێ تیشكی ئاگامەندی نەگاتە سەریان. جیاوازی نێوان لایەنە زانراوو نەزانراوەكانی دیاردە، لایەنی دیاریكراوو لە رادە بەدەر گەڕانەوە بۆ نۆمینای كانت نیە. لایەنی نەزانراو ناوەڕۆكێكی بڵندو لە ئەستوو (ماتەر) بەدەر نیە، دیاردەیەكە، كە هێشتا نەزانراوە.

"لەبەرئەمە دوو بنەماگەریی دیاردەو ناوەڕۆك رەفز دەكەین. دیاردە ناوەڕۆك داناپۆشێ‌و نایشارێتەوە، بەڵكو دەریدەخا، دیاردە ناوەڕۆكە ناوەڕۆكی بابەتێ خسڵەتێ نیە، كە لەودیو ئەو بابەتەوە نوقم بووبێ، بەڵكو یاسایەكە خۆی پیشاندەداو دەبێتە كۆمەڵێ دیاردەی بەردەوام‌و لێك نەپچڕاو. ناوەڕۆك پرنسیپاڵی ئەم زنجیرە دیاردەیەیە."[21]

لەهەمان شوێندا، سارتەر دەڵێ: "بوون خۆی دەردەخا ناوەڕۆكی خۆی دەكا بە دیاردە. بوون‌و ناوەڕۆكی بوون بێجگە لەم دیاردانە هیچی دیكە نین."[22]

رەتدانەوەی رارەوە دووبنەماگەرییەكەی ئەفلاتوون‌و دێكارت‌و كانت هەڵوەشاندنەوەی كێشە ئایدیالیستە میتافیزیكییەكانەو دامەزراندنی مۆنیزمێكی ئۆنتۆلۆجییانەیە، كە هەموو ڕاستەقینەو بابەتە فرەجۆرەكان بۆ "بوون" دەگەڕێنێتەوە. ئەمەش رێگەی ئەوەمان لێنابەستێ، كە ئێمە رەنگەكانی دیكە نەبینین‌و حاشا لە جیاوازییەكانی ناو "بوون" بكەین. ئێمە میتافیزیكی دوو بنەماگەری رەفز دەكەین، بەڵام باوەڕمان بە شێوازێكی نوێی دوو بنەماگەری هەیە، كە لەناو سیستەمی مۆنیستی ئۆنتۆلۆجییەكەماندا خۆی دەرخستووە. ئەمەش دوو بنەماگەرییە لەنێوان لایەنە دیارو نەدیارەكانی لایەنە دیاریكراوەكان‌و لەرادەبەدەرەكانی دیاردەكان، هەروەها لەنێوان بەشە ئۆنتۆلۆجییەكانی "بوون"دا، وەكو بوون–لەناو–خۆیداو بوون–بۆخۆی.

دەشێ، كەسێ ئەم لێكدانەوەیە بە دژوار دابنێ، چونكە لەگەڵ رەفزكردنی دووبنەماگەریی ئایدیالیستەكاندا شێوازێكی دیكەی دوو بنەماگەریمان هێناوەتەكایەوە. ئەم هەڵوێستە دژوار نیەو ئاكامی لێكۆڵینەوە فینۆمینۆلۆجییەكەمانەو توێژینەوەی "بوون"ی دیاردەكان، یا دیاردەكانی "بوون"ـە بەوجۆرەی خۆیان بۆ ئاگامەندی دەخەنە ڕوو. هەموو دەزانین لایەنە شاراوەكانی بوون، یا لە رادەبەدەرەكانی ڕووبەست‌و ئایدیاڵ نین، ئەوانیش دیاردەن، كە هێشتا ئاگامەندیی دركی پێنەكردوون‌و لەداهاتوودا، یان ئاگامەندی ئەوەندە بڕستی هەیە، كە هەوڵی دۆزینەوەیان بدا. ئەگەر خۆشیان دەرنەخست‌و بەشاراوەیی مانەوە، ئەوا هێشتا دیاردەن‌و هیچیتر.

ناوەڕۆكی بابەت كۆمەڵێ خسڵەتن، كە لەو بابەتەدا یەكیان گرتووەو واتایان بە بابەتەكە بەخشیوە. ناوەڕۆك شتێ نیە لە ناو بابەتدا خۆی شاردبێتەوە، بەڵكو واتای بابەتە. "بوون" یان بوونی بابەتەكە، نە ئەم خسڵەتانەیە، نەواتای بابەتەكەشە. بابەتەكە خاوەنی "بوون" نیە، یا بوون موڵكی بابەتەكە نیە. "بوون" مەرجێكی بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بابەتەكەو بۆ خسڵەتەكانی بابەتەكەش. بەبێ "بوون" بابەت نابێ. بەمشێوەیە، هەر بابەتێ، یا هەر دیاردەیەك سەلماندنی بوونی "بوون"ـەو بەڵگەیەكی ئۆنتۆلۆجییە، كە بۆچوونە مۆنیستەكەمان دەخاتە سەر زەمینەی ریالیستی.

## 2. دووالیزمی بوون–لەناو–خۆیداو بوون–بۆ خۆ

ئەم دوو زاراوەیەی سارتەر، كە بۆ دوو جۆر بوون بەكاریهێناون، دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی كلاسیكیی ئەڵمانی، بەتایبەتی فەلسەفەكانی كانت‌و هیگڵ. كانت زاراوەی (لەناو–خۆیدا) بۆ وەسفكردنی "نۆمینا" كە دەكەوێتە ئەویدو جیهانی "فینۆمینا"وەو هەمیشە نەزانراوە، داناوە. هیگڵ–یش (بوون–بۆ–خۆ)ی بۆ بوونی ئاگامەندی، كە خود–ئاگایەو هەست بە بوونی خۆی دەكا، بەكارهێناوە.[23] بۆ كانت (بوون–لەناو–خۆ) جیهانێكی لە ئەستوو (ماددە) بەدەرو زیندووە، وەكو (واجب الوجود)ی ئیبن سینا پشتگیریی فینۆمینا دەكاو فینۆمینا بەبێ ئەم نیەوە نابێ. ئەم بنەڕەتە میتافیزیكییە، لەهەمانكاتدا، ئاوەزانەو بڕست‌و توانای تێگەیشتنی ناگاتێ.[24] لەبەرئەوەی تێگەیشتن وابەستە بە

**هەستکردنەوەو لەمەوە کەرەسەی خاوی بۆ زانین پێدەگاو کاتیگۆریەکانیشی بەسەر فینۆمینادا دەسەپێنرێن، ئەوا دەسەڵاتی پەڕینەوەی لە سنووری فینۆمینا نیەو ناتوانێ خۆی بگەیەنێتە نۆمینا، یا (بوون–لەناو–خۆ) لەئاکامدا زانینی مرۆڤ ناتەواو دەبێ‌و نۆميناش هەمیشە بەنەزانراوی دەمێنێتەوە.**

**سارتەر لەو بۆچوونەوە، کەناوەڕۆك دیاردەیە، بە پێچەوانەی "کانت"ـەوە، ئەم زاراوەیەی بۆ بوونی ئەو بوونەوەرەو بابەتانە (وەکو بوونی درەخت،مێز، پەرتووك... هتد) داناوە، کە ئاگامەندی نین. بوونی ئاگامەندیش، یا من (وەکو ئاگامەندی، نەك لەش) (بوون–بۆخۆ)یە. پێشئەوەی لە خسڵەتەکانی هەریەکێ لەم شەقڵانەی بوون بدوێین، با بزانین پەیوەندیی نێوانیان چۆنە. بوون–لەناو–خۆدا، وەکو دیاردە، خۆی بۆ بوون–بۆخۆ دەردەخا. بوون–بۆخۆش تیشك‌و ڕووناکی دەخاتە سەرو دەیخاتە ڕوو. بوون–بۆخۆ ئاگامەندی بەبێ بوون–لەناو–خۆی نیەو نابێ. وەکو سارتەر دەڵێ: "هەر ئاگامەندییەك ئاگابوونەوەیە لەبابەتێکەوە."[25] لێرەدا ئاگامەندی بوون– لەناوخۆی ناڕسکێنێ، بەڵکو کەشفی دەکاو دەیگۆڕێ. کەشفکردنی لەلایەن تیۆری ئاگامەندییەو گۆڕانکاریش لایەنی پراکتیکییە، کە لە فەلسەفەی هیگڵ‌و مارکس دا بووە بە دیالیکتیکی کارکردن‌و دیالیکتیکی ئاگامەندی تەواودەکا. سارتەر لەژێر کارتێکردنی ئەم دوو زانایەدا چارەی کێشەکەی کردووەو لایەنی پراکتیکی پەیوەندیی نێوان بوون–بۆ–خۆو بوون–لەناو خۆی بە گرنگ داناوە.[26]**

**بەگوێرەی لۆجیکی دیالیکتیك، چی دیالیکتیکی ئایدیالیستی هیگڵ، یان دیالیکتیکی ماتریالیستی مارکس، تیۆری‌و پراکتیك پەیوەندیی دیالیکتیکیان هەیە، هیچ لایەنێکیان بەبێ لایەنەکەی دیکە نابێ‌و گرێبەندن. بوون–لەناوخۆو ئاگامەندی دوو دورگەی دوورو جیاواز نین. هەردووکیان یەك بنەڕەتیان هەیەو سەر بەڕاستەقینەی "بوون"ـن. ئاگامەندی لە سێ خاڵدا پشت بە بوون دەبەستێ. یەکەم: لەبەرئەوەی هەیە، ئەوا "بوون" بووە بە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی. دووەم: بەبێ ئاگایی لە بوونێکەوە ئاگامەندیش نیەو نابێ. سێیەم: ئاگامەندی، بەحوکمی ئەوەی خۆی لە بوونی بابەتەکەی دوورەپەرێز دادەنێ‌و (نەفی) دەکا، دەگاتە شێوازێ لە ئاگامەندی، کە بەهۆیەوە ئاگامەندی خۆی دەناسێ‌و دەبێتە خود–ئاگایی. بوون–لەناو–خۆ بێ ئاگایە، وەستاوە بەوشێوەی کە لەوە زیاتر بە هیچی دیکە نابێ، بوونێکی پڕو تێرە بوونی پڕو تێریش نەگۆڕو چەسپاوە. مێزەکەم لەوە زیاتر بەشێکی دیکە نابێ‌و هەیە، بوونی کەم‌و زیاد ناکا. پڕوپێزی بوون–لەناو–خۆ ناخاتە سەر پلەیەکی بەرزتر لە پلەی ئاگامەندی. ئاگامەندی پلەو خسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. دروستە کە ئاگامەندی دەخوازێ خۆی بگەیەنێتە تەواوکۆیی‌و کەم‌و کورتییەکانی خۆی پڕبکاتەوەو ببێتە بوونی وەکو بوون–لەناو–خۆ. واتای تەواوکۆیی بۆ ئاگامەندی پڕو پێزی بوون–لەناو–خۆ نیە. ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵ: بوون–لەناو–خۆ بە قۆناغی مێژوویيدا تێنەپەڕیوەو نەگەیشتۆتە پلەی پڕوپێزی، لەوەتەی هەبووە، بەمجۆرە بووەو بوونی پڕونەگۆڕ بووە. ئاگامەندی، کۆنتڕاستی، بوون–لەناو–خۆ ناتەواوەو خۆی بە ڕێگەی تێکۆشان خۆی دەگەیەنێتە تەواوکۆیی. هیچ ئاگامەندییەك، یان بوون–بۆخۆ، بە پڕی‌و تەواوی نەهاتۆتە بوونەوە. هەروەها ڕێگەی تێکۆشانی بوون–بۆخۆ، هۆشیارانەیەو ئاگامەندی بە ئاگاوە هەوڵدەدا خۆی تەواو بکا، ئەگەر هاتوو (گریمان) ئاگامەندی دەگاتە تەواوکۆیی (کە ئەمە مەحاڵە) ئەوا بەئاگایی دەمێنێتەوەو وەکو بوون–لەناو خۆ لەئاگا بەدەر نابێ، ئەم خسڵەتە نەرێیەی بوون–لەناو–خۆ، کە خۆی دەردەخا، بەدیدی سارتەر، تووشی قێزو هێڵنج‌و رشانەوەمان دەکا. ئاگامەندی قێز لەو بوونە پڕو وەستاوو نەگۆڕە دەکاتەوە. قێزکردنەوەو هێڵنجدانەوەکەش لەوێدا زیاد دەکا، کە بەرێگەی بوونی جەستەوە (جەستە–بوونە–لەناو–خۆدا) خۆی دەکاتە هاوبوونی ئەو بوونە پڕو نەگۆڕو بێ ئاگایە.[27]**

**بوون–لەناو–خۆ نەرێ نیەو پۆزەتیڤیشە، چونکە هەیەو دەبێتە بنەڕەتیش بۆ ئاگامەندی. ئاگامەندی بەبێ بوون–لەناو–خۆ نابێ، چونکە ئاگامەندی ئاگاییە لە بابەتێکەوە. لێرەدا بوونی ئاگامەندی (کە هەرگیز بەبێ بابەتەکەی نیەو نابێ) بەڵگەیەکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی جیهانی دەرەکی‌و ڕاستەقینەیی دەرەوەی ئاگامەندی. بابەتی ئاگامەندی**

(وەکو مێژەکەم) لەناو ئاگامەندیدا نیە. دیاردەکە خۆی دەردەخاو ئاگامەندیش دەیناسێنێ. زانین لەئاکامی ئەم پەیوەندییە پێویستییەی نێوان بوون-لەناو-خۆو بوون-بۆ خۆ پەیدا دەبێ. ئەگەر ئاگامەندی نەبێ، بوون-لەناو-خۆ خۆی نانوێنێ‌و بوون-لەناو-خۆش نەبێ، ئاگامەندی (وەکو ئاگایی) نابێ. بەمشێوەیە، بۆچوونی فینۆمینۆلۆجییانە بۆ سەر ئاگامەندی بوونی جیهانی دەرەکی بە گرفتێکی فەلسەفییانە، وەکو لە فەلسەفەی دێکارت دا سەریهەڵداوە، دانانێ‌و داوا بۆ سەلماندنیشی ناکا. ئەگەر ئەم داوایەش بکرێ، ئەوا بوونی ئاگامەندی بەڵگەیە بۆ بوونی بوون-لەناو-خۆدا.

ئەمەش یەکێکە لە گرنگیی رێچکەی فینۆمینۆلۆجی، کە بەبڕوایەکی قایمەوە بەرەو ریالیزم کێشمان دەکا. ئەم توێژینەوە ئەوە دەردەخا ئاگامەندی نە ناوەڕۆکێکی گیانەکی‌و نە نومینایە، بەڵکو چالاکییەکی بە ئاگایە. بوون-لەناو-خۆ لە چالاکی بەدەرە، چونکە پڕو بەپێزەو لەوە زیاتر بە هیچ نابێ. لەبەر ئەم هۆکارە، پێویستە لە بەکارهێنانی زمان‌و دەرخستنی خسڵەتی ئەم دوو شەقڵەی بووندا، وریا بین‌و یەك دەستە زاراوە بەسەر هەردووکیاندا نەسەپێنین. ئاشکرایە، وەکو لەپێشدا ئامارژەمکرد، هۆسرڵ لە پێناسەکردنی دیاردەدا زاراوەی (خۆی دەردەخا)ی بەکارهێناوە. ئەم زاراوەیە، بۆ پیاهەڵدانی دیاردە، بەتایبەتی بوون-لەناو-خۆ گونجاو نیە. بوون-لەناو-خۆ وەستاوە، لەچالاکی بەدەرە، خۆی دەرناخا. بوون-بۆ-خۆ، کە چالاکییە، بەرەو بوون-لەناو-خۆ دەڕواو تیشك‌و ڕووناکی دەخاتە سەری‌و خسڵەتەکانی دەخوێنێتەوە. باشتر وایە پێناسەکەی هۆسرڵ تاکو رادەیەك بگۆڕین‌و هەر لە ڕێچکە فینۆمینۆلۆجیەکەوە پێناسێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوەو بڵێین: دیاردە ئەوەیە، کە ئاگامەندی ڕووی تێدەکاو دەیدۆزێتەوە. ئەم پێناسەیەش، کە بە ڕای من لە پێناسەی هۆسرڵ گونجاوترە، هێشتا لە کەم‌وکورتی بەدەر نیە. ئەی ئەو دیاردانەی ئاگامەندی ڕوویان تێناکاو نایاندۆزێتەوە چین؟ ئایا ئەمانیش دیاردە نین؟ بەگوێرەی ڕارەوە ئۆنتۆلۆجییە مۆنیستییەکەمان، لەوەڵامدا ئەمانیش بە دیاردە دادەنێین. دیاردەیەکن، کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە. بۆنمونە، ئەگەر ژیان لە ئەستێرەیەکی دیکەدا، لەناو فەلەکێکی دووردا هەبێ، کە ئاگامەندی نەیدۆزیوەتەوە، هەر دیاردەیە، یا چەندین ئەستێرە، کە من نایانبینم‌و ئاگامەندیم پەیی بۆ نەبردوون، ئەگەر هەبن، ئەوا دیاردەن‌و شتێ نین لەودیو جیهانی دیاردەکانەوە خۆیان شاردبێتەوە. لەبەرئەمە، پێناسەکەی ئێمەش پێویستیی بە گۆڕانەو لەخۆیدا ناتەواوە، چونکە هەندێ دیاردە هەن دەکەونە دەوروبەری خولگەی پێناسەکەمان‌و باشتر وایە بڵێین: دیاردە ئەوەیە هەیەو ئاگامەندی دەیدۆزێتەوە. بەشی یەکەمی پێناسەکە هەموو دیاردەکان دەگرێتەوە. جا گرنگ نیە، ئەو دیاردانە دۆزرابنەوە یان نا.

ئاگامەندی، کە کۆنتراستی بوون-لەناو-خۆیە، چەند خسڵەتێکی تایبەتی هەیە، کە کاتی ئەوە هاتووە باسیان بکەین.

1. ئاگامەندی چالاکییە.
2. ئاگامەندی ناتەواوە.
3. ئاگامەندی دەسەڵاتی نەفیکەرە.
4. ئاگامەندی خۆ-ئاگاییە.

1. یەکێ لەو خاڵە سەرەکییانەی فەلسەفەی سارتەر لە فەلسەفەی ئایدیالیستیی دێکارت جیادەکاتەوە، کێشەی ئاگامەندییە. دێکارت لە بۆچوونە میتافیزیکییەکەیدا گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی مرۆڤ لە دوو ناوەڕۆکی دژ بە یەکتر پێکهاتووە: بیرکردنەوەو جەستە-لەش. هەر یەکێکیش لەمانە وابەستن بە ڕاستەقینەییەکی تایبەتەوەو هاوکارییان لەگەڵ یەکتردا ڕواڵەتییەو پێویستیی نیە. ناوەڕۆکی گیانەکی نەگۆڕو لە ئەستوو (مادده) بەدەرە، سەربەخۆیەو بۆ بوونی خۆی پەنا ناباتە بەر جەستە، یا ناوەڕۆکی ئەستوویی. هەروەها جەستەش ئەو پێویستییەی بە ناوەڕۆکی گیانەکی نیە، بەڵام بەبێ ئەو جەستە کاروبارەکانی هەڵناسووڕێ. دەستم بەبێ ناوەڕۆکی گیانەکی پارچەیەك ئەستووە، نەك دەست، چونکە ئەگەر ئاگامەندی لەناو جەستەمدا (لەشمدا) نەبێ‌و جەستەم مردو بێ، دەستم وەکو ئەندامێکی

لەشم، کە کەڵوپەل دەگریٚ‌و دەیانگۆڕیٚ، لە کارکردن دەکەویٚ. بەدیدی دیٚکارت‌و سارتەریش، لاشەیەکی مردوو کەسەکە نیەو بوونە-لەناو-خۆ.

لە کۆجیتۆکەی دیٚکارت دا "من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم"، کە ڕاستەقینەییەکی بەڵگە نەویستە، بوون بووە بە پاشکۆی بیرکردنەوە. ئەمەش بۆلای ئەو کیٚشەیەمان دەبا، کە (ناوەڕۆك) پیٚش (بوون) دەخاو خۆڕسکیٚکی نەگۆڕو چەسپاویش بۆ بوونی مرۆڤ دیاری دەکا. لەم بۆچوونە ئایدیالیستەی "دیٚکارت"ـەوە، ئاگامەندیش (بوون-لەناو-خۆ)یە، چونکە نەگۆڕو چەسپاوەو وەکو بابەتەکان شتیٚکە هەیە. سارتەر، بەپیٚچەوانەوەی "دیٚکارت"ـەوە، ئاگامەندی بە بابەت، یا ناوەڕۆکیٚکی چەسپاو دانانیٚ‌و بە چالاکی دەداتە قەڵەم. چالاکییەك، کە بە بەردەوامی بوونی خۆی دەدۆزیٚتەوەو دەیەویٚ خۆی تەواو بکا. بۆ ئەم مەبەستەو لە ڕوانگەی ڕەتکردنەوەی بۆچوونە ئایدیالیستیەکەی دیٚکارت، پیٚویستە کۆجیتۆکە ئاوەژوو بکەینەوەو بیخەینە سەر زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆجی بوونخوازانەوە، "بیرکردنەوە" بکەین بە پاشکۆی بوون. "من هەم کەوابوو من بیردەکەمەوە."[28]

لە پیٚش سارتەردا هایدیگەر پیٚشنیاری ئەم گۆڕانکارییەی کردووەو (دازاین)ی بەو بوونەوەرە داناوە، کە ناوەڕۆکی لە بوونیدایەو بەبیٚ بوونی ناوەڕۆکی نیە.[29] دازاین (بوون-بۆ-خۆ) لەپیٚشدا دیٚتە جیهانەوە، ئەوجا ناوەڕۆك بۆ خۆی دەخوڵقیٚنیٚ.

2. ئاگامەندی یا بوون-بۆ-خۆ ناتەواوەو کەلەبەریٚکی گەورە "نەبوون" لە بوونیدایە. ناتەواویی بوونی هیٚزیٚکی نیٚگەتیڤە بۆ خۆتەواوکردن. ئەگەر ئاگامەندی وەکو بوون-لەناو-خۆ تەواوو پڕ بووایە، نەدەبوو بە خاوەنی ئەم هیٚزەو هەوڵیشی نەدەدا خۆی تەواو بکا. لەبەر ئەم هۆیە، گۆڕانکاری پیٚویستەو باشەو لە بەهای ئۆنتۆلۆجیی ئاگامەندی کەمناکاتەوە.[30] ناتەواویی بوونی ئاگامەندی لە نەبوونی ناوەڕۆکیدایە. نەبوونی ناوەڕۆکیش ئاکامی لۆجیکمەندانەی ئاوەژووکردنەوەی کۆجیتۆکەی "دیٚکارت"ـە. ئەگەر ناوەڕۆك، دیٚکارت گوتەنی، لەپیٚشتربیٚ، ئەوا مرۆڤ ئەو ناوەڕۆکە لەپیٚشترە دانراوە لەگەڵ خۆیدا دەهیٚنیٚتە جیهانەوەو لەگەڵ خۆڕسکیٚکی چەسپاودا لەدایك دەبیٚ. سارتەر لەگەڵ دیٚکارتدا لەسەر ئەم کیٚشەیە هاوڕا نیەو ناوەڕۆك بە لەپیٚشتر دانانیٚ‌و دەیخاتە پاش بوونەوە. مرۆڤ دیٚتە جیهانەوە، دەبیٚ بوونی هەبیٚ، ئەوجا ناوەڕۆك بۆخۆی پەیدادەکا. هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ناوەڕۆك، کە وابەستە بە هەڵبژاردنی پرۆژەکانی بوونەوە، پرۆسیٚسیٚکی نەبڕاوەیە. بەڵام لەبەرئەوەی بوون کاتییە، ئەوا "مردن" دەبیٚتە ڕیٚگری ئەو پرۆسیٚسەو لەناوی دەباو ژیان دەکا بە مەرگەسات. لەم ڕووەشەوە، ئاگامەندی ناتەواوەو بەناتەواوی بەرەو "نەبوون" دەڕوا، بە نەبوونی دیٚتە بوونەوەو بەنەبوونیەوە پیٚی لە ڕۆخانەی "نەبوون" دەترازیٚ‌و بۆ هەمیشە وندەبیٚ. ئاگامەندی هیٚندەی بوون-لەناو-خۆ مانەوەی پیٚنەدراوەو هەناسە کورتە. لە یەکەم ساتی بوونیەوە، لەگەڵ ئەو نەبوونیەیدا، لە قۆناغی "نەبوون"دا دەوەستیٚ.

3. ئاگامەندی دەسەڵاتی نەفیکەرە، ئەم خسڵەتەش وابەستە بەناتەواوی‌و نەبوونی ئاگامەندییەوە. "نەبوون" لەناو بوون لەناو خۆدا نیە، چونکە ئەم بوونە پڕوپیٚزەو وەستاوە. ئەوەی "نەبوون" لەگەڵ خۆیدا پەیدادەکا ئاگامەندییە. ئەو جۆرە بوونەیە، کە تەواوکۆ نیەو کۆتاییشی پرۆژەی بیٚگومانی مەرگەساتە. با بزانین بوون-بۆ-خۆ چۆن نەبوونی دەدۆزیٚتەوە؟

یەکیٚ لەو ئەزموونانەی "نەبوون"ی لەبەردەمماندا قوتدەکاتەوە، پرسیارکردنە. هەموو دەزانین، پرسیار دووفاقییەو چاوەڕوانی دووجۆر وەڵامی لیٚدەکریٚ. لە پرسیاردا، ئەو کەسەی پرسیار دەکا، لەبەردەم بابەتیٚکدا ڕادەوەستیٚ، کە نازانیٚ ئەو بابەتە هەیە یان نیە، بوونە یان نەبوونە، چاوەڕوانی ئەوەیە بابەتەکە خۆی دەربخاو وەڵامەکەی دەستگیربیٚ. خۆدەرنەخستنی بابەتەکەو نەبوونی وەك خۆدەرخستنی‌و بوونی بابەتی پرسیارلیٚکراو گونجاوە. لە پرسیارکردندا

چەند گریمانێ بۆ وەڵامێکی پۆزەتیڤی دادەنێن بە ڕادەی ئەوەش چاوەڕوانی وەڵامێکی نێگەتیڤین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئێمە باوەڕمان بە "نەبوون" هەیە.[31] بەدیدی سارتەر، پرسیار پردێکە لەنێوان "نەبوون"ی زانین لەناو بیری پرسیارکەرداو سەرهەڵدانی ئەو نەبوونەش، کە لە وەڵامدانەوەی نێگەتیڤدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە: دەشێ وەڵامی پرسیارەکە بەمشێوەیە بێ: "نەخێر، ئەو شتە نیە"، یان "ئەو شتە وا نیەو وایە". لێرەدا وەڵامی پۆزەتیڤیش، کە شێوازێکی وەڵامدانەوەیە لەناو خۆیدا نێگەتیڤە. "هەموو پۆزەتیڤێ نێگەتیڤە" پرینسیپاڵێکی سپینۆزاییەو "هیگڵ"یش لە لۆژیکی دیالیکتیکدا پەیڕەوی کردووە. ئەگەر لە وەڵامی پرسیارێکدا بڵێین بەڵێ، سێگۆشە سێ لای هەیە، ئەوا ئەوە ڕەتدەکەینەوە، کە سێگۆشە چوار لای هەیە. بەمشێوەیە، هەموو (بەڵێ)یەك (نا)یەو (نا)ش (بەڵێ)یە.[32] ئەمەش، واتە، وەڵامی پۆزەتیڤی‌و باسکردن لە بابەتێکەوە، ئەو بابەتە بەو خسڵەتەوە دەبەستێتەوەو (سنوورداری) دەکا. سێلایی نەك بە تەنیا خەسڵەتی سێگۆشەیە، بەڵکو سنووردارکردنیشیەتی. کانت لەوباوەڕەدا بووە، کە "نەفیکردن" خسڵەتی پرۆپۆزیشنی نێگەتیڤەو لە دەرەوەی بیرکردنەوەدا نیە. هیگڵ، وەکو زانایەکی پاش کانت، ئەم کێشەیەی ڕەتکردۆتەوەو لە لۆجیکەکەیدا، لە کاتیگۆریی "بوون"ـەوە "نەبوون"ی ڕاکێشاوەو "بوون"، کە کاتیگۆرییەو ئەو بوونەش بوونێکی ڕووت‌و بێ خسڵەتە، بووە بە سەرچاوەو بنەڕەتی نەبوون.[33] سارتەر، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەفیکردن‌و نەبوون، زەمینەی کانت‌و هیگڵ ی ڕەتکردۆتەوەو هەوڵیداوە فینۆمینۆلۆجییانە بەرگێکی ئۆنتۆلۆجی بەبەری "نەبوون"دا بکا. وا بیردەکاتەوە بەبێ "نەبوون" نەفیکردن نیەو نابێ. وەڵامی نێگەتیڤی، لەکاتێکدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، کە ئەو بابەتەی پرسیاری لەبارەوە کراوە، نەبێ یا نەبوون بێ. کەوابوو، نەبوونی بابەتەکە فرمان بەسەر چۆنیەتیی وەڵامەکە دەکاو وەڵامەکە (وەکو پرۆپۆزیشن) نرخ بە بوون‌و نەبوونی بابەتی پرسیارلێکراو نادا. لە پرسیارێکدا، وەکو: "ئایا کورد دەوڵەتی هەیە؟"، "نەبوون"ی دەوڵەتێ بۆ کورد وەڵامێکی نێگەتیڤمان بەڕوودا دەدا، کە ئەو "نەبوون"ـە ڕاستەقینەییەکی ئۆنتۆلۆجییە نەك بیرێ لەناو خەیاڵ‌و ئەندێشەدا. حەز دەکەم ئەو خاڵەش ئاماژە بکەم، کە "نەبوون" دیاردەیەکە ئاگامەندی دەیدۆزێتەوە. بوونێ، وەکو بوون-لەناو-خۆدا، کە بڕستی بیرکردنەوەو پرسیارکردنی نیە، ناتوانێ "نەبوون" بناسێ. جگەلەوەی "نەبوون" کێشەیەکی ئۆنتۆلۆجییە، لەئاکامی پەیوەندیی نێوان ئاگامەندی‌و بووندا خۆی قوتدەکاتەوەو دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئاگامەندی. خۆقوتکردنەوەی "نەبوون" هەڵوێستێ نیە بەبێ ئەوەی ئاگامەندی بیخوازێ، یا بە شوێنیدا بگەڕێ‌و یەخەی بگرێ‌و وازی لێنەهێنێ. ئاگامەندی خۆی لە گەڕانیدا بە شوێنی ڕاستەقینەی بووندا لە پرسیارکردنیدا لە ئەزموونەکانی ڕۆژانەیدا ڕاستەوخۆو فینۆمینۆلۆجییانە سەودا لەگەڵ بووندا دەکاو "نەبوون" بەری دەگرێ. گەلێ ڕووداوو شتی دیکەش هەن بە تەنیا لە پەیوەندیاندا لەگەڵ ئاگامەندیدا واتاکەیان دەبەخشن. بوومەلەرزە، وەکو ڕووداوێکی جیۆلۆجی، بۆ مرۆڤ ڕووخێنەرو ترسناکە. شارێ کە بە بوومەلەرزە وێران دەبێ، وێرانبوون تۆزقاڵێ لە قەوارەی بوونی شارەکە، کە بوون-لەناو-خۆدایە، کەم‌و زیاد ناکا. بەڵام زیانێکی گەورە، بە ژیانی مرۆڤ دەگەیەنێ. واتا، بوومەلەرزە، وەکو ڕووداوێکی ڕووخێنەر بۆ مرۆڤە نەك بۆ شارەکە. تۆفانێکی دەریا، کە لە ئێمەوە دوورە، واتاکەی لەوحاڵەتەوە بۆ حاڵەتێ، کە ئێمە لەناو بەلەمێکدا تووشی ئەو تۆفانە بین دەگۆڕێ. ئێمە، لێرەدا، حاشا لەبوونی ڕووداوە جیۆلۆجییەکەی بوومەلەرزە، یان تۆفان ناکەین، بەڵکو ئەوە دەخەینەڕوو، کە بەبێ بوونی ئاگامەندی ئەو ڕووداوە جیۆلۆجییانە نابنە ڕووخێنەرو ترسناك‌و ئەو واتایەیان نابێ. هێزی نەفیکەر وابەستە بە بونیادی ئۆنتۆلۆجیی ئاگامەندییەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بوون-لەناو-خۆ نابێتە سەرچاوەی نەفیکردن‌و تەنیا ئاگامەندی دەتوانێ نەفیکردن ئاڕاستەی بوون-لەناو-خۆدا بکا. نەفیکردنیش دوو جۆری هەیە، دەرەکی‌و ناوەکی. کاتێ ئاگامەندی پەیوەندییەکانی نێوان دوو بابەت دابڕ دەکا، (گۆچان مار نیە) ڕەتی بوونی یەکەم، وەکو بوونی دووەمیان دەکا. جۆری دووەمیش وابەستە بە ڕەتکردنەوەی بوونی (بوون-بۆ-خۆ) وەکو بوونی (بوون-لەناو-خۆ). بۆ نموونە: "من مێز نیم"،

واتە بوونی "من" لە بوونی "مێز"ـەکەوە جیاوازە.[34] نەفیکردنی ناوەکی مەرجێکە بۆ ناسینەوەی "خۆ"و هەستکردن بە بوونی "خۆ"و دەبێتە بناغەش بۆ جیاکردنەوەی کۆجیتۆکەی سارتەر لە کۆجیتۆکەی دێکارت.
وەکو چۆن "بوون"ی بابەتیّ، یان کەسیّ، هەستپێدەکریّ، "نە-بوون"ی هەمان بابەت، یان هەمان کەسیش دەبیّ بەبابەتی ناو ئەزموونەکانمان. سارتەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کێشەیە، نمونەی ئامادەبوونی هاوڕێکەی پییەر (Pierre)ی بۆ هێناوینەتەوە، کە بڕیار وا بووە لە قاوەخانەیەکدا بیبینیّ. سارتەر لە کاتی ژواندا دەگاتە قاوەخانەکەو هاوڕێکەی نادۆزێتەوە. ئەم ئەزموونە "نە-بوون"ی هاوڕێکەی بە زەقی دەسەپێنیّ.[35] ئەوەی لێرەدا سارتەر لە کانتو هیگڵ دووردەخاتەوە، ئەوەیە، کە "نەبوون" لای دەبیّ بە سەرچاوەی نەفیکردن. هەروەها نەبوون لە بوون-لەناو-خۆ وە دەرناچیّ، چونکە دەبیّ بخولّقێنریّ. پێویستە خولّقاندنی لەلایەن بوونێکەوە بیّ، کە بڕستی نەفیکردنو پەیداکردنی "نەبوون"ی هەبیّ، یا نەبوونیّ بیّ، کە بە نەبوونی هەبیّو بژی.
ئەم جۆرە بوونەش، کە نەبوون لەناو خۆی گەمارۆداوەو توانایی نەفیکردنی هەیە تەنیا ئاگامەندی، یان بوون-بۆ-خۆیە. بوون-بۆ-خۆ لەگەلّ خۆیدا دەیهێنێتە جیهانەوە. بوون-لەناو-خۆ هەیەو ناتوانین بلّێین نیە، بەلاّم بوون-بۆ-خۆ هەیەو نیە. ئەوەندە هەیە، کە تاکو ئێستا پرۆژەیەکی بوونی بە ئەنجام گەیاندووەو ئەو پرۆژەیە بۆتە بەشیّ لەناوەڕۆکیو شوێنی خۆی گرتووەو بۆتە فاکتەر. ئەم بوونە نیشە، چونکە ناتەواوەو هێشتا نەبووە بەوەی خۆی دەیەویّ ببیّو خۆی پڕ نەکردووە. لەبەر ئەم هۆیە، کەلەبەرێکی گەورەی "نەبوون" لەبوونیدایە. ئەگەر بوون-بۆ-خۆ نەبیّ، ئەوا "نەبوون"و گەلیّ دیاردەی دیکەش، وەکو ڕووخاندن، هەرەسهێنان، تۆقان،...هتد، نابنو واتابەخشیش نابن.

4. کۆجیتۆکەی دێکارت (من بیردەکەمەوە، کەوابوو من هەم) لەلایەکەوە بوون بە پاشکۆی بیرکردنەوە دادەنیّو لەلایەکی دیکەشەوە باسی ئەوەمان بۆ ناکا بوون-بۆ-خۆ چۆن خۆی دەناسیّ. بیرکردنەوە ڕوولەدەرە (Reflective)و بەبیّ بابەت نابیّ. کۆجیتۆکەی دێکارت بوونی مێزەکەی بەردەستم پێدەناسێنیّ. ئیتر لەوە زیاتر ناڕواو ئەو خالّە گرنگەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، کە "من" وەکو ئاگامەندی چۆن هەست بە بوونی خۆم دەکەم. ئایا من چۆن دەزانم، کە ئەوە "من"م، هەست بە بوونی مێزەکە دەکەم؟ یان چۆن بزانم ئەو هەستکردنە ئەزموونی منە؟ ئایا لەم هەستکردنە بە بوونی خۆم "من"یش وەکو مێزەکە دەکەومە بەر ڕۆشنایی ڕوو لە دەری ئاگامەندی؟
ئەگەر "من" وەکو مێزەکە ببم بە بابەتی ئاگامەندی بۆ خۆم، ئایا ئەوە کێیە، کە "من" دەکا بە بابەت؟ دێکارت لە ئاستی وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارانەدا بیرکورتەو بگرە نەشبوون بە کێشە لەناو فەلسەفەکەیدا. لەبەرئەمە، کۆجیتۆکەی ناتەواوەو پێویستیشی بە نەوژینکردنەوە هەیە. بە دیدی سارتەر، ئاگامەندی لە ئەزموونەکانیدا ڕوو دەکاتە دەریّو بابەتەکانی دەخوێنێتەوە. ئەوجا، ئەگەر ئەرکی ئاگامەندی، هەر ئەوەندە بیّو کاری ڕوو لەدەر بیّ، ئەوا بابەتەکان دەناسرێن، بەلاّم نازانریّ کیّ ئەو بابەتانە دەناسیّ ئەمەش دژوارەو خۆیەتی لە ئاستی ئەو بابەتەدا ڕاوەستاوەو هەستی پێدەکا. کاتیّ من هەست بە بوونی مێزەکەم دەکەم، دەزانم کە "من" هەست بە بوونی ئەو بابەتە دەکەم، یان کە تینوومەو حەز لە ئاو دەکەم، دەزانم کە ئەوە منم تینوومەو دەخوازم ئاو بخۆمەوە. ئەم جۆرە ئاگاییە لەگەلّ هەر ئاگاییەکی دیکەدا شان بەشان دەڕواو لێی جیانابێتەوەو لە ئاگایی بابەتەکانیشەوە جودایەو سارتەر ناوی دەنیّ کۆجیتۆکەی پێش-ڕوو-لەدەر (Pre-reflective Cogito).[36] کۆجیتۆی ڕوو-لەدەرو پێش -ڕوو-لەدەر پەیوەندییەکی پێداویستییان بۆ زانین هەیە. ناگونجیّ باوەڕمان بەوە هەبیّ، کە ئاگامەندی بەبیّ ئەوەی بزانیّ هەست بە بوونی مێزەکە دەکا ئەو هەستەی هەبیّ. ئاگامەندی هەرچی ئەزموونێکی هەبیّ، لە ئاستی هەر بابەتێکدا وەستابیّ، ئەوا هەست دەکا، کە خۆی بەو ئەزموونەدا تێدەپەڕیّ. هەر هەستکردن بە بابەتیّ، هەستکردنە بە بوونی خۆ. هەر ئاگاییەك دووفاقییە، ئاگاییە لەبابەتەکەو خۆ-ئاگاییشە. کۆجیتۆی پێش-ڕوو-لەدەر پەیوەندیی بە نەفیکردنی

ناوەکییەوە هەیە، چونکە ئەم کۆجیتۆیە لە ئەنجامی خۆ–ئاگاییدا دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە ئاگامەندی بوون–لەناو–خۆ نیەو لێوەی جیاوازەو ئەم هەست بە بوونی ئەو دەکا.

## بەشی سێیەم

### بڕوای خراپ‌و بڕوای چاك

لەم بەشەدا، لە کێشەیەکی دیکەی فەلسەفەی سارتەر دەکۆڵینەوە، کە کەم لەو زانایانەی لەسەر سارتەریان نوسیوە، بایەخیان پێداوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ سارتەر بە گرنگییەوە لەم کێشەیە نەدوابێ، بگرە بەشێکی گەورەی پەرتووکەکەی "بوون‌و نەبوون" بۆ ئەم کێشەیە تەرخانکردووە.
مەبەستیش لە "بڕوا" بیروباوەڕی خواناسی‌و ئایینی نیە، بڕوای خراپ، یا بڕوای چاك هەڵوێستی ئاگامەندییە لەئاستی خۆیدا بابزانین ئەم هەڵوێستە چۆن خراپە؟
لە بەشی دووەمدا ئاگامەندیمان بە دەسەڵاتێکی نەفیکەردانا. نەفیکردن لە هەموو جۆرە زانین‌و هەڵوێستێکی ئاگامەندیدا بەدیدەکرێ. هەست بە بوونی مێزەکە دەکەم، بەڵام دەزانم من مێز نیم، واتە هەموو کۆجیتۆیەك خۆ-ئاگایی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. ئەم سێ لایەنە (کۆجیتۆی ڕوو-لەدەر، کۆجیتۆی پێش-ڕوو-لەدەرو نەفیکردن) بەبێ یەکدی نابن‌و تەواوکەری یەکدین. دەسەڵاتێکی نەفیکردن لەم نمونەیەدا "من مێز نیم" یان "مێز من نیە" ئاراستەی بابەتێکی دەرەکی کراوەو ئاگامەندی خۆی لەو بابەتەی جیادەکاتەوە.
دەشێ لێرەدا بابەتی ئەم نمونەی نەفیکردن ڕۆڵێکی تەوەریی نەبێ، بەڵام ئاگامەندی لە هەڵسوکەوتیدا لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە ڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی نەفیکردنی خۆی دەدۆزێتەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ ئایا ئاگامەندی دەتوانێ خۆی نەفی بکا؟ ئەم بەشە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە تەرخاندەکەین.
بەدیدی سارتەر نەفیکردنی خۆ، یا کاتێ ئاگامەندی حاشا لە چۆنیەتیی خۆی دەکا وەکو ئاگامەندی، تووشی بڕوای خراپ دەبێ. ئەمەش ئاگامەندی دەخاتە بەردەم هەڵوێستی درۆکردن لەگەڵ خۆدا. بڕوای خراپ جۆرێکە لە درۆکردن‌و لە هەمانکاتدا لە درۆکردنەوە جیاوازە. بونیادی ئۆنتۆلۆجیی درۆکردن دوالیستییە. لە درۆکردندا دوو لایەن: درۆکەرو درۆلێکراو بەرەنگاری یەکدی دەبنەوە. هەروەها درۆکەر ڕاستییە شاراوەکە لە درۆلێکراوەکە دەناسێ، چونکە ئەگەر ئەو ڕاستییە شاراوەکە نەناسێ، ئەوا ناتوانێ درۆکە هەڵبەستێ. با بڵێین پیاوێ دۆستێکی هەیەو ئێوارە پێکەوە دەبن کە پیاوەکە شەو درەنگ دەگەڕێتەوە لای ژنەکەی‌و ژنەکەی بە پەرێشانیەوە دەپرسێ بۆچی دواکەوتی؟ لە وەڵامدا پیاوەکە دەڵێ: "ئوتومبێلەکە لەسەر ڕێگا بەنزینی لێبڕا". لێرەدا پیاوەکە ڕاستیی دواکەوتنەکەی خۆی دەزانێ، بەڵام ئەو ڕاستییە دەرناخاو بیانوویەکی دیکە پەیدادەکاو درۆ لەگەڵ ژنەکەی دەکا. درۆکردن دوالیستی درۆکەرو درۆلێکراو بە مەرج دادەنێ. ئەگەر درۆکەر نەبێ، یا کەسێ نەبێ درۆی لەگەڵدا بکرێ، ئەوا درۆش نابێ. درۆکردن هەڵوێستی ئاگامەندییە لە ئاستی کەسانی دیکەدا. کۆنتڕاستی ئەمە، بڕوای خراپ، یان درۆ لەگەڵ خۆ کردن، لەسەر بونیادی ئۆنتۆلۆجی دوالیستی ڕانەوەستاوەو ئەگەر شێوازێکی دوالیستانەش بەخۆوە بهێڵێتەوە، ئەوا ئەو شێوازە لۆجیکییانە، وەکو ئەوەیە کەسێ لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی بکا. شێوەی کەسەکە لەناو ئاوێنەکەدا نرخی ئۆنتۆلۆجییانەی نیەو حەقیقەتەکە یەك کەسە. لەبەر ئەمە، لە بڕوای خراپدا، درۆکەرو درۆلێکراو یەك کەسەو کەسی دیکە لەگەڵیدا بەشداری

ئەم درۆکردنە ناکا. بێگومان ئەم کێشەیە، بۆ هەندێ کەس، تەنانەت بۆ ئەوانەی لەسەر سارتەریشیان نووسیوە، پارادۆکسە. ڕۆناڵد سانتۆنی یەکێکە لەو نووسەرانەی ڕەخنەی لە سارتەر گرتووەو بەدیدی ئەم نووسەرە، کەسێ ناتوانێ درۆ لەگەڵ خۆیدا بکا، یاخود ڕاستی لەخۆی بشارێتەوە.[1]

لەپێشتردا باسکرا ئاگامەندی ئاگاییە لە بابەتێك و خۆ-ئاگاییشە. ئاگامەندی لە دەرککردنی بابەتەکاندا ئاگای لەخۆیەتی. بەمشێوەیە، خۆ-ئاگایی، کە لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئاگامەندایە، خۆناسە، ڕووی چاك و خراپی خۆی دەناسێ و ساتێ لەخۆی غافڵ نابێ ئەمەش ڕەتدانەوەی دەروونناسیی فرۆیدیانەیە، کە باوەڕ بە ڕووی شاراوەی ئاگامەندی هەیەو لە ئاستی هەندێ هەڵوێست و هەڵبژاردندا ئاگامەندی بەبێ ئاگا دادەنێ.

بونیادی ئۆنتۆلۆجیی ئاگامەندی تەنیا لەوەدا نیە، کە ئاگامەندە لە بابەت و لەخۆ، بەڵکو ئاگامەندیی بە پێچەوانەی "بوون-لەناو-خۆ"وە ناتەواوەو بە نەبوونی پەیدابووە. ئەو هەیەو نیە، یاخود نیەو هەیە. لەگەڵ هەر شتێکدا کە هەیەتی، لەناو ئەو نەبوونەیدا دەژی، کە هێشتا زۆر شتیتر هەیە نیەتی. با بڵێین شێرکۆ بێکەس شاعیرە. شاعیریی خسڵەتێکە ئێستا لە بوونی شێرکۆ دایە. پڕۆژەکە، کە ئەم کەسە بە ئەنجامی گەیاندووە، یان هێشتا بۆ ئەنجامدانی بەردەوامە، ئەو واتایە ناگەیەنێ، کە شێرکۆ بێکەس بەهیچیتر نابێ و وەکو چۆن دەڵێین مێزەکە زەردە وەهاش دەڵێین شێرکۆ بێکەس شاعیرە. گەلێ پرۆژەی دیکە هەن لە ژیانی شێرکۆدا هێشتا بە ئەنجام نەدراون و هەندێکیش بە ئەنجام دراون و لەوە زیاتر گۆڕانکارییەکان تێیدا ڕوونادەن. بەمشێوەیە، ئاگامەندیی بوون و نەبوونە. شێرکۆ شاعیرە ئەمە شتێکە هەیە. هەروەها شێرکۆ لەوەش زیاترە کە هێشتا نیە یا نەبووە. ئەگەر لایەنی نەبوون لە ئاگامەندی دابڕین، ئەوا دەبێ بە بوون-لەناو-خۆو گۆڕانکاری تیادا ڕوونادا. بوون-لەناو-خۆ، یان بوونێکی تەواوکۆ (وەکو بوونی خوای ئایینەکان) پێناسێکی تەواوی بۆ دادەنرێ. لە تەورات دا نوسراوە، کە موسا خوا دەبینێ. دەپرسێ ئەوە چییە؟ خوا لە وەڵامدا دەڵێ: "من شتێکم هەیە."[2] ئەم پێناسەیەی تەورات بۆ بوونی خوا دروستە، چونکە ئایینەکان خوا بە تەواوکۆ دادەنێن، کە هەیەو لە گۆڕان بەدەرە. ئاگامەندی نەبوون-لەناو-خۆیەو خوایە، بەڵکو هەیەو نیە.

بەپێچەوانەی پێناسەکەمان بۆ ئاگامەندی، بڕوای خراپ باوەڕی بە نەبوونی ئاگامەندی نیە. لەبەرئەمە، نەفیکردنی نەفیکردنەو بوونی ئاگامەندی لە هەبووندا دەبینێ و لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی خۆی دەترازێنێ.

لە هەستکردنم بە مێزەکەوە دەگەمە ئەو باوەڕەی، کە من مێز نیم. ئەمە لەخۆیدا نەفیکردنی "من"ـە وەکو بوون-لەناو-خۆ، چونکە "من" وەکو مێزەکە هەبوو نیم، مێزەکە شتێکە هەیە، بەڵام من نەبوونیشم.

نەفیکردنی ئەم نەفیکردنەی کە من بوون-لەناو-خۆ-نیم، یان نەفیکردنی نەبوون دەبێ بەبڕوای خراپ.[3] ئاگامەندی بنچینەی بڕوای خراپە. بێجگە لە ئاگامەندی هیچ بوونێکی دی توانای نەفیکردنی نەفیکردن و نەفیکردنی "نەبوون"ی نیە. ئەگەر ئاگامەندی هەبێ، ئەوا بڕوای خراپیش دەبێ، یان بڕوای خراپ نابێتە مەحاڵ.

پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و بڕوای خراپ پێداویستییەکی لۆجیکانە نیە، بەڵکو ڕووداوە "دواکەوتە"، هەڵوێستێکی نێگەتیڤی ئاگامەندانەی ئاگامەندییە لەئاستی خۆیدا، حاشاکردنە لە بونیادی ڕاستەقینەی ئۆنتۆلۆجیانەی ئاگامەندی، کە بوون و نەبوون لەناو خۆیدا دەپێچێتەوە. مەبەستمان لە "ڕووداو" ئەوەیە، کە بڕوای خراپ بەشێ نیە لەو بونیادە ئۆنتۆلۆجییەی ئاگامەندی، بەڵکو شتێکی داهێنراوە. ئاگامەندی خۆی ئەم شێوازەی بەسەر خۆدا سەپاندووەو خۆیشی دەتوانێ وەکو کاڵایەك لەبەر خۆیی داکەنێ. وەکو چۆن بڕوای خراپ هەیەو شتێکی گونجاوە، ئاگامەندی ئەو دەسەڵاتەشی هەیە لە بڕوای چاکدا بژی و لەوە زیاتر درۆ لەگەڵ خۆیدا نەکا.

بە بۆچوونی من، کێشەی بڕوای خراپ، وەکو نەفیکردنی نەفیکردن، گرفتی پێناسەکردنی بوون-بۆ-خۆمان لەلا سەختتر دەکا. ئەگەر لە پێناسەکردنی کەسێکدا، وەکو، شێرکۆ بێکەس، لەو خسڵەتانە بدوێین، کە هەن و ئاماژەی "نەبوون" نەکەین، بێگومان ئێمە بوونی ئەو کەسە لەبوون-بۆخۆوە ڕادەماڵینە سەر بونیادی ئۆنتۆلۆجیی بوون-لەناو-خۆ. کاتێ دەڵێین "شێرکۆ بێکەس شاعیرە" وەکو ئەوەیە بڵێین "مێزەکە زەردە" بوونی شێرکۆ لەگەڵ بونیادی

ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆ-خودا دژوارەو ناکۆکە. بوون-بۆ-خۆ پێناسە ناکرێ، چونکە ناوەڕۆکی نیەو لەگۆڕاندایە. پێناسەکردنی ئاماژەکردنە بۆ خسڵەتێکی نەگۆڕ، یان ناوەڕۆکێکی چەسپاو، کە لە بوون-بۆ-خودا نیەو نابێ. ئەوەی ڕێگە دەدا بۆ داتاشینی پێناسە: بۆ بوون-بۆ-خۆ ڕەتدانەوەی بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەیەتیو گۆڕینێتی بۆ بوون-لەناو-خۆ.

چارەسەری ئەم کێشەیە لەلای زانایانی وەکو سارتەرو هایدیگەر لە ڕەتکردنەوەی دانانی پێناسەیە بۆ کەسێ. لەبەر ئەوەی ئاگامەندی ناوەڕۆکی نیە، ناتوانین بڵێین شێرکۆ بێکەس شاعیرە. یان ئیسماعیل خەیات هونەرمەندە. ئەم پێناسەکردنە هەبووی ئەم کەسانە دیاری دەکاو وەکو بوون-لەناوە-خۆدا پیشانمان دەدا. ڕێگەیەکی دیکە، بێجگە لەو ڕێگەیەی سارتەر وهایدیگەر باسیدەکەن، بۆچارەی ئەم گرفتە ئەوەیە کە ئاگامەندی هەمیشە تاکو ئەو ڕۆژەی لە مردندا خۆی تەواودەکا، وەکو چالاکی "گەشەکردنو گۆڕان" بناسرێ. لەم حاڵەتەدا، بۆئەوەی لە پێناسە کاتیەکانماندا بوون-بۆ-خۆ بناسین، باشتر وایە بڵێین، کە "شێرکۆ بێکەس شیعر دەنوسێ" یان "ئیسماعیل خەیات وێنە دەکێشێ". شیعر نووسینو وێنەکێشان دوو کردارن، کە شێوازی چالاکی ئەو کەسانەمان بۆ دەردەخەنو لەهەمانکاتدا ئەو خاڵەش دیاری دەکەن، کە ئەم کەسانە لە گۆڕاندان. دەشێ لە داهاتوویەکی نزیکدا واز لەو کارەبهێننو پرۆژەیەکی دیکە بەدەستەوە بگرن . ناوەڕۆکی بوون-بۆ-خۆ لە بوونیدایەو بوونیشی دینامیکییەو نابێ بەوشێوەیە باسی ناوەڕۆکی بکرێ، کە ئەو دینامیکییەی دەستخەڕۆ بکرێ.

بڕوای خراپ، زاراوەیەکە تایبەتە بە سارتەر. بەڵام ناوەڕۆکی کێشەکەی گرنگو لایەنێکی گەورەی فەلسەفەی بوونخوازییە، کە بەرەو قەیرانی ناسنامەو نامۆییو ناڕەسەنیەتی بوونمان دەبات. هایدیگەر لەپێش سارتەردا لەپەرتوکەکەیدا "بوونو کات" لەسەر ناڕەسەنیەتی بوونی (Inauthenticity) نووسیوە. بەدیدی هایدیگەر هەرتاکێ (دازاین) خاوەنی بوونی خۆیەتیو تایبەتمەندەو لەئەنجامدانی پرۆژەکانی ژیاندا ناوەڕۆك بۆ خۆی دروستدەکات. ئەگەر تاك ئەم پرۆژانە بۆ خۆی هەڵبژێرێو خۆیشی بڕیار لەسەر ئەنجامدانیان بدا، ئەوا بە ڕەسەنی دەمێنێتەوە، یان وەکو سارتەر دەڵێ: بە بڕوای خراپدا ناڕوا. وازهێنان لە پرۆژەکانو گواستنەوەی ئەو هەڵبژاردنەو بڕیاردان لەسەریان، لەتاکەوە بۆ کەسانی دیکە، ئەو تاکە تووشی نامۆییو ناڕەسەنی دەکاو دەبێتە هۆکارێ بۆناتەباییو شڵەژاندنی ناوەڕۆکی ڕەسەنو خۆ ونکردن لەناو کەسانی دیکەدا.[4] مەبەستی هایدیگەر لەم شیکردنەوەیە دانانی دژایەتی تاكو کۆمەڵ نیەو باسی ئەوەمان بۆ ناکا، کە تاك دەبێ دوورەپەرێز بێو لێپرسینەوەی مێژوویی خۆی بخاتە پەراوێزی پرۆژەکانیەوە. پەراوێزگیری شێوازێکی بڕوای خراپو نامۆیە. مرۆڤ بیەوێو نەیەوێ، ئاگامەندو داهێنەری مێژووەو لە ئاستی ڕووداوەکاندا بەرپرسیارە، شێوازی ناڕەسەنیی بوون بەوجۆرە ناڕێکە ڕۆڵی تەوەرەیی تاك لە مێژوودا دەبڕێو بوونی تایبەتیشی دەسڕێتەوە. بە پێچەوانەی ئەمشێوازەوە، لە باسی ڕەسەنیەتیی بووندا تاكو کۆمەڵ ناکرێن بە قوربانی یەکدی، کۆمەڵ هەوڵی لەناوبردنی تایبەتمەندیی تاك نادو "تاك"یش بە ئاگاوە، وەکو مرۆڤێکی خۆناس بەشداریی گۆڕانکارییەکان دەکاو بوونی خۆی دەسەلمێنێ.

سارتەر لە لێکۆڵینەوەیەکدا دوو شێوازی بڕوای خراپی بۆ دیاری کردووین: یەکەمیان، گۆڕانی بوون-بۆ-خۆیە. بۆ بوون-لەناو-خۆو ساخکردنەوەی خسڵەتێکی هەبوو بەسەر بووندا، کە بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەی خۆی "هەیەو نیە" لەدەستدەدا. دووەمیان: گۆڕانی بوون-بۆ-خۆیە بۆ بوون-بۆ کەسانی دیکە.

بۆ ڕوونکردنەوەی شێوازی یەکەم سارتەر دەڵێ: "نمونەی ئەو ئافرەتە دەخەینە پێش، کە بۆ یەکەمجار لەگەڵ پیاوێکدا دەردەچێ. ئافرەتەکە مەبەستو ئارەزووی پیاوەکەی پێخۆشەو دەزانێ زوو یا درەنگ ئەمیش دەبێ وەڵامێکی بداتێ. بەڵام نایەوێ پەلەی لێ بکا. ئافرەتەکە دەڕوانێتە ڕەفتاری پیاوەکەو هەر هەڵوێستێکی هەبێ، ئەوا بە چوونەپێشەوەی دانانێ. ئەگەر پیاوەکە بڵێ "تۆ جوانی" ئەم گوتەیە، لە هەموو پێشخانێکی سێکسی ڕادەماڵێ، وەکو چۆن مێز خڕە، یا لاکێشە، یا ڕەنگی دیوارەکە شینەو وەها پیاوەکە بە چاكو بەڕێز دادەنێ. خسڵەتەکانی پیاوەکە، وەکو خسڵەتی شتێ

بە چەسپاو دادەنێ ئافرەتەکە نازانێ چیی دەوێ. ئەو ئاگای لە حەزو ئارەزوەکانی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر دەریانبڕێ، زەق و ناشیرین دەردەکەون. لەهەمانکاتدا، جوانیی لە ڕێزلێنان نابینێ. ڕێزلێنان بێجگە لە ڕێزلێنان چی دیکە نیە."[5]

"با بڵێین پیاوەکە دەستی ئافرەتەکە دەگرێ. بەم هەنگاوە داوای هەڵوێست لە ئافرەتەکە دەکاو دەبێ بڕیاری خۆی بدا، بەڵام ئەو نایەوێ زوو بڕیاری لە سەر بدا. ئەگەر دەستی خۆی لەناو دەستی پیاوەکەدا هێشتەوە، ئەوە دەگەیەنێ کە رازییە. ئەگەر دەستی لابدا، لەوانەیە دانیشتنەکە تێکبدا. ئێمە دەزانین پاش ئەمە چی ڕوودەدا. پیاوەکە دەستی ئافرەتەکە بەرنادا، بەڵام ئافرەتەکە نایەوێ هەست بەوە بکا، کە پیاوەکە دەستی گرتوەو خۆی وەکو هۆش دەبینێ... جەستەی لە هۆشی جیادەکاتەوە. دەستی ئافرەتەکە لەناو دەستی گەرمی پیاوەکەدا دەمێنێتەوە. ئافرەتەکە دەستی خۆی لانادا و هەستیش بە بوونی دەستی خۆی لەناو دەستی پیاوەکەدا ناکا."[6]

ئەم ئافرەتە بە سێ جۆر خۆی تووشی بڕوای خراپ کردوە: حەزو مەبەستی ناوەوەی پیاوەکەی گۆڕیوەتە سەر بەهای رەوشتی و ڕێزلێنان و ئەوەی لە پیاوەکەی دەبیستێ، بە بانگەوازێکی سێکسی دادەنێ. دووەم: حەزو ئارەزووەکانی خۆیشی شاردۆتەوەو وابیر لەخۆی دەکاتەوە، کە "جەستە" نیە. سێیەم: خۆی وەکو ئاگامەندی ڕووت دەبینێ. ئاگامەندیش، کە "نەبوون"ـە، یان "نیە" بووە بەشتێکی هەبوو. ئەوەی هەیە بووە بە شتێ، کە نیە، ئەوەی نیە بووە بە شتێ، کە هەیە.

بوون-بۆ-خۆ بووە بە بوون- لەناو-خۆ. هەروەها خسڵەتی نەبوونیش دراوە بە بوون-لەناو-خۆ. ئەو بە تەنیا نایەوێ خۆی لە بڕیاردان دوا بخا، بەڵکو لە ئاستی حەزو ئارەزووی پیاوەکەو خۆشیدا درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکا.

شێوازێکی دیکەی بڕوای خراپ گۆڕانی بوون-بۆ-خۆیە بۆ بوون-بۆ-کەسانی دیکە. ئەم شێوازەش لەلای هایدیگەر بەناوی (Inauthenticity)، یان ناڕەسەنیی بوونەوە باسکراوە. تاك لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی کەسانی دیکەوەو بگرە بۆ ئەوان دەژی. ئەوەی ئەوان بڕوای پێدەکەن، ئەویش بڕوای پێدەکا. ئەوەی ئەوان حەزی لێدەکەن، ئەویش حەزی لێدەکا. ئەوەی ئەوان دەیانەوێ ئەویش ئەوە دەکاو ڕەسەنێتیی بوونی خۆی وندەکاو کەسانی دیکە بڕیار لەسەر پرۆژەکانی دەدەن. بونیادی ئۆنتۆلۆجی بڕوای خراپ لە هەردوو شێوازەکەدا لەوێدایە، کە خسڵەتی بوون-بۆ-خۆ رەتدەداتەوەو ئەو بوونە بووە بەشتێکی هەبوو، ناسنامەشی پێدراوەو لەوەش زیاتر ناخوازێ. بوون-بۆ-خۆ، کە راخەری ئۆنتۆلۆجییەکی لە راخەی ئۆنتۆلۆجیی شتەکانی دیکەوە جیاوازە، خاوەنی ناسنامە نیەو تاکو ئەو ڕۆژەی دەمرێ، ناتوانێ ببێتە هەڵگری ناسنامە. لە مردندا، بوون-بۆ-خۆ راخەری ئۆنتۆلۆجیی خۆی جێدەهێڵێ و دەبێتە بوون-بۆ-خۆو لەوەش زیاتر بە هیچی دیکە نابێ، چونکە مردن دوا پرۆژەیەکە بە ئەنجام بدرێ و کۆتایی بە پرۆژەکانی داهاتوو بهێنێ. لە پێشتردا باسمانکرد، کە بوون-بۆ-خۆ ناتەواوەو تەوژمێکی بێ قەرارەو برگسۆن گوتەنی گڕکان ئاسا ڕوو لە بڵندی دەکا. ئەوەی پێی دەگا وێستگەیەکی سەرتاییە بۆ گەیشتن بە بڵندییەکی دیکە. لەبڕوای خراپدا، ئەم خسڵەتە لە بوون-بۆ-خۆ سەندراوەو کراوە بە شت. داماڵینی خسڵەتە ئۆنتۆلۆجییەکانی بوون-بۆ-خۆ لە بڕوای خراپدا ڕووداوێکی بەسەردا سەپێنراوی دەرەکی نیە. مرۆڤ (ئەوەی لە بڕوای خراپدا دەژی) خۆی ئەم شێوازەی بوونی بەسەر خۆیدا سەپاندووە. لەکاتێکدا دەسەڵاتێکی دەرەکی ئەو شێوازە دەرەخسێنێ و خسڵەتە بنەڕەتییەکەی بوون-بۆ-خۆ رەتدەکاتەوە. ئەوا ئەو مرۆڤە، لە بڕوای خراپدا ناژی، بەڵکو تووشی نامۆیی (بێگانە) دەبێ.

پوختەی باس، بڕوای خراپ و نامۆیی لە ئاکامی "بوون بەشت"ـەوە پەیدادەبن، کە لە هەردووکیاندا ئازادی رەتدراوەتەوەو تاك لە جەنگی خۆ بووندا دۆڕاوە. جیاوازییان لەوێدایە، کە لە بڕوای خراپدا مرۆڤ خۆی ئازادیی خۆی قبوڵناکاو لە نامۆییدا کەسانی دیکە باوەڕ بە ئازادی ئەو مرۆڤە ناهێنن. کەسێ لە ژیاندا بە گوێرەی کەسانی دیکە بژی و سەرمەست بێ بەوەی ئەوان لێی رازی بن، بوونی بە دوو جۆر لێکدەدرێتەوە. ئەگەر ئەو بارودۆخە لەژێر زەبرو تێزی هێزو دەسەڵاتی دەرەکیدا رەخسابێ، ئەوا ئەو کەسە نامۆیە. لە حاڵەتی دووەمیشدا، ئەگەر ئەو شێوە ژیانە

هەڵبژاردنی خۆی بێ، ئەوا بڕوای خراپی هەیە. نمونە بۆ بڕوای خراپ زۆرن، بەڵام هەموویان هۆبەندن بەو گۆڕانکارییە ئۆنتۆلۆجییەوە، کە بوون-بۆ-خۆ دەکاتە بوون-بۆ-ناخۆ، یا بوون-بۆ-کەسانی دیکە.
پاش ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانو واتای بڕوای خراپ، کاتی ئەوە هاتووە باسی بڕوای چاك بکەین. باسمانکرد، کە بڕوای خراپ درۆ-لەگەڵ-خۆ کردنەو لەم بڕوایەدا مرۆڤ ڕاستیی بوونی خۆی لە خۆی دەشارێتەوە. ئەوجا ئەگەر بڕوای خراپ لەگەڵ بڕوای چاکدا ناکۆك بێو درۆ-لەگەڵ-خۆ کردن بێ، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی، کە لە پێناسەکردنی بڕوای چاکدا ئەو باوەڕەیە، درۆکردنە لەگەڵ خۆ، یان ناسنامە نیەو بوونیش بۆ کەسانی دیکە نیە، بەڵکو بوونێکە، کە هەیەو نیە. لەبەر ئەوەی هەیەو خاوەنی "فاکتەسیتی"ی بەسەردا سەپێنراوە. بە فرمانی ئەوەی بوون-بۆ-خۆ ناتوانێ حاشا لە فاکتەسیتیەکانی بکا، ڕوو وەرگێڕانو پشتتێکردنیان دەبێتە بڕوای خراپ. لەبەر رۆشنایی ئەو فاکتەسیتییانەدا (شوێنو کاتی لەدایکبوون، سێکسو پرۆژە بە ئەنجامدراوەکان) ئەو بوونە، تاڕادەو پلەیەك دەناسرێ. ناسین لێرەدا داتاشینی پێناسێکی نەگۆڕ نیە، کە ناسنامە بوون-بۆ-خۆمان بۆ دەردەخا. ناسنامە ڕەگەزی بونیادی ئۆنتۆلۆجیی بوون-لەناو-خۆیەو ئەگەر ئەو ڕەگەزە بخەینە سەر بونیادی ئۆنتۆلۆجیی بوون-بۆ-خۆ، ئەوا ئەو بوونە تووشی نشوستیو وەستان دەبێو خسڵەتە بنەڕەتییەکانی خۆی لەدەستدەدا. ئەم بۆچوونەمان وابەستە بەو جیاوازییە ئۆنتۆلۆجییانەی لە نێوان ئەم دوو جۆرەی بوون، کە ئاماژەمان بۆکردن. بوون-بۆ-خۆ بێ ناسنامەیەو تاکو رۆژی مردنی لەناو قەیرانی ناسنامەدا دەژی، چونکە ئەم بوونە گۆڕانێکی بێ قەرارو بێ پشووە وەکو بوون-لەناو-خۆ چەق بەستوو نیە.
سارتەر، لە پەرتووکی "بوونو نەبوون"، بەشێکی کورتی بۆ بڕوای چاك تەرخانکردووە. لەدوو پەرتووکی دیکەدا: رۆژمێرەکانی ناو جەنگو (دژ بەسامیو جوولەکە) زاراوەی "ڕەسەنێتیی بوون"ی لەبری بڕوای چاك بەکارهێناوە. ئەمەش ناکۆکیی بیروباوەڕی ئەم زانایە ناگەیەنێ، چونکە هەردوو زاراوەکە (بڕوای چاكو ڕەسەنێتیی بوون) واتای ئۆنتۆلۆجییان هەیەو جیاواز نینو هەردووکیان واتای خۆ-ناسین دەبەخشن. لەم دوو پەرتووکەدا، سارتەر بناغەی ئۆنتۆلۆجیی بڕوای چاکی بە واقیعی بەردەستەکییەوە گرێداوە. لە پەرتووکی یەکەمدا، کە یادداشتەکانی سارتەرە لە رۆژانی جەنگی جیهانیی دووەمو بەدیلگیرانی سارتەر لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوەیە، دەبینین لێرەدا کێشەی ڕەسەنێتیی بوون لەژێر فرمانو دەسەڵاتی ڕووداوەکاندا پەلدەکوتێو بۆ بوونخواز دەبێتە گرفتێکی قووڵ. جەنگ کارەساتو مەرگەساتە، هەڕەشە لە بوون دەکاو دەیخاتە سەر کەندەڵانی لەناوچوونو ڕووخان. لە ئەزموونی جەنگدا بوون-بۆ-خۆ تایبەتمەندیی خۆی لەدەستدەداو دەبێتە یەکێ لە ژمارەکان لە مەیدانی جەنگدا، یان زینداندا، یان یەکێ لە سەربازە ونبووەکان. لەناو ئەو ئاگرە هەڵگیرساوەدا، بەرا دەرەکیەکان بەسەریدا ساغدەبنەوەو ڕێگەی پێنادرێ پرۆژەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ. سارتەر وەکو بوونخوازێ بە ئەزموونی جەنگدا تێدەپەڕێو بەئاگاوە، بەبێ ڕێ هەڵەکردن، دەڕوانێتە ئەو شێوازە تێکشکاوەو تێخنراوەو باس لە ڕەسەنێتیی بوون دەکاو دەڵێ: "ڕەسەنێتیی بوون هاوبەندە بە هەڵوێست لە ئاستی بارودۆخی دەرەکیدا... مەبەست لە ڕەسەنێتیی بوون ئەوەیە، کە مرۆڤ بە ئاگاوە، هەڵوێستی خۆی لەناو ئەو بارودۆخەدا دیاری بکا."[7] لەهەمان پەرتوکدا، لە شوێنێکی دیکەدا سارتەر دەڵێ: "مرۆڤ ئازادە، ئەمەش ئەو واتایە دەگەیەنێ، کە خۆی دروست دەکا. مرۆڤ نایەوێ بوونی خۆی بپارێزێ، یان زیادی بکا، بەڵکو دەیەوێ خۆی بدۆزێتەوەو خۆی بناسێ... بۆ ئەمەش خۆی دەکا بە بناغە."[8]
ئەم وتەیەی سارتەر پەیوەندیی لۆجیکیی بەو ڕاخەرە ئۆنتۆلۆجییەوە هەیە، کە بوون-بۆ-خۆی لەسەردا دامەزراوەو لە هەمانکاتیشدا بەرەو کێشەی ئاکاری (ئەخلاقی) پەلمان رادەکێشێ. خۆدانان بە بناغە ڕەتکردنەوەی بناغە دەرەکییەکانە بۆ ڕەهاکانی ژیانو پەیڕەوکردنی ڕێڕەوی نهێڵستییە ڕووشتییەکە، کە "فرێدریك نیچە"ش بە ئاشکرا، لە وتەیەکیدا "خوا مردووە" پەنجەی بۆ رادەکێشێو سۆپەرمان دەکاتە سەرچاوەو داهێنەری بەها ڕەوشتییەکان.[9] ئەم بۆچوونەی سارتەر، کە زیاتر لە "بوونو نەبوون"دا بووە کێشەیەکی سەرەکی، جیاوازیی لەگەڵ بۆچوونە

نهێڵستییەکەی نیچە دا نیە. لە هەردوو بۆچوونەکەدا مرۆڤ خاوەنی جیهانو خۆیەتیو بوونیشی لە نەبوونەوە بەرەو نەبوون رەتدەکاو ئەوەی هەیەتی دەکەوێتە نێوان ئەم دوو نەبوونەوە. لەڕاستیدا فەیلەسووفە بوونخوازەکان، لە کیکیگاردەوە بۆ هایدیگەرو سارتەر، تیۆرێکی رەوشتییان نەخستۆتە پێشو بە ئاشکراش لەم کێشەیە نەدواون، بەڵام کێ هەیە فەلسەفەیەك، کە لە ئازادیو لێپرسینەوەو پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ بکۆڵێتەوە، لەو باوەڕەدا بێ خۆی لە قەرەی کێشەی رەوشت نەداو نەیەوێ باسی بکا؟ هایدیگەرو سارتەر، هەردووکیان بەڵێنیان داوە لەسەر کێشەی رەوشت بنووسن. هایدیگەر مردو ئەم پرۆژەیەی نەهێنایە ئەنجام. سارتەریش، لەدوای مردنی، یەکێ لە نووسینە بڵاونەکراوەکانی، کە بە ناونیشانی "هەندێ نووسین دەربارەی رەوشت"، لە ساڵی 1983 بە زمانی فەڕەنسیو لە ساڵی 1992ش دەیڤید پێلاوەر (David Pellauer) بە زمانی ئینگلیزی بە ناونیشانی *Notebooks for an Ethics* بڵاویکردۆتەوە.

سارتەر لەو باوەڕەدا بووە، کە مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا، یان ڕەسەنە، یان ناڕەسەن، لەیەککاتدا نابێ هەردووکیان بێ، یان هیچیان بێ. مرۆڤ، یان بە ڕەسەنیو یان بە ناڕەسەنی دەکەوێتە زۆران ململانێ. ژیان بە ڕەسەنی مسۆگەریی ئەوەی تیادا نیە، کە مرۆڤ جارێکی دیکە دووچاری ناڕەسەنی نەبێ. کەسێکیش ناڕەسەن بوو، ئەوە ناگەیەنێ هەمیشە بە ناڕەسەنی دەمێنێەوەو نابێتە مرۆڤی ڕەسەن. ڕەسەنیو ناڕەسەنیی بوون بەندن بە هەڵوێستی هەمەجۆری بوون-بۆ-خۆ لە ئاستی ڕووداوەکانی ژیانو بارودۆخی بەسەردا سەپێنراوو بنەمای ئۆنتۆلۆجی یان میتافیزیکییان نیە.

لە پەرتووکی "دژی سامیو جوولەکە"دا، جارێکی دیکە سارتەر نمونەی هەڵوێستی "بوون بە جوو"ی لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا بۆ هێناوینەتەوە. بە بڕوای من، کێشی ڕەسەنێتیی بوون، لەم پەرتووکەدا ڕاستەوخۆ وابەستە بە بڕوای خراپو بڕوای چاکەوە، کە لە "بوونو نەبوون"دا شوێنێکی تایبەتیان داگیرکردووە. لە ڕوونکردنەوەکەماندا، لەسەر بڕوای خراپ لەوە دواین، کە بوون-بۆ-خۆ، بەپێچەوانەی بوون-لەناو-خۆ هەیەو نیە. لایەنی "هەبوو"ی راخەری فاکتەسیتیەکانە، کە لەوە زیاتر گۆڕانکارییەکان تیایدا ڕوونادا. بۆ نمونە، من لەساڵی 1955 لە شاری کەرکوك هاتوومەتە دنیاوەو کوردمو باوکی دوو منداڵم. ئەمانە تاقمێ فاکتیستی بوونی منن من دەسەڵاتی گۆڕانیانیم نیەو ناتوانم نکۆڵییان لێ بکەم. لە هەمانکاتیشدا، من ئەم هەبووانە نیم، بەڵکو "نیە"شم. گەلێ پرۆژەی بە ئەنجام نەدراوو نەهاتوو لە بوونمدا هەن، کە ناوەڕۆکی من هەڵدەچنن‌و باڵەخانەکەی بەرزدەکەنەوە. بەڵام ئەو پرۆژانە نەبوون. رەتدانەوەی هەر یەکێ لەم لایەنانەی بوون "هەیەو نیە"، ئەنجامەکەی بڕوای خراپە. ئەگەر من خۆم بە هەبوو دابنێم، ئەوا دەبم بە بوون-لەناو-خۆ. وەکو ئەو بوونەش ئازادی دەدۆڕێنمو خۆم لە لێپرسینەوە دەدزمەوە. رەتدانەوەی لایەنەکەی دیکەی بوونیش (هەیە)، ئەوە دەگەیەنێ من نکۆڵی لە فاکتەسیتی خۆم دەکەمو خۆم بە خاوەنی دانانێم، ئەمەش لە خۆیدا خۆدزینەوەیە لە لێپرسینەوە، رەتدانەوەو لایەنەکانی بوون-بۆ-خۆ هەڵوێستەو لە ئەنجامی خۆڕسکێکی نەگۆڕو چەسپاودا پەیدانەبووە، کە هێزێکی دەرەکی میتافیزیکی بەسەر مرۆڤدا سەپاندبێتی. مرۆڤ لە ڕووبەڕوو بوونەوەیدا لەگەڵ دەوروبەرو هێزو دەسەڵاتەکانی دەوروبەرو ژینگەیدا دەبێ هەڵوێستی خۆی دیاریبکا. ئەم دیاریکردنەش بڕیار لەسەر ڕەسەنیو ناڕەسەنی بوونی دەدا. لێرەدا، وەکو سارتەر ئاماژەی دەکا، ڕەسەنێتیی بوون بۆ مرۆڤێکی "جو" لەناو ئەو باروجۆخە نالەبارەی مێژوودا لەنێوان جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەوەیە، کە ئەو "جو"ـە نکۆڵی لە بوونی خۆی، وەکو "جو" نەکاو چاو لەو فاکتەسیستیەی خۆی نەپۆشێو لە واقعیەتی بوون بە "جو" رانەکا. ئەگەر جوێك نکۆڵی لە واقیعەتی خۆی کرد ئەوە دەگەیەنێ، کە "هەبووی" خۆی رەتدەکاتەوەو تووشی بڕوای خراپ دەبێو بەناڕەسەنی دەژیو ئایدیۆلۆجی رەگەزپەرستانەش بە گونجاو دەزانێو بایەخو گرنگیی پێدەدا.[10]

## بەشی چوارەم

### بونیادی ئۆنتۆلۆجیانەی سەربەستی

گۆڕانەکانی ناو بیروباوەڕی سارتەر بە راڤەکردنی سەربەستیی مرۆڤ هەر لە پەرتووکی "بوون‌و نەبوون"ـەوە تاکو دوا پەڕتووکی بەناوی "هەندێ تێبینی دەربارەی رەوشت" پاشەکشەو پاشگەزبوونەوە لە بۆچونەکانی پێشووی نیە، بەڵکو پێویست‌و لۆجیکمەندانە پێکەوە گرێدراون. بێگومان، بە ئاوڕدانەوەمان لە ژیان‌و سەردەمی سارتەر، ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێ، کە گۆڕانەکانی بەندبوون، بەدیاریکردنی هەڵوێست‌و ڕووداوو بەسەرهاتەکانی نێو مێژوو. ئەو بونیادە ئۆنتۆلۆجییەی سارتەر، بۆ سەربەستیی مرۆڤ، لە "بوون‌و نەبوون" جێگیر بووە، لە بەرهەمەکانی دواتریشیدا بەستراوە بە داکەوتەوەو زەمینەیەکی ئەزمونگەریی بۆ رەخساندووە. ئەم کارەش، بۆ زانایەك، کە خۆی لە قەرەی بونیادی ئۆنتۆلۆجی بدا، نەك هەر دەکرێ، بەڵکو پێویستەو تاکە رێچکەشە بۆ خۆ نزیککردنەوە لە واقیعیەتی مرۆڤایەتی. لەم رەوتەشەوە، تیۆرو پراکتیك پێکەوە گرێ دەداو بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە. لەم بەشەدا باسی ئەوە دەکەین، کە سارتەر چۆن بونیادی ئۆنتۆلۆجی بۆ سەربەستیی مرۆڤ دادەمەزرێنێ‌و چۆن بەرگێکی بوونخوازییانەی فینۆمینۆلۆجییانەشی بە بەردا دەکا.

مەبەستمان لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی، دامەزراندنی ئەو پێشمەرجە ئۆنتۆلۆجیانەن، کە دەبنە راخەرێکی پێویست‌و بابەتی بۆ بوونی شتێ. بۆ نمونە: مارتین هایدیگەر، سەبارەت بە دامەزراندنی بونیادی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی مرۆڤ، دەستەیەك پێشمەرجی بۆ داناوین، کە بەبێ ئەو پێشمەرجانە، مرۆڤو واقعیەتی مرۆڤایەتیش بوونی نابێ.[1] یەکێ لەو پێشمەرجانە لە هەموویان پێشترو زیاتریش هەمەکییە بوون-لەناو-جیهانە. بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبێ، دەبێ لەناو جیهاندا بێ. ئەم مەرجەش خسڵەتێکی ئاوەزی (هۆشی)، یان بیرێکی ناو-خۆ نیە، بەڵکو ئۆنتۆلۆجییانەیە. بوون-لەناو-جیهاندا بیرو ئەندێشەی مرۆڤ داینەهێناوە، بەڵکو ڕاستەقینەییەکی دەرەکی‌و بابەتییەو بوونێکی راستەقینەیی هەیە. هەر شتێ لە دەرەوەی بیرکردنەوەو ئەندێشەی مرۆڤدا هەبێ، ئەوا ئەو شتە خاوەنی ژێرخانی ئۆنتۆلۆجیی خۆیەتی‌و شتێکە هەیە.

لێرەدا، کە باسی پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی دەکەین، پێویستە رەچاوی ئەم خاڵە بکەین‌و بە ئاشکراش ئەم پێشمەرجە لە پێشمەرجەکانی نێو فەلسەفەی کانت جیابکەینەوە. بەلای "کانت"ـەوە، پێشمەرجەکان ئیپستمۆلۆجییانەو خۆیین‌و دەبنە بونیاد بۆ پێکهاتنی زانین. (ئێمە جارێ لە زانین نادوێین‌و باسی ئەوەش ناکەین مرۆڤ چۆن هەست بە سەربەستی دەکا).

بەدیدی سارتەر، توێژینەوەمان لەسەر بوونخوازی، لەو وتەی "دۆستەیەڤسکی"ـەوە دەستپێدەکا: "گەر خوا نەبێ، هەموو شتێ رەوایە."

سارتەر دەڵێ: "مرۆڤ فرمانی بەسەردا دراوەو کە سەربەست بژی."[2] یان "مرۆڤ خۆی خۆی دروست دەکا."[3] سارتەر، وەکو نیچە، بێ بڕوایی بە کێشەیەکی تەوەری لە سەربەستیی مرۆڤدا دادەنێ‌و لەو باوەڕەدایە، بوون‌و نەبوونی سەربەستی وابەستە بە بنج‌و بنەوانی ئۆنتۆلۆجییەوە.

باوەڕهێنان بە هێزێکی لەپێشترو خوڵقێنەر، لە سیستەمی ئۆنتۆلۆجیدا بۆچوونمان لە ئاستی سەربەستیی مرۆڤو داهێنانی بەهاکانی دەگۆڕیّو ئەوسا ئەو هێزە لەپێشترو خوڵقێنەرە، بوارنادا بوونەوەرە لەپاشترو خوڵقاوەکان سەربەخۆبن. لەبەرئەم هۆیە، بوونی هێزێکی لەپێشتری ئۆنتۆلۆجی، وەکو سەدەمی ئاوەزی (علله عاقله)، لەلای ئایدیالیستەکاندا بۆتە چاوگ بۆ بوونی مرۆڤو زانینی دروستو ڕەوانو بەها ڕەوشتییەکان. لای ئایدیالیستیّ، بۆنمونە: دێکارت، ئەگەر سەدەمی ئاوەزی لەپێشتردا نەبیّ، ئەوا، نە مرۆڤ بوونی دەبیّو نە زانینی دروستو ڕەوانو بەها بەرزو ڕەوشتییەکانیش دەبن. سیستەمی نهێلستی، لە فەلسەفەی سارتەردا، بێبەرەو دامەزراندنی ڕاستەقینەییش لەسەر ئەو بناغەیە کارێکی دژوارە. لەم بۆچوونەوەو لە دامەزراندنی سەربەستیی مرۆڤ لەسەر بناغەیەکی ئۆنتۆلۆجییەوە، باوەڕیان لە ڕەتدانەوەی سەدەمی ئاوەزی بۆ بوون، پێداویستیو قەناعەتێکی فەلسەفییانەیە، کە دووڕییانیّ لەبەردەم گەشتەکەماندا پێکدەهێنیّو ناچارمان دەکا یەکیّ لەو ڕێگایانە هەڵبژێرین. هەڵبژاردنی ڕێگاکەش پەیوەندیی بە چۆنێتیی تێگەیشتنمانەوە هەیە سەبارەت بە ناوەڕۆکی بوونی مرۆڤ. ئەگەر هاتو ناوەڕۆکمان بە بابەتێکی نەگۆڕو گیانەکی دانا، ئەوا ئێمە بوونی مرۆڤیش بە جۆریّ لە بوون-لەناو-خۆ دەزانینو خسڵەتە تایبەتییەکانی لیّ زەوت دەکەینو وەکو بابەتیّ تەماشای دەکەین، کە جیاوازیی ئۆنتۆلۆجی نەبیّ لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا. ئەمەش ئەوە ناگەیەنیّ ئایدیالیستەکان، وەك: ئەفلاتونو ئەریستۆو دێکارت مرۆڤیان بەدارو بەرد داناوەو بە هیچ شێوەیەك باسی جیاوازیی ئەمجۆرە بوونەوەرەو بوونەوەرەکانی دیکەیان نەکردووە. بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانە لەوەدایە، کە تایبەتمەندیی مرۆڤ بۆ خۆڕسکێکی نەگۆڕو هەمیشە چەسپاو دەگێڕنەوەو لەئەنجامدا دەمانگەیەننە ئەو بڕوایەی مرۆڤیش، وەکو دارو بەرد نەتوانیّ خۆڕسکی خۆی بگۆڕیّو ناوەڕۆك بۆ خۆی دابهێنیّ. کێشەی بوونی سەدەمێکی ئاوەزی لەوەدایە، ئەو سەدەمە، جگە لەوەی دەبێتە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوون، ناوەڕۆکی مرۆڤیش داگیردەکاو دەسەڵاتی داهێنانیشی لیّ دەستێنێتەوە.

ڕەتدانەوەی سەدەمێکی دەرەکی بۆ بوونی بوون-بۆ-خۆ ئەو واتایە نابەخشیّ، کە ئەم بوونە وەکو سەدەمێکی لە سەدەم بەدەر Causa sui خۆی داهێناوە، یان ئەزەلیو سەرمەدییە. بوونیّ کە هەمیشەیی بیّو لە سەدەمی بەدەربیّ، دەبێتە بوونێکی پێداویست. چونکە بوون-بۆ-خۆ پێداویست نیەو گونجاوە. ئەم ناتوانیّ خۆی دابهێنیّو بوونیو نەبوونیشی وەکو یەکن. ئەوەی ئەم بوونەی داهێناوە "ڕێکەوت"ێکی کوێرو ناماقوڵەو لە مەبەست بەدەرە. نهێلیو ڕێکەوتیی بوون سەرچاوەی بێهوودەیی ئۆنتۆلۆجییە. بێهودەییەك، کە هیچ هێزیّ لەژێر چنگی دەربازمان ناکاو بۆ ساتێکیش بیّ لەکۆڵمان نابێتەوە. چونکە ئەمە بەنەزۆکیو کاروباری ڕۆژانەمانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بونیادێکی ئۆنتۆلۆجیی هەیەو لەژوور دەسەڵاتی ئێمەوەیە. ئەگەر سەدەمێکی ئاوەزی نەبیّ، کە بوونی داهێنانیو مەبەستیشی بۆ دانابیّ، ئەوا بوون-بۆ-خۆ وەکو هەبوویەکی پاشتر سەدەمێکی پێشتر بۆ خۆی دادەهێنیّ.[4]

ڕوونکردنەوەکەمان، تاکو ئێرە، ئەو خاڵە گرنگەی بۆ دەرخستووین، کە سەربەستی لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-بۆخۆ دایەو ڕووداویّ یان خسڵەتێکی وەرگیراو نیە، مادام سیستەمە ئۆنتۆلۆجیەکەمان بە تایبەتی بۆ بوون-بۆ-خۆ لەسەر بنچینەی نهێلستی هەڵدەبەستین، سەربەستی مرۆڤ بۆ لێکدانەوەکەمان دەبێتە ئاکامێکی لۆجیکیو دەگەیننە ئەو باوەڕەی مرۆڤ بوونێکی سەربەستی هەیەو هێزێکی دەرەکی میتافیزیکی سنووراوی نەکردووە. بوونی سەدەمێکی دەرەکیش، ئاکامەکان تەرسا دەکاو دەسەڵاتی مرۆڤیش وەکو دەسەڵاتێکی دراوو وەرگیراو لە ژێر دەسەڵاتی بنەڕەتە لە پێشترەکەدا مەحکووم دەکا. ئەم توێژینەوەیە لە ناو خولی میتافیزیکیدا ناچەقیّو لای سارتەر بەندە بە هەڵوێست نیشاندان لە ئاستی ڕووداوەکانی مێژوودا. هەڵبەت، یاخیبوونی میتافیزیکی پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە یاخیبوونی مێژووییەوە هەیە. ناوەڕۆکی یاخیبوون سەربەستییە، سەربەستیش بە بیّ ڕەتدانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر نابیّ. واتای واژەی "نا"، کە واژەیەکی تەوەرەیی دیالێکتیكو یاخیبوونە، لەوەدایە، کە مرۆڤ ملکەچو بندەست ناکاو ناخوازیّ سەرشۆڕی کەسانی دی بیّ. ئەمەش لە خۆیدا ڕەتدانەوەی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی دەرەکییە، کە ملی مرۆڤ

دەگرن‌و لەبەردەم هەڵبژاردن‌و بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەکانیا دەبنە ڕێگر. ئەوانەی داوای سەربەستی دەکەن‌و لە هەمانکاتیشدا دەسەڵاتی سەدەمی ئاوەزی ڕەتنادەنەوە، ئەوا بڕواکەیان نیوەتەواوە. دێکارت، وەکو بڕواکەری، مرۆڤ هەر ئەوەندە بە سەربەست دەزانێ، کە کردەوە چاکەکان هەڵبژێری‌و شورەیەکی دیاری بە دەوردا بەرزدەکاتەوە. نمونەیەکی باشتری بەردەستمان، بۆ ڕوونکردنەوەی کەم‌وکورتیی ئەم بۆچوونە بیردۆزییەی "ئەلکەسب"ی ئەلئەشعەری زانای کەلامی موسوڵمانە. ئەلئەشعەری‌و شوێنکەواتووانی لەو باوەڕەدان دەسەڵاتی مرۆڤ لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتێکی پێشترەوە وەرگیراوە‌و هێزێکی دەرەکی خوڵقاندوویەتی، مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوی‌و بەبێ سنوور سەربەست بێ.[5] ئەلباقلانی زانایەکی سەر بە فێرگەی ئەلئەشعەرییە ئەم کێشەیەی باشتر ڕوونکردۆتەوە‌و دەڵێ: "دەسەڵاتی مرۆڤ شتێکی پێبەخشراوە‌و پێدراوە، ئەوجا مرۆڤ خۆی چۆن ئەو دەسەڵاتە بەکاردەهێنێ پەیوەندیی بە هەڵبژاردنی ئەوەوە هەیە. بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکەی پێبەخشراوە‌و خۆی پەیدای‌نەکردوە، ناتوانێ سەربەستییەکی ڕەهای هەبێ. با بڵێین توانای ئاخاوتن دراوە بە من، ئیتر من سەربەستم، کە بێدەنگ یان زۆربڵێ بم. سەربەستیی من لە چۆنیەتیی بەکارهێنانی دەسەڵاتە پێدراوەکەیە‌و من خاوەنی دەسەڵاتەکە نیم‌و دامنەهێناوە." ئەلئەشعەری ئەم بیردۆزەی دژی بۆچوونی فێرگەی ئەلموعتەزیلە داناوە. ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیە، کە زانا موعتەزیلەکان لە "واصل کوری عەتا"وە تاکو "ئەلنەزام"و "ئەلعومەر" وەکو سارتەر بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی نهێڵستیان بۆ سەربەستیی مرۆڤ ئاماژە نەکردووە. ئەمان سەربەستییان بە چەمکی دادپەروەریی یەزدانی‌و سزادانەوە بەستۆتەوە. بە دیدی ئەم زانایە، مرۆڤی ناچار لە ئاستی کردەوەکانیدا بەرپرسیار نابێ‌و گەڵێ ناماقوڵ‌و نالۆجیکییە ئەگەر کەسێ باوەڕی بە خۆڕسکی مرۆڤ‌و ناچارەیی هەبێ، لەهەمان کاتیشدا باوەڕ بەوە بهێنێ، کە ئەو کەسە لەبەردەم یەزداندا لەئاستی کردەوەکانیدا بەرپرسیارە‌و لە ڕۆژی حەشرا (لەپاش مردن) بە سزای خۆی دەگا. ئەم بۆچوونە یەزدانمان بە پەروەردگارێکی دادپەروەرو باش ناخاتە پێش چاو. کەسێ ناچار بێ‌و خۆڕسکێکی نەگۆڕی پێدرابێ، نابێ بەرپرسیار بکرێ. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەیان، موعتەزیلەکان پشتیان بە قورئان نەبەستووە‌و پەنایان بردۆتە بەر هۆش‌و لۆجیك. قورئان ئەو خاڵەمان بە ئاشکرا بۆ ناخاتە بەردەم، کە ئایا مرۆڤ سەربەستە، یان ناچارە. لە قورئاندا لە چەند سورەتێکدا نووسراوە ﴿ان الذین کفروا علیهم أنذرتهم أم لم تنذرهم لایؤمنون. ختم الله قلوبهم وعلی سمعهم وعلی أبصارهم غشوة ولهم عذاب الیم.﴾[6] هەروەها، ﴿قل لن یصیبنا إلا ما کتب الله لنا هو مولنا وعلی الله فلیتوکل المؤمنون.﴾[7] یان ﴿وماکان لنفس إن تؤمن إلا بإذن الله ویجعل الرجس علی الذین لایعقلون.﴾[8] ئەم ئایەتانە‌و زۆری دیکەش، مرۆڤ ناچار دەکەن‌و ڕووداوەکانی ژیانی‌و بڕواو بێ بڕواییەکەی دەخەنە سەر ئەستۆی هێزە خولقێنەرەکە. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، لەهەندێ شوێنی دیکەدا وا نووسراوە، کە مرۆڤ سەربەستە‌و خۆی لە کردەوەکانی بەرپرسیارە: ﴿وقل الحق من ربکم فمن شاء فلیؤمن ومن شاء فلیکفر إنا أعددنا للظلمین نارا أحاط بهم سرادقها وإن یستغیثوا یغاثوا بماء کالمهل یشوی الوجوه بئس الشراب وسآءت مرتفقاً.﴾[9] هەروەها ﴿قد جاءکم بصائر من ربکم فمن أبصر فلنفسه ومن عمي فعلیها وما انا علیکم بحفیظ.﴾[10] لە شوێنێکی دیکەدا نووسراوە: ﴿قل یا أیها الناس قد جائکم الحق من ربکم فمن أهتدی فإنما یهتدی لنفسه ومن ضل فأنما یضل علیها وما انا بوکیل.﴾[11] ئەم دوو تاقمە ئایەتە لەگەڵ یەکدیدا ناکۆکن‌و لەبەر خۆ لادان لەم ناکۆکییەشە موعتەزیلەکان پەنایان بردۆتە بەر ئاوەزو لەبەر ڕۆشنایی هۆشدا دۆگماکانی بڕوایان ڕوونکردۆتەوە. بەهەر حاڵ، ئێمە نامانەوێ بۆ بنج‌و بنەوانی ئەم ئایەتانە بڕۆین‌و تەفسیری ناکۆکییەکانی نێوانیان بکەین. ئەوەی مەبەستم بوو ئاماژەی بکەم، بۆچوونی زانا موسوڵمانەکان بوو بۆ سەربەستیی مرۆڤ‌و بەراوردێکی بیروڕای ئەمان‌و ئایدیالیستەکانم ئاماژەکردو ئێستاش پێویستە بۆ سەر باسەکەمان بگەڕێینەوە.

هۆکارێکی دیکەش بۆ سەربەستی بوون-بۆ-خۆ، کە وابەستە بە بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەمجۆرە بوونەوە، ئەوەیە، کە بوون-بۆ-خۆ ناتەواوە‌و بە "نەبوونی"یەوە پەیدابووە. نەبوونی وای لەبوون-بۆ-خۆ کردووە ڕوو لەدەرو دەرهاوێژ

بیّو بۆ تەواوکردنی بوونیو پڕکردنەوەی کەلەبەری نەبوونی لە بوونیدا پرۆژەکانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنیّ. ئەم ڕەوتو هەڵوێستە دەرهاوێژییەش خسڵەتەکانی بڵندی یان (ترانسندنتاڵ) بە بوونی دەدا.[12] ئەگەر بوون-بۆ-خۆ سەربەست نەبیّ، ناتوانیّ داهێنەری ناوەڕۆکی خۆی بیّو نەبوونیەکەی خۆیشی لەناو بەریّ. "نەبوون" کە دینامیکییەت لە "بوون"ی بوون-بۆ-خۆ دەخوڵقێنیّ، ڕووداوێکی دەستکردی ناو مێژوو نیەو لە بوونی ئەم بوونەوەرەدایە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنیّ، کە نەبوونی دەبێتە خۆڕسکی بوون-بۆ-خۆ، چونکە ئەو نەبوونە "هیچ"ـەو خسڵەتیشی نەگرتۆتە خۆ. خۆڕسك، کە ئایدیالیستەکانی وەکو ئەفلاٌتونو دێکارت باوەڕی پێدەکەن، دەستەیەك خەسڵەتی دیاریکراوی نەگۆڕە لە پشت دەسەلاٌتی داهێنانی ئەو بوونەوەو بەسەریدا سەپێنراوەو. ئێمە باس لە خسڵەتی نەگۆڕ یا خسڵەتی گۆڕاویش ناکەینو ئەوەندە دەڵێین، کە "نەبوون"ی لەناو بوونی ئەم بوونەوەرەدایەو دوو لایەنی نێگەتیڤیو پۆزەتیڤیشی هەیە. لایەنی نێگەتیڤی نەبوونی لەوەدایە، کە کەلەبەرێکی خستۆتە ناو ئەم بوونەوەو تووشی کەموکورتیو ناتەواویی کردووە. لایەنی پۆزەتیڤی نەبوون لەوەدایە، کە دەبێتە هێزێکی دینامیکیو هاندەر بۆ داهێنانی ناوەڕۆك. بوون-بۆ-خۆ لە نەبوونیەوە گەورە دەبیّو هەوڵی پڕکردنەوەی بوونی دەدا. نەبوونیش ڕەگو ڕیشەی بەناو سیستەمی نهێڵیزمدا (هیچگەرایدا) داکوتاوەو لەوێوە پەیدا بووەو هاندەرو ڕێگریشە بۆ تەواوکۆیی.

تاکو ئێرە سارتەر ئۆنتۆلۆجییانە لە کێشەی سەربەستی دواوەو ئەم کێشەیەی هێشتا نەخستۆتە سەر زەمینەیەکی فینۆمینۆلۆجی. ئەمەش بێگومان ئەوە دەگەیەنیّ، کە بەبیّ ئۆنتۆلۆجیو دامەزراندنی بونیادی ئۆنتۆلۆجی بۆ سەربەستی ئێمە ناتوانین خۆمان لە قەرەی لێکۆڵینەوەی فینۆمینۆلۆجییانە بۆ سەربەستی بدەین. تێگەیشتنی فینۆمینۆلۆجییانەی سەربەستی پاش ئۆنتۆلۆجی دەکەویّ. چونکە هەتاکو بوون-بۆ-خۆ نەبیّو چۆنیەتیی بوونی نەزانین، ئەوا نابیّ باس لە سەربەستیش بکەین. ئۆنتۆلۆجی، وەکو بەشێکی گرنگی فەلسەفە لە بەشەکانی دیکەی وەکو ئەپستمۆلۆجیو ڕەوشت لە پێشترەو لە فەلسەفەی بونخوازیدا هەموو زانینو بەهایەکی مرۆڤ بە بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەیەوە وابەستە، ئەو بونیادەی گۆڕانکاری لەناو هەموو کێشەکانی دیکەی فەلسەفەدا دەخوڵقێنیّ. لەپێشتر ئاماژەی ئەو خاڵەمان کردو حەزدەکەم بەبیری خوێنەر بهێنمەوە، کە چۆن بڕواکردن بە سیستەمێکی ئۆنتۆلۆجی ئایدیالیستانە کاردەکاتە سەر زانینو بەهاکانی داکەوتی مرۆڤایەتی. ئەگەر دێکارت وتەنی، سەدەمێکی ئاوەزی لەپێشتر بۆ بوونی مرۆڤ هەبیّ، ئەوا ئەو سەدەمە بوونی مرۆڤ مەحکوم دەکاو دەسەلاٌتی خۆی بۆ سەر زانینو بەهاکانیشی درێژتر دەکا. پەیڕەوکردنی ئۆنتۆلۆجیەکی نهێڵستی ئەو دەسەلاٌتە لەژوور دەسەلاٌتی مرۆڤەوە لادەداو مرۆڤ بەتەنیا لەسەر ئەم ئەستێرەیەدا بە بیّ ناوەڕۆكو پیلانێکی لەپێشتر فڕیّ دەداو ڕووبەڕوی داکەوتی خۆی دەکاتەوە. با ئەوەش بزانین، کە هەر بوونخوازیّ بەمشێوەیە بیرناکەتەوە. بۆ نمونە: سۆرین کێکیگاردو گەبریێل مەرسێلّ لەگەلّ بۆچوونە نهێڵستییەکەی سارتەردا هاوڕا نینو بوونی سەدەمێکی ئاوەزییان ڕەتنەداوەتەوە.[13] هەروەها میرپۆنتی (1908-1961)ی فەیلەسووفی بوونخواز هاوڕێی سارتەر، ڕەخنەی لە بۆچوونەکەی سارتەر گرتووەو بە دیدی ئەم زانایە، سارتەر سەربەستیی بە داکەوتەوە نەبەستۆتەوەو نەیتوانیوە لەسەر زەمینەیەکی ئەزموونگەریو مێژوویدا دیبمەزرێنی.[14]

سارتەر لە پەرتووکەکەیدا "بوونو نەبوون" هەوڵیداوە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بۆ ناوەڕۆکی مرۆڤو خۆو سەربەستییو پەیوەندییەکانی نێوان تاكو تاکێکی دیکە بدۆزێتەوە، کە بەبیّ ئەو بونیادە ناتوانین فینۆمینۆلۆجییانەش یاخود لەناو مێژوودا باس لە سەربەستیی مرۆڤ بکەین. سارتەر بۆ خۆیشی ئاگای لەم مەسەلەیە هەیەو باش دەزانیّ، کە ئۆنتۆلۆجی نابێتە کارخانەی بەهاو هەڵوێستی ڕۆژانەی مرۆڤ. بەلاٌم، وەکو بناغەیەکی فەلسەفی، کۆشکی کێشەکانی دیکەی لەسەر بەرز دەکرێتەوە: "ئۆنتۆلۆجی بەها ڕەوشتییەکان ناخوڵقێنیّ، چونکە ئەم، بە کێشەی بوون خەریکە. بەلاٌم ڕێگەمان دەدا لە داکەوتی مرۆڤایەتی بگەین. ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتو سەرچاوەی بەهاکانمان دەخاتە بەرچاو."[15]

سارتەر لە کۆتایی ئەم پەڕتووکەیدا، دەڵێ: "هەموو ئەم پرسیارانە پێویستییان بە وەڵامدانەوە هەیەو پەیوەندییان بە ڕەوشتەوە هەیە، کە لە بەرهەمی داهاتوودا باسیان دەکەم."[16] نووسینی پەڕتووکێ لەسەر ڕەوشتی بوونخوازیو شیکردنەوەیەکی فینۆمینۆلۆجیانەی سەربەستیو بەستنەوەی بەداکەوتی بەردەستەکییەوە بەڵێنی سارتەر بووە.

سارتەر ئەم پەڕتووکەی نەنووسیوە، بەڵام هەموو بەرهەمەکانی پاش ئەم قۆناغە هەوڵدان بوون بۆ هەڵبەستنی پردێ لەنێوان لێکۆڵینەوە ئۆنتۆلۆجییەکەو فینۆمینۆلۆجیدا، لەنێوان ئەو بونیادە ئۆنتۆلۆجییەی، کە بۆ سەربەستیی دامەزراندووەو بۆ سەربەستیی مرۆڤ لە هەڵوێست نیشاندان بەرامبەر بە مێژوو خۆی دەردەخا. هەندێ لەو زانایانەی لەسەر سارتەریان نووسیوە، وەکو کریستینا هۆوڵز، جێمس شێریدیانو سۆنیا کروکس، پەیوەندیی نێوان ئۆنتۆلۆجیو فینۆمینۆلۆجی لەم قۆناغەدا بە پێداویستییەکی فەلسەفی نادەنە قەڵەمو لەو باوەڕەدان ڕووداوە مێژووییەکان، وەکو جەنگی جیهانیی دووەم، زۆریان لە سارتەر کردووە سەربەستی بە مێژووەوە ببەستێتەوە.[17] ئەم ڕەخنەیەش ئەوە دەگەیەنێ گوایە سارتەر لە بۆچوونەکانی، پێشتر پاشگەزبۆتەوە. بەڵام بەدیدی من، ئەم زانایانە، ئەو خاڵە گرنگەیان فەرامۆش کردووە، کە سارتەر، وەکو فەیلەسووفێ، لەژێر کارتێکردنی نیچەو هایدیگەردا لە ئۆنتۆلۆجییەوە ئاوڕ لە مێژوو دەداتەوە.

کاتێ سەربەستی بە داکەوتەوە دەبەستینەوەو گەشتەکەمان لە ئۆنتۆلۆجییەوە بەرەو فینۆمینۆلۆجی بەڕێ دەخەین هەڵبەت بەرەوڕووی کێشەی نوێ دەبینەوە. بەپێی بۆچوونە ئۆنتۆلۆجییەکەمان، کە لەسەر دوو خاڵی گرنگ دامەزراوە: ڕەتدانەوەی سەدەمی ئاوەزیو کێشەی "نەبوون"ی بوون-بۆ-خۆ، گەیشتینە ئەو باوەڕەی، کە بوون-بۆ-خۆ سەربەستەو هیچ هێزو دەسەڵاتێکی مەزنترو لەژوورتر نیە تاکو بوونی داگیربکا. کەوابوو، سەربەستیەکی ڕەهاو لە سنوور بەدەری هەیە. بەڵام، لەڕوانگەیەکی فینۆمینۆلۆجییەوەی دەبینین بوون-بۆ-خۆ خاوەنی فاکتەسیتییەو ئەمەش سەربەستییەکەی سنووردار دەکا. بۆ نمونە، من هەڵمنەبژاردووە لە خێزانێکی وردەبۆرژوازیدا بێمە دنیاوە یان باڵا کورت بێ. خێزانو باڵاکورتی فاکتەسیتین لە بوونمداو لەبەرئەوەی لە ئاکامی هەڵبژاردنی خۆمەوە پەیدانەبوون، ئەوا بەسەرما سەپێنراونو سەربەستیی منیان سنووردار کردووە. ئەگەر من سەربەستییەکی ڕەهام هەبووایە، دەمتوانی خێزانێکی دیکە، یا کورتیو بەرزیی باڵاش بۆ خۆم هەڵبژێرم. فاکتەسیتییەکان دەکەونە ئەودیو دەسەڵاتی بوون-بۆ-خۆ. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بوونە ناخەنە ناو خولەی ناچارییەوەو دەسەڵاتی هەڵبژاردنی بە تەواوی لێ زەوت ناکەن. هاتنە ناو جیهانەوە لە خێزانێکی وردەبۆرژوادا هەڵبژاردنی خۆم نیە، بەڵام من دەتوانم سەربەستانە هەڵوێستم بەرامبەری هەبێ. دەتوانم واز لەو چینە بهێنمو پشتگیریی خەباتی چینێکی دی بکەم. دروستە باڵام کورتە، بەڵام دەتوانم پێڵاوێکی پاژنەبەرز لەپێ بکەم یان خۆم بگەیەنمە ئەو قەناعەتەی، کە باڵاکورتی شەرمو ناشیرینی نیەو هیچ لە کەسایەتیی من کەمناکاتەوە. فاکتەسیتییەکان بونیادی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی مرۆڤ دانامەزرێننو لەتاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێن. هەموو کەس، وەکو من، لەخێزانێکی وردەبۆرژوادا لەدایك نەبووەو باڵاشی کورت نیە، بەڵام هەر مرۆڤە. مرۆڤ مادام سەربەستەو ئەم سەربەستییەشی بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی نهێڵستی هەیە، ئەوا خاوەنی خۆڕسكو بەهای بەسەردا سەپێنراوو نەگۆڕ نیە. مرۆڤ هەرچییەك بێو بڕوای بە هەرچی بەهایەك هەبێ خۆی دایهێناوەو خۆی خاوەنێتی. مرۆڤ بەهاکانی لە سەدەمێکی ئاوەزییەوە، یا جیهانێکی گیانەکیی (ڕوحی) بڵندەوە وەرنەگرتووە. لەبەرئەمە، مرۆڤ ناتوانێ نکوڵی لەم ڕاستییە بکاو خۆی بەرپرسیار نەکا. سەربەستییو داهێنانی بەهاو لێپرسینەوە پەیوەندیی پێداویستییان لەنێواندایە. لێپرسینەوەش لەو کاتەدا دەبێتە پێداویستی، کە سەربەستی لە بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەوە، بۆ سەر ڕاخەڕی فینۆمینۆلۆجی پەلکێش دەکەینو مرۆڤ لە داکەوتدا خۆی لە ناو ڕووداوەکانی مێژوودا دابنێو سەربەستییەکەی داوای هەڵبژاردنی لێدەکا. هەڵبژاردنی هەڵوێست هەرچۆنێ بێ کار دەکاتە سەر کەسانی دیکەو چۆنیەتیی پەیوەندییەکانی ئەوانو ئێمە دەخاتە بەر تیشكو ڕۆشنایی. هەڵبژاردنی هەڵوێستم بەرامبەر بە بەهاو بیروباوەڕی وردەبۆرژوای خێزانەکەم گۆڕانکاریی مێژوویی لە ژیانی منو پەیوەندیم لەگەڵ

کەسانی ناو ئەو چینەدا دیاری دەکا. بەرگریکردنم لە بەرژەوەندیی چینی کرێکارو نەفرەتکردنم لە بەهاو بیروباوەڕی بۆرژوا منو چینە وردەبۆرژواکەم دەخەنە ناو پەیوەندییەکی ناکۆکەوەو نیگەرانیو هاوکاری کردنیشم لەگەڵ چینی کرێکاردا دەخاتە ڕوو. من لەم هەڵبژاردنەمدا بەهایەکی تایبەتیم بۆ خۆ داهێناوە. لەهەمان کاتیشدا، لەبەرئەوەی من لەژێر بارودۆخێکی نەرێ ناچارکراوم بچمە ریزی خەباتی چینی کرێکارەوە، ئەوا خۆم بە بەرپرسیار دەزانم. خۆدزینەوەم لەم بەرپرسیارییە رەتدانەوەی سەربەستییەکەمە، کە لەئاکامدا تووشی بڕوای خراپم دەکا. بوون-بۆ-خۆ بوونێکە لەگەڵ کەسانی دیکەدا. مرۆڤ بیەوێو نەیەوێ، هەڵبژاردنەکانی کار دەکەنە سەر ئەوان. وەکو سارتەر دەڵێ: "مرۆڤ فرمانی بەسەردا دراوە سەربەست بژی، چونکە ئەو خۆی خۆی دانەهێناوە، بەڵام لەو ساتەوەی فرێدراوەتە نێو جیهانەوە سەربەستەو لەئاستی کردەوەکانیدا بەرپرسیارە."[18]

ئاوڕدانەوەمان لەبەرهەمەکانی سارتەر دەبینین ئەم زانایە ئەم کێشەیەی بەتەوەری داناوەو بەرگری لە سەربەستیی مرۆڤ دەکا. بە دیدی سارتەر، چ بەڵگەیەکی لۆژیکی بۆ رەتدانەوەی سەربەستی لە ئارادا نیەو مرۆڤ سەربەستو لێپرسراوەو ئەمەش چەواشە ناکرێ. سەربەستی بەبێ هەڵوێستو لێپرسینەوە تووشی زویریو بێزاریمان دەکاو وەکو "رۆکەنتان"ی پاڵەوانی رۆمانی "هێڵنج"، لە بێواتایی ژیان ماندووو شەکەت دەبین. سەربەستی لە هەڵوێستدا خۆی کۆنکرێت دەکاو هەڵوێست دیاریکدنیش بەبێ سەربەستی نابێ.[19] هەڵوێست نیشاندانیش پێشمەرجی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیەو داوای هەڵبژاردن لەبوون-بۆ-خۆ دەکا، چونکە بوون-بۆ-خۆ تەنیا نیەو لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەژی. واتای سەربەستی بەم شێوازە کۆنکریتییە، لە هەڵبژاردنی هەڵوێستدایە. مرۆڤ سەربەستە، چونکە توانای هەڵبژاردنی هەیە. مرۆڤ ئەگەر هەڵوێست نیشان نەدا، ئەوا دیسان هەر هەڵوێست نیشان دەدا. ئەگەر مرۆڤ هەڵوێستی نەبێ، ئەوا هەڵوێست نەبوونی کردووە بەهەڵوێست بۆخۆیو ناتوانێ بێ لایەن بێ.

حەز دەکەم، لێرە، لەگەڵ رەتدانەوەی خۆڕسکێکی نەگۆڕ، کە بووە بە لایەنێکی گرنگی بونیادی ئۆنتۆلۆجی بۆ سەربەستی، ئاماژەی ئەوە بکەم، کە سارتەر لەژێر کارتێکردنی هایدیگەردا بناغەی ئایدیالیستانەی (خۆ)ی رووخاندووە. ئەم ڕووخاندنو هەڵوەشاندنەوەیەش لە فەلسەفەی پاش تازەگەری (پۆست-مۆدێرنێتی)دا، لەلایەن "میشێل فۆکۆ" (1926-1984)و "جاك درێدا" (1903-2004) گرنگیی پێدراوە. وەك چۆن نیچە دەڵێ: "خوا مردووە" هایدیگەرو سارتەریش لەو باوەڕەدان، کە "خۆ" مردووە. مردنی خۆ لەناوبردنو کۆتایی پێهێنانی بیردۆزە ئایدیالیستەکەی دێکارتە. لەناو لێکۆڵینەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی هایدیگەردا، وەکو شۆڕشێکی رادیکاڵیی فەلسەفی دژی دێکارتو ئایدیالیزم خراوەتە گەڕ. هایدیگەر، بۆئەوەی شۆڕشەکەی بەسەر دێکارتدا هەنگاوێکی بنەڕەتی بێ، زاراوەی (خۆ)ی گۆڕیوە بۆ (دازاین)، کە وشەیەکی ئەڵمانیەو واتای بوون-لێرە دەبەخشێ. بوونی مرۆڤ بۆ ئەم فەیلەسووفە "خۆ"یە ئایدیالیستە نەگۆڕو گیانەکییەکە نیە، بەڵکو بوون-لێرەدا، یان لە نێو جیهاندایە.[2] بەلای هایدیگەرو سارتەرەوە، "خۆ" تەوژمێکی ئاگامەندانەی بێ ئارامو بێ ئۆقرەیە لە "نەبوون"ەوە روو دەکاتە بوونو دەیەوێ خۆی تەواوبکا. گۆڕانکارییەکانو ناتەواویی ئەم بوونە رێگەی نادا وەکو بوون-لەناو-خۆ ناسنامەیەکی دیارو نەگۆڕ بە بوونیەوە بچەسپێنێ.[21] بوونی ئەم روو لەدەرەو دینامیکییەو هەمیشە لە گۆڕاندایە.[22] روو لە دەرەوەی ئەم بوونە تێکهاویشتنی ئاگامەندییە بەرەو بوون، کە لە هەمان کاتدا خۆ-ئاگاییشە. ئەمشێوە بیرکردنەوەیەش، لەبارەی روو لە دەریو خۆ-ئاگایی بوون-بۆ-خۆ بۆتە هاندەرێ بۆ سارتەر تاکو بۆچوونی فرۆید لەسەر رۆڵو کارتێکردنی نەست (لاشعور) رەتبداتەوە. هەرچەندە سارتەر لەژێر کارتێکردنی لاکان (1901-1981)دا، لەشەستەکانەوە زیاتر لە فرۆید نزیکبووەوە، بەڵام هێشتا هەڵوێستی خۆی لەبارەی ئەم خاڵەوە نەگۆڕی. سارتەر وەکو فرۆیدو لاکان باوەڕی بە نەست نیە، بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکا، کە ئاگامەندی، یان بوون-بۆ-خۆ ناتوانێ بەتەواوی خۆی بناسێ.

ئەوەی لێرەدا پێویستە باس بکرێ ئەوەیە، کە زوروان (کات) لای سارتەر وەك لای هایدیگەریش زەمینەیەکی ئۆنتۆلۆجی نوێی وەرگرتووەو بووە بە بنەمای سەرەکی بۆ بوونی بوون-بۆ-خۆ.

بوونخوازەكان لە توێژینەوەكانیاندا دەربارەی زوروان جوولاَن‌و گۆڕانە ئەستوورییەكانی (ماتریالیەكانی) جیهان پشتگوێ دەخەن‌و زوروان بە خولخواردنەوەی زەمین‌و هاتن‌و چوونی شەوو ڕۆژ نابەستنەوە. بەلای بوونخوازەكانەوە زوروان ئەزموونی ناوەكیی ئاگامەندییەو بێجگە لە ئاگامەندی یان بوون-بۆ-خۆ، بوونەوەرەكانی دیكە زوروانیان نیە.
ئەم رایە، كە بەگوێرەی بۆچوونی ماتریالیستەكان‌و ئایدیالیستەكانیش لە لۆجیك بەدەرە، لەسەر دوو كۆڵەكە راگیراوە.
یەكەم: ئەو بیروباوەڕە ئۆنتۆلۆجییەیە، كە بوون-بۆ-خۆ بە "نەبوون" دەزانێ‌و لەو باوەڕەدایە شتێكە هەیەو نیە.
دووەم: ئەو بڕوایەی، كە بوون-بۆ-خۆ دینامیكییەو هەمیشە لە گۆڕاندایە. پەیوەندی نێوان یەكەم‌و دووەم پێداویستییەو پێكەوە گرێدراون. ئەگەر بوون-بۆ-خۆ بوونێكی تێروپڕ بێ‌و لەوە زیاتر هیچی دیكە نەبێ، ئەوا دینامیكی نابێ‌و وەكو بوون-لەناو-خۆ ناسنامەیەكی نەگۆڕی دەبێ‌و دەبێتە بەشێ كە هەیە. دینامیكییەتی ئەم بوونە بەڵگەیە بۆ نەبوونی‌و كەم‌وكورتی. هەرلەبەر ئەم هۆیەشە ئەفلاتون لەباسەكەیدا سەبارەت بە بیردۆزی نمونە (ئایدیا)و جیهانی بڵند گۆڕانكاری بەخراپ‌و نەرێ دەبینێ‌و ئایدیالیستەكانی دیكەش، وەكو دێكارت‌و سپینۆزا، "بوونی تەواوكۆیی"و "ناوەڕۆك" بەنەگۆڕو چەسپاو دەزانن. گۆڕانكاریی بەڵگەو سەلماندنی نەبوونەیی‌و ناتەواوییە لە بونیادی ئۆنتۆلۆجییانەی بوون-بۆ-خۆ.
لەپێشەوە باسمانكرد ئاگامەندی تاقە بوونەوەرێكە بە نەبوونەوە گرێدراوەو بوونێكی ناتەواوی هەیە، واتە هەیەو لەهەمان كاتیشدا نیە. ئەوجا، لەبەرئەوەی شتێكە كە نیە، یان هێشتا نەبووە بەو شتەی خۆی دەیخوازێ، ئەوا پێویستی بە گۆڕانكاری هەیە.[23] بوون -لەناو-خۆ، بە پێچەوانەی بوون- بۆ- خۆ ئاگامەندی نیەی نیەو شتێكەو لەوەش زیاتر بە هیچی دیكە نابێ. ئیتر، لەبەر ئەمە، گۆڕانكاری خسڵەتێكی بوون-بۆ-خۆیەو زوروانیش لەناو ئەم بوونەدایە یان بوون-بۆ-خۆ كاتییە.
لە فەلسەفەی هایدیگەردا زوروان،[24] بونیادی ئۆنتۆلۆجیی ئاگامەندییەو پەیوەندییەكی بنەڕەتی لەگەڵ مەرجە سەرەكییەكانی دیكەی ئەم بوونەدا، وەك نیگەرانی و بوون-بەرو-مردن هەیە.[25]
بۆئەوەی باشتر لەم كێشەیە بگەین با باسی بیركردنەوەی هێنری بێرگسۆن (1809-1941) بكەین، كە كاریگەرییەكی ئەوتۆی لەسەر بیركردنەوەی سارتەر هەبووە.
بێرگسۆن، لەئاكامی جیاكردنەوەی ئاگامەندی لە ئەستوو (مادده) گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی ئاگامەندی خاوەنی زوروانی خۆیەتی و پێی تایبەتە. زوروانی ئاگامەندیش، كە بە "بەردەوامی" ناوزەددەكا، لە "كات"ی ماتریالی یاخود فیزیكی جودایەو كار ناكاتە سەر ئاگامەندی.[26] گۆڕانكاریی ئاگامەندی تەوژمێكی ژووركێشی بەردەوامەو ساتێ ناوەستێ‌و پارچە پارچەش ناكرێ. بەردەوامیی ئەم تەوژمە ژووركێشە ئەو واتایە دەبەخشێ، كە زوروانی ئاگامەندی وەكو "كات"ی فیزیكی لەناو بازنەی هۆو ئەنجامدا ناسووڕێتەوەو داگیر ناكرێ‌و سەربەستە. ئەو دەڵێ: "ئەگەر یاسای هۆكاری ئەوە بێ، كە فەیلەسووفەكانی فێرگەی هەستەكی باسی لێوە دەكەن، ئەوا ئەم یاسایە بە باوەڕی ئێمە، لە ئاستی سەربەستیدا، لەق ناكا. ئەوەی ئەم زانایانە باسی لێوە دەكەن، ئەوەیە، كە گوایە هۆكارەكان لەشێوەی زنجیرەیەك ڕووداوی پێكەوە بەستراو ئەنجامەكانیان دەهێننە بەرهەم. بەڵام، ئێمە، ئەو پرسیارەیان ئاراستە دەكەین ئایا ئەم یاسایە بەسەر ئاگامەندیدا دەچەسپێ؟"[27]
وەڵامی ئەم پرسیارە، لای بێرگسۆن، نێگەتیڤە. بەدیدی ئەم، ئاگامەندی‌و زوروانی ئاگامەندی "بەردەوامی" یاسای هۆكاری ناگرنە خۆیان‌و ناتوانرێ لەبەر ڕۆشنایی ئەم یاسایەدا ئاگامەندی‌و زوروانی ئاگامەندی بناسرێ. زوروانی ئاگامەندی بە فرمانی ئەوەی تەوژمێكی ژووركێشی بەردەوامەو پچڕپچڕ ناكرێ ئەوا ساتەكانی پێشوو نابنە هۆكار بۆ ساتەكانی پاشترو فرمان بەسەریدا نادەن. راستەقینەیی ئاگامەندیش لەناو ئەم شێوە كاتییەدا (زوروانەدا) پەیدابووە، كە بە "شوێن"ـەوە گرێنەدراوەو وەكو بوونەوەرەكانی دیكەش ئەستوویی (ماددی) نیە.

من نامەوێ ئەم خاڵە بسەلمێنم، کە توێژینەوەکەی سارتەر لەمەڕ زورواندنیی (کاتێتیی) بوون-بۆ-خۆ، بێرگسۆنییانەیەو نکۆڵی لەوەش ناکرێ ئەم زانایە لەسەر بیرکردنەوەی سارتەر کاریگەرە. کارتێکردنەکەش ئەوەندەیە بێرگسۆن ڕێگەیەکی نوێی بۆ توێژینەوەکەی سارتەر پەیداکردووەو سارتەر لەویشدا نەوەستاوەو هەوڵیداوە بێرگسۆن ڕەتبکاتەوەو لە هەندێ شوێندا ڕەخنەشی لێگرتووە.[28]

لەلایەکی دیکەوە سارتەر سوودی لە بۆچوونەکانی هایدیگەر وەرگرتووە. بەڵام، وەکو هایدیگەر، داهاتوو لەپێشتر دانانێو بگرە هەرسێ لایەنە "کاتییەکە": ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، هاوتا دەبینێو هیچ لایەکیان لەوی دیکە بە کەمتر دانانێ.

سەرنجدانەکەمان، لەم سێ لایەنە "کات"یە، لێکۆڵینەوە لەسەر واقعیەتیانو کارتێکردنی ڕاستەوخۆیان لەسەر بوون-بۆ-خۆ ئەوە دەردەخا، کە (ئێستا) لە هەردوو لایەنەکەی دیکە زیاتر بە زەقی خۆی لە ئاستماندا فڕێ دەدا.

"ڕابردوو" شتێکە نەماوەو لەبەر ئەوەی نیە ناتوانین گۆڕانکاریی تیایدا بخولقێنین. ڕابردوو بووە بە بوون-بۆناو-خۆو نەگۆڕو چەسپاوە. "داهاتوو"ش هێشتا پەیدانەبووەو نیە، کە پەیدابوو، ئەوجا دەبێتە "ئێستا". تەنها "ئێستا"یە، کە واقعیەتی خۆی دەسەلمێنێو بوون-بۆ-خۆ تیایدا دەژیو وەکو ئەزموون پێیداتێپەڕ دەبێو لەوێوە خۆی دەگەیەنێتە "داهاتوو".

ئەگەر لایەنی پێشترو بڵندی زوروانی بوون-بۆ-خۆ، هایدیگەر وتەنی، "داهاتوو" بێو "داهاتو"ش شتێ بێ، کە نەبووبێ، یان هێشتا نەبووە، ئەوا زوروانی بوون-بۆ-خۆو پرۆژەکانی بوونی دەرژێنە ناو ڕۆخانەی نەبوونەوەو نهێڵستی جارێکیتر ملمان دەگرێتەوە. پێناسەکردنی ناوەڕۆکی مرۆڤیش لەسەر بناغەی "داهاتوو"دا دەبێتە هیچو بێ واتا.

سارتەر بۆئەوەی لە واتای ئەم شێوە هیچییە دوورمانخاتەوە، تەنیا ڕێگەیەك، کە پەنای بۆ بردبێ، ڕاڤەکردنی فینۆمینۆلۆجییانەی زورانیی بوون-بۆ-خۆیە لە "ئێستا"دا.

"ئێستا" هەرچەندە، وەك ڕووداوێ، کە بوون-بۆ-خۆ تیایدا دەژی، هەناسە کورتەو بە پەلە دەچێتە ناو گەنجینەی ڕابردووەوە. بەڵام بوون-بۆ-خۆ بە بەردەوامی لەناو ڕووداوەکانی "ئێستا"دا دەژیو ساتێ لە "ئێستا" وننابێ. بەڵام هایدیگەر بەبێ هۆ "داهاتوو"ی نەکردۆتە لایەنێکی گرنگو لەپێشتری زوروانی ئاگامەندی. ئەم بۆچوونە ئاکامێکی لۆجیکییانەی ئەو لێکۆڵینەوەیەیە، کە باوەڕی بە ناتەواویی دینامیکییەتی ئاگامەندی هەیە. لەبەرئەمە بوونی بوون-بۆ-خۆ، یان هایدیگەر وتەنی "دازاین" بوونێکە بەرەو داهاتوو، چونکە ئەم بوونە نەوەستاوەو بێئارامو بێئۆقرەیەو ویستی خۆتەواوکردنی هەیەو بۆ ئەم مەبەستەش بە پەلە ڕوو لە "داهاتوو" دەکا تاکو پرۆژەکانی "لەناو داهاتوودا" بە ئەنجام بدا.

بوون-بەرەو داهاتوو لە مسۆگەرکردنی دامەزراندنی پرۆژەکاندا ئەم بوونە دەکاتە داهێنەرو نووسەری داستانی خۆیو مەدالیای سەربەستیشی لە سنگی دەدا. بەبێ بەرەو-داهاتوو، بەبێ هەڵبژاردنی پرۆژەکانی لە داهاتوودا، بوون-بۆ-خۆ، یان "دازاین" ناتوانێ سەربەستو داهێنەر بێ، چونکە سەربەستیو داهێنان هەردوو تەواوکەری یەکدین.[29]

هەڵبەت پەیوەندیی نێوان بوون-بۆ-خۆو زورانیی ئەم بوونە ناوەکییە نەك دەرەکی. بۆنمونە، کە دەڵێم "من ڕابردووم هەیە"، هەبوونی ڕابردوو بۆ من، وەکو هەبوونی ئۆتۆمبیل نیە. پەیوەندی منو ئۆتۆمبیلەکەم دەرەکییە، دەتوانم لێی جیاببمەوە، بیفرۆشم، بیدەم بە هاوڕێیەکمو ئیتر ئەو شتە نابێ بە موڵکی من، بوونی ئەو شتە لە بوونی من (ژیانی من) دادەبڕێ. بە پێچەوانەی ئەوەشەوە، من ناتوانم لە ڕابردووم دابڕێم. ڕابردووم شتێ نیە بیفرۆشم یان نکۆڵی لێ بکەم. من ڕابردوومم (ڕابردووی خۆمم). من لەساڵی 1978 دا لە گوندی ئاوەکەڵە مامۆستای سەرەتایی بووم، ئەوە ڕابردووی منە. ئەو ڕابردووە منمو منیش ئەو ڕابردووەم، کە بە ئاگامەندانە تیایدا ژیاوم. ئێستاش بیرەوەرییەکانی کار دەکەنە سەر شێوازی بیرکردنەوەمو سەر هەڵوێستی ئێستام. بەڵام هەرگیز زیندوو نابنەوەو نابنە (ئێستا)م. ڕابردووم

ئێستایەك بوو، كە تێپەڕ بووەو ئێستاشم دەبێتە رابردوویەك، كە هێشتا نەبووە. پەیوەندیی نێوان لایەنەكانی زورروانی بوون-بۆ-خۆ ئەو ئاگامەندییە دەهێنێتە كایەوە، كە بۆ ساتۆكەیەكیش بێ بێئاگا نیەو لەخۆی ون نابێ. ئاگامەندی، نەك ناوەڕۆكێكی گیانەكی، یان زاتێكی بڵند، ناهێڵێ دەزووی ئەم پەیوەندییە بقرتێو بە بەردەوامیو بە ئاگاوە لەناو كاتدا خۆی دەگۆڕێ. بوون-لەناو-خۆ زورروانی نیە، چونكە بە ئاگاوە بە ئەزمونی گۆڕانكاریدا تێناپەڕێو پەیوەندیشی لەگەڵ زورروانی بوونیدا ناوەكی نیە. مێزەكەی بەر دەستم رابردوو و ئێستاو داهاتووی نیە. ئەو شتێكی رەقەو زەردەو چوار قاچی هەیەو بۆ نووسینو خوێندنەوەو... هتد بەكاردێ. بەڵام "ئێستا"، كە من هەست بە بوونی ئەو مێزە دەكەمو كردوومە بە شتێ لە بوونمداو بەكاریدەهێنمو (ئێستا) لەناو ئەزموونی مندایە، ناتوانێ ئەو من (ئێستا) لە ئەزموونی خۆیدا بەشداری بكا. بابەتێكی بێ-ئاگا یان بوون-لەناو-خۆ خسڵەتی دینامیكیی ئاگامەندی نیە تاكو زورروانی هەبێ، لە رابردوو، ئیستاو داهاتوودا بژی. "رابردوو" خسڵەتێكی نەگۆڕی هەیە. من ناتوانم بڵێم ئەو مامۆستایەی لە ساڵی 1978دا لەگوندی ئاوەكەڵە بوو من نەبووم، بەڵام دەتوانم بڵێم، كە من (ئێستا) لە گوندی ئاوەكەڵە مامۆستا نیمو رابردووم رەتكردەوە. من لە رابردوودا چی بمو چۆن ژیابم، بووە بە راستییەكی چەسپاوو گۆڕانی مەحاڵە. من رابردووم ناگۆڕم، بەڵام دەتوانم (ئێستا) هەڵوێستێكی جیاوازتر بۆ خۆم هەڵبژێرمو بەسەر رابردوودا تێپەڕم. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە، كە بوون-بۆ-خۆ رابردووەو رابردووش نیە. ئەگەر بەتەنیا رابردوو بێ، (بۆنموونە لەمردندا) ئەوا ئەم بوونە دەبێتە بوون-لەناو-خۆ. نكوڵی كردن لە رابردووش بوون-بۆ-خۆ تووشی بڕوای خراپ دەكا. من بۆئەوەی لەناو رابردوودا نەچەقم، دەبێ رابردووی خۆم بمو لەهەمانكاتدا رابردووی خۆشم نەبم. رابردوو مردووەو منیش زیندووم. بەڵام ئەو مردووەش هەر منم، كە ئێستا زیندووم.

"ئێستا" بە پێچەوانەی "رابردوو"ـەوە، بوون-لەناو-خۆ نیەو بۆ-خۆیە، راستییەكە هەیەو هێشتا نەمردووە. ئەم لایەنە زورروانیە لە ئاستی بووندا راماندەوەستێنێو راستەوخۆ لەبەردەم رووداوەكاندا تووشی هەڵچوونو داچوونی سۆزیو ویژدانیمان دەكا.

سارتەر لە توێژینەوەكەی سەبارەت بە "ئێستا"، جارێكی دیكە ئەم لایەنە زورروانیە، بە بوونی بوون-بۆ-خۆ دەبەستێتەوەو لەو باوەڕەدایە، "ئێستا" كە ئاماژەی ئامادەبوونی بوون-بۆ-خۆ لەبەردەم رووداوێ، یان شتێكدا دەكا، خسڵەتی بوون-لەناو-خۆ نیە، چونكە ئەم بوونە، وەكو باسمانكرد، شتێكە هەیەو "نەبوون"ی نیەو پڕە.[30] سەرەڕای ئەمەش، پەیوەندیی نێوان بوون-بۆ-خۆو ئێستا ناوەكییە. "ئێستا" ئێستای منە. من ئێستای خۆممو ناتوانم لە بوونی خۆمی دابڕم. كاتێ دەڵێم من ئێستا لە ژوورەوە ئامادەمو لەسەر مێزەكەم ئەم چەند دێڕە دەنووسم، ئامادەبوونی من لە ئاستی مێزەكەو ژوورەكە دەردەخاو ژوورەكەو مێزەكە وەكو دوو بابەتی بێ-ئاگا یان بوون-لەناو-خۆ ئامادەبوونیان بەسەردا ناچەسپێ. ئامادەبوون خسڵەتی بوون-بۆ-خۆیەو بێجگە لەم بوونە هیچی دیكە ئامادەبوونی نیەو بە ئەزموونی ئێستادا تێناپەڕێ. لەم ڕووەوە، سارتەر دەڵێ: "لەبەرئەوەی بوون-بۆ-خۆ ئامادەی بوونە، ئەم خۆ ئامادەكردنەی لەو حاڵەتەدا لەناو دەچێ، كە بوونی خۆی وەكو بوون-بۆ-خۆ لەدەست بدا."[31]

ئامادەبوون وەستانە لە ئاستی بوون-لەناو-خۆداو بوون-بۆ-خۆ، لەم وەستانەدا بوون-لەناو-خۆ دەخاتە بەر رۆشنایی بوونو دەیكا بە دیاردە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ سارتەر، وەكو باركلی بیردەكاتەوەو بنەڕەتی ئۆنتۆلۆجیی بوون-لەناو-خۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ زانینو بوونی ئاگامەندی. وەكو لە وەرزی دووەمی ئەم پەرتووكەدا باسمانكرد، سارتەر ئەپیستمۆلۆجی دەكاتە پاشكۆی ئۆنتۆلۆجیو ئەو بیروباوەڕەش رەتدەداتەوە، كە واقعیەتی جیهانی دەرەكی بە زانینەوە دەبەستێتەوە.

بەگوێرەی رێچكەی فینۆمینۆلۆجی، هەر ئاگامەندییەك، ئاگاییە لە شتێكەوە. ئاگامەندیو بابەتی ئاگامەندی پەیوەندییەكی پێداویستیو دیالیكتیكیان هەیەو بابەتەكە بەبێ ئاگامەندی ناناسرێو ئاگامەندیش بەبێ بابەت بێناوەڕۆكە.

ئامادەبوونی بوون-بۆ-خۆ لەناو ئێستاداو لە بەردەوامبوون لەناو-خۆ ستاتیکیو وەستان نیە، بەڵکو رەتدانەوەو رەتکردنەوەی ئێستایە. لەبەرئەوەی بوون-بۆ-خۆ هەیەو نیە، هەریگز بەو "هەیە"یە رازی نیەو دەیەوێ بگاتە "نیە"و ئەو "نیە"یەش بکاتە "هەیە". بەمشێوەیە، زوروانیی بوون-بۆ-خۆ گۆڕانکارییەکی دیالیکتیکیە لە "هەیە"وە بۆ "نیە" لە "بوون"ـەوە بۆ "نەبوون"و لە "نەبوون"ـەوە بۆ "بوون" رەتدانەوەو رەتکردنەوەی "ئێستا"، "ئێستا" دەکاتە رابردووو بوون-بۆ-خۆش دەگەیەنێتە "داهاتوو"، یان داهاتووی دەکاتە "ئێستا"و ئێستاش بەرابردوو. بوون-بۆ-خۆ بە بەردەوامی لەناو گۆڕانکاریی زوروانیی بوونیدا بەرەوپێش دەڕواو دەیەوێ خۆی تەواو بکا، تاکو "مردن" کۆتایی بە گۆڕانکارییەکان دەهێنێو هەموو لایەنەکانی زوروانی دەکاتە رابردوو. بە مردن بوون-بۆ-خۆ دەبێتە بوون-لەناو-خۆ. ئەم بوونەش بێ ئێستاو بێ داهاتووەوەو رابردوویەتیی رووتو زەقە.

"داهاتوو" وەکو لایەنێکی زوروانیی بوون-لەناو-خۆ خسڵەتی ئەم بوونەیەو بوون-لەناو-خۆ لە داهاتوو بەدەرە. داهاتوو زەمینەی ئەو پرۆژانەیە، کە هێشتا پەیدانەبوونو لەناو "ئێستا"دا نینو نەشبوون بە رابردوو. هەتا ئەم بوونەش لەژیاندا بێو ئامادەی بوون بێ، خاوەنی داهاتووەو بەرەو داهاتوو بەئاگاییەوە دەڕوا. پێشرەوتی بوون-بۆ-خۆ بەرەو داهاتوو پاشمەرجی سەربەستیی ئەم جۆرە بوونەیە. ئەگەر بوون-بۆ-خۆ سەربەست نەبێو نەتوانێ پرۆژەکانی هەڵبژێرێ، "ئێستا" رەت ناکاو نابێ بەوەی هێشتا نیەو وەکو خۆی دەمێنێتەوە. هەرشتێ وەکو خۆی مایەوەو گۆڕانکاری پەسەند نەکرد، ئەوا دەبێتە خاوەنی خسڵەتو پێناسێکی چەسپاو، کە ئەمەش لە بونیادی ئۆنتۆلۆجی بوون-لەناو-خۆدایەو بوون-بۆ-خۆ لەو حاڵەتەدا ئەم بارودۆخەی بەسەردا دێ، کە بمرێ، یان سەربەستییەکەی لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە زەوت بکرێ، یان بەبڕوای خراپەوە بژی. زوروانیی بوون-بۆ-خۆ بەردەوامیو گۆڕانکاریی ژوورکێشە بەرەو داهاتوو. ئەم گۆڕانکارییانەش، خۆیان دووبارە ناکەنەوەو پاش رەوتیش بە خۆیانەوە وەرناگرن. دەشێ لە هەندێ رووەوە دوو رووداو خاڵی لێکچوونو هاوبەشیان هەبێ، بەڵام ئەو دوو رووداوە لەناو دوو ئەزموونی جیاوازیی کاتیدا (زوروانیدا) پەیدادەبن. من هەفتەی جارێ لە جێژوانێکدا هاورێکەم دەبینم. دەشێ لەهەمان شوێنیشدا چاومان بەیەکدی بکەوێو وەکو کاتەکانی پێشتر دانیشین، باسی ژیان لە هەندەرانو نۆستاڵجیا بکەین، بەڵام هەر جارێ چاوپێکەوتنەکە ئەزموونێکی جوداو تایبەتی دەبێو ئەم رووداوە (هەرچەندە دووبارە دەبێتەوە). بەڵام باوەڕکردن بە دووبارە بوونەوەیانو چاوپۆشیکردن لە جیاوازییەکانی نێوانیان هەڵەیە. من ئێستا ئەو کەسە نیم، کە هەفتەی رابردوو لەهەمان شوێندا هاورێکەم بینی، چونکە پاش دوا ژوانمان چەندین گۆڕانکاریی بیریو ویژدانیو دەروونی لەناو بوونی مندا روویانداوەو بە هیچ لۆجیکێ ناتوانین ئەوە بسەلمێنین من هەمان کەسی پێشووموو نەگۆڕاوم. من بە مردن ئەم خسڵەتە نەگۆڕاوەم پێوە دەچەسپێ، یان لەو حاڵەتەدا خۆم وەکو کەسێ تووشی بڕوای خراپ بوو بێ گۆڕانکارییەکان رەتبدەمەوە. گۆڕانکارییەکان لە رەتدانەوەو رەتکردنی "رابردوو"و "ئێستا" بوون-بۆ-خۆ دەکا بەوەی نیەو لەخۆی دووردەخاتەوە. بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە ئەم بوونە دەبێ بەوەی هێشتا نەبووەو ئەوەش نیە، کە ئێستا هەیە.

## بەشی پێنجەم

### من و کەسانی دیکە لە فەلسەفەی سارتەردا

بوون–بۆ–خۆ فۆرمی بەرزی ئەفلاتوون و ناوەڕۆکی گیانەکیی دێکارت و ئاگامەندیی هەمەکیی هیگڵ نیە. ناتوانرێ لەناو جیهان دەربێ و لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەوروبەریدا بێبەش بکرێ. ئەم بوونەوەرە لەناو جیهاندایەو–جیهانێیە.[1] بوون–لەناو–جیهان بەلای هایدیگەرەوە بووە بە شامەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی ئەم بوونەوەرەو بەلای کێشەیەکی گرنگی دیکەی فەلسەفەی بوونخوازیدا پەلکێشمان دەکا، ئەویش بوونی کەسانی دیکەیە یان بوونێکی دیکەی بوون–بۆ–خۆ. جیهان بە تەنیا ئەو ژینگەیە نیە، کە بوون–بۆ–خۆ بۆ مەبەست و ئارەزووی خۆی بوون–لەناو–خۆ بگۆڕێ بۆ بابەتە ویستراوەکانی. بوون–بۆ–خۆ بیەوێ و نەیەوێ لەگەڵ بوونێکی دیکەی وەکو خۆی دەژی و بگرە بوونی ئەو بوونەی تر بە مەرجێکی دیکەی ئۆنتۆلۆجیانەیە بۆ بوونی.

وەك چۆن بەبێ جیهان بوون–بۆ–خۆ نیەو نابێ، بەهەمان شێوەش بەبێ بوون–لەگەڵ– کەسانی دیکەدا بوون–بۆ–خۆ ناتوانێ هەبێ. تەنیایی یان تەنیا بوون بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی نیەو هەڵوێستێکی ئەزموونگەرییە، کە کەسێ هەڵیدەبژێرێ. هەڵبژاردنی تەنیابوونیش نیشانەی بوونی کەسانی دیکە دەنوێنێ، چونکە ئەگەر ئەو کەسە لەگەڵ کەسانی دیکەدا نەژی، ئەوا بیر لە ژیانی تەنیایی ناکاتەوە.

لەم سەرەتاییەوەو لەم بنچینە لۆجیکییانەوە هەوڵدەدەین خۆمان لە قەرەی کێشەیەکی گەورەی فەلسەفییانە بدەین (وەکو بوونی کەسانی دیکە)، کە بوونخوازەکان، وەکو هایدیگەرو سارتەر توانیویانە لەسەر بناغەیەکی ئۆنتۆلۆجی و فینۆمینۆلۆجییانەوە ڕێگەچارەی بۆ پەیدابکەن و بوێرانە بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵبن، کە ئایدیالیزم و دەرونگەری (solipsism) لەبەردەم بۆچوونەکانماندا، وەکو دیوارێکی ئەستوور هەڵیانچنیوە. بوونی کەسانی دیکە، وەکو کێشەی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەکی ئاگامەندی و سەلماندنی، کێشەیەك نیە پاساو بکرێ و بایەخی پێنەدرێ. ئەوەی بەلای بوونخوازێکەوە گرنگ و سەرەکییە پەیوەندییەکانی نێوان بوون–بۆ–خۆو کەسانی دیکەو جیهانە، کە دەبێتە بناغە بۆ ئەنترۆپۆلۆجی و زانستی کۆمەڵایەتیی فەلسەفەی بوونخوازی.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی بکەم، ئەو خاڵەیە، کە سارتەر لە "بوون و نەبوون"ەکەیدا هەوڵیداوە بناغەیەکی ئۆنتۆلۆجی فینۆمینۆلۆجییانە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوەو لەپاشاندا لەژێر کارتێکردنی فەلسەفەی مارکسیزم ئەم بناغە ئۆنتۆلۆجییەی بە مێژووەوە بەستۆتەوە.

کێشەی بوونی کەسانی دیکە لەوێدا ناوەستێ، کە ئایا من دەتوانم بەبێ ئەوان بژیم، یان نا. وەکو باسکرا، تەنیایی هەڵوێستێکی ڕۆژانەیەو بونیادی ئۆنتۆلۆجی نیە. منداڵ بەبێ دایك و باوك و کاری سێکس پەیدا نابێ. ئەوجا ئەوەی دەمانەوێ، لێرەدا هەڵیوەشێنینەوە یان بەیەکجاری بیروخێنین بۆچوونە ئەپستمۆلۆجییە ئایدیالیستەکەیە بۆ سەلماندنی بوونی کەسانی دیکە.

ئایا من چۆن بزانم کەسانی دیکە هەن‌و وەکو من بیردەکەنەوەو ئاگامەندن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە دیدی ئایدیالیستەکان‌و بگرە ئەزموونگەرییەکانیش، وەکو جۆن لوك‌و بارکلی، وابەستە بە زانین (ئەپستمۆلۆجی)ـەوە.
لەبەرئەوەی من هەست بەبوونی هاوڕێکەم دەکەم‌و دەیبینم، کە بەرامبەرم دانیشتووەو لەگەڵمدا دەدوێ، ئەوا واتە هەیە. بوونی ئەو بە زانینی منەوە (هەستکردن بۆ نمونە) بەستراوە. ئەی چۆن بزانم ئەویش وەکو من بیردەکاتەوەو ئاگامەندە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەرێگەی شوبهاندن analogy دەستدەکەوێ. بۆنمونە، ئەگەر پاتریی ناو ئۆتۆمبێلەکەم دەربهێنم، ئەو راستییەم بۆ دەردەکەوێ، کە ئۆتۆمبێلەکەم بەبێ پاتری ناڕوا. بەم ئەزموونە دەگەمە ئەو ئاکامەی، کە هەر ئۆتۆمبێلێ، لەکاتی رۆیشتندا، دەبێ پاتری تێدابێ، ئەگینا ناڕوا. بەهەمانشێوەش، مادام من بەرێگەی ئاگامەندیمەوە بیردەکەمەوەو لەگەڵ هاوڕێکەمدا باسی فەلسەفە دەکەم، ئەوا دەبێ ئەویش، کە وەکو من باسی فەلسەفە دەکاو کێشەکان بە بیرکردنەوە شیدەکاتەوە، خاوەنی ئاگامەندی بێ.
ئێمە، لەبەر ئەوەی ئۆنتۆلۆجی پێش ئەپستمۆلۆجی دەخەین، چونکە بە بێ‌بوون زانین نیەو نابێ، ئەوا ئایدیالیستانە پەلاماری کێشەکە نادەین. هەروەها بەدیدی سارتەر، هەندێ ئەزموونی ژیانی رۆژانە هەن بەزەقی‌و بەبێ گرفت بوونی کەسانی دیکە دەسەلمێنن. یەکێ لەو ئەزموونانە "شەرمکردن"ـە.[2] بۆنمونە، لە کونی کلیلی دەرگای ژووری هاورێکەمەوە تەماشای ناو ژوورەکەی دەکەم، تاکو بزانم چی دەکا. ئەم کارەی من، تاکو ئەو کاتەی کەس من نابینێ، یان کەسێ بەسەردا نایەت، ناو ژووری هاوڕێکەم لەو کونە بچووکەوە بۆ دەکاتە دیاردەیەك، کە من دەمەوێ شتێکم تیایدا بۆ دەرکەوێ. بەدەرکەوتنی کەسێ لەڕاڕەوەکەدا یان گریمان هاورێکەم لەوکاتەدا لەناو ژوورەکەیدا نیەو لە دەرەوە دەگەڕێتەوەو من لەو بارەدا دەبینێ، دەرکەوتنی ئەو من دەخاتە ناو هەستی شەرمەوە (شەرمەزارییەوە). من شەرم لەخۆم دەکەم، چونکە لایەنێکی ناشیرین یان ناتەواوی من بۆ ئەو کەسە دەرکەوت‌و ئەو (عەیبەکەی) منی دۆزییەوە. شەرمکردن ئەو واتایە دەبەخشێ، کە کەسێ کەم‌وکورتییەکانی بۆ کەسێکی دیکە دەبن بەدیاردە. ئەگەر کەسانی دیکە نەبن یان ئەو کەسە منی لەو بارەدا نەگرتایە، من تووشی شەرمەزاری نەدەبووم. شەرمکردن ئەوە دەسەلمێنێ، کە کەسانی دیکە عەیبی ئێمەیان دۆزیوەتەوە. خۆ ئەگەر ئەوان نەبن، ئێمە هەست بە شەرم ناکەین.
سارتەر لە توێژینەوەکەیدا رەخنەی لە بۆچوونەکانی دێکارت‌و هۆسرڵ‌و هیگڵ گرتووە. هەرچەندە هۆسرڵ پاش هیگڵ ژیاوەو بە فەیلەسووفێکی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ، بەڵام لەبەر ئەو هۆکارەی ئەم فەیلەسووفە لەژێر کارتێکردنی بیروباوەڕی دێکارت–ەوە بیردەکاتەوەو هیگڵ بە پێچەوانەی ئەمەوە دێکارتی رەتداوەتەوە، دێکارت‌و هۆسرڵ پێش هیگڵ باسکراون. بەتێکڕا، ڕەخنەی سارتەر لەسەر بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسووفانە لەو خاڵەدا کۆدەبێتەوە، کە بوونی کەسانی دیکەیان بە رێگەی "زانین"ـەوە سەلماندووەو ئەپستمۆلۆجییانەیە. بەڵام هیگڵ توانیویەتی قۆناغی بەرەوپێشەوە بڕواو بوونی کەسانی دیکە بۆ دەستگیرکردنی بڕوانامە بۆ سەربەستی بە پێویست دەزانێ. هەروەها هیگڵ باسی سەلماندنی بوونی کەسانی دیکەی نەکردووەو هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی نێوان من‌و کەسانی دیکەش لە مێژوودا دیاریبکا.[3] بەدیدی هیگڵ، پەیوەندییەکان دژایەتی‌و زۆرانبازین، چونکە هەردوولایەنەکە وەکو یەك داوای بڕوانامە لەیەکدی دەکەن‌و بۆ وەدەستهێنانی ئەمە خۆیان دەخەنە ناو جەنگی مان‌و نەمانەوەو لە ئەنجامدا لایەنە بەهێزو نەترسەکە، لاوازو ترساوەکە دەچەوسێنێتەوەو دەیکا بە کۆیلە.[4] لەگەڵ ئەمەشدا هیگڵ نەیتوانیوە بە تەواوی خۆی لە بۆچوونە ئایدیالیستەکە دووربخاتەوەو لە روونکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان من‌و کەسانی دیکەدا هەڵوێستە دوالیستییەکەی خۆو بابەتی خۆیی رەتنەداوەتەوە.
ئەو فەیلەسووفەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لەم کێشەیەدا خولقاندبێ‌و زەمینە ئەپستمۆلۆجییەکەی گۆڕیبێ بۆ ئۆنتۆلۆجی‌و ئایدیالزمی رەتدابێتەوە، هایدیگەرە. لەبەرئەمەشە، سارتەر، لەباسەکەیدا، فەلسەفەی هایدیگەر بە گۆڕانکارییەکی پۆزەتیڤی‌و پێشکەوتووو رەتکەرەوەی بۆچوونەکانی دێکارت‌و هۆسرڵ‌و هیگڵ دادەنێ.[5] بەلای هایدیگەرەوە، پەیوەندیی نێوان من‌و کەسانی دیکە لە بوونەوە بۆ بوونەو بوونی کەسانی دیکەش، لەبەرئەوەی پێشمەرجی

ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی من، ئەوا پێویست بە سەلماندنی ناکا. بوونی من سەلماندنی بوونی کەسانی دیکەیە. پەیوەندیی نێوانیشمان بەتەنها دژایەتیو زۆرانبازی نیەو منو کەسانی دیکە خەمخۆرو نیگەرانی یەکدین. گرنگیی ڕێگەچارەی هایدیگەر لەوەشدایە، کە لەم ڕوانینە ئۆنتۆلۆجییەوە زەمینەی دەروونگەری (solipsism) هەڵوەشاوەو زانینی من نابێتە مەحەکو بەڵگە بۆ سەلماندنی بوونی کەسانی دیکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بوونی ئەوان بۆتە پێشمەرج بۆ بوونی "من" کەسانی دیکە، لەبەر ئەزموونی هەستەکی من بن، یان نەبن، مادام من هەم دەبێ ئەوانیش هەبن، چونکە من بەبێ ئەوان نابم. وەستانی بوونی کەسانی دیکە لەبەردەم ئێمەداو هەستکردنی ئێمە، یان بەتێکڕا "زانین"، مەرجی سەلماندنی بوونی کەسانی دیکە نیە.

بوون-بۆ-خۆ لەناو جیهاندایەو ڕووبەڕووی دوو جۆر بوون دەبێتەوە: لەلایەکەوە دەوروبەری بە بوون-لەناو-خۆ تەنراوەو لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا، کە ئەوانیش بوون-بۆ-خۆن دەژی.

هەڵسوکەوتو ڕەفتاری بوون-بۆ-خۆ لە ئاستی ئەم دووجۆرە بوونەی دیکەدا جیاوازن. ئەو بوون-لەناو-خۆ وەکو سروشت، یان بابەتی بەردەستەکی بەکاردەهێنێو سوودیان لێوەردەگرێو دەیانکاتە موڵکی خۆی. مێزی ژوورەکەم، کاغەزە سپیەکانی بەردەستم، خامەکەی پێی دەنووسم، کورسیەکەی لەسەری دانیشتووم، هەریەك لەمانە بوون-لەناو-خۆنو لە ژیانی ڕۆژانەمدا بۆ مەبەستێکی تایبەتی سوودیان لێوەردەگرم. ئەم شتانە بوون بە بابەتی بیرکردنەوە، یان بابەتی ئەزموونی هەستیم. بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی وەکو ئاگامەند نین، ناتوانن من بکەنە بابەتی بیرکردنەوە بۆخۆیان. بەپێچەوانەی بوون-لەناو-خۆ، بوونی کەسانی دیکە، کە وەکو من بوون-بۆ-خۆن، خسڵەتێکی جیاوازیان هەیەو لەگەڵ ئەو بابەتانەی باسمکردن هاوتا ناکرێن. من چۆن کەسێکی دیکە دەکەمە بابەتی بیرکردنەوەم، ئەویش دەتوانێ من بکاتە بابەتی بیرکردنەوە. لە بابەتکردنی مێزەکەدا من تووشی دوودڵیو پەرێشانی نابم. مێز یان بوون-لەناو-خۆ ناتوانێ خۆی لە من بشارێتەوە یان ئەویش من بکاتە بابەت، کەچی کەسانی دیکە بۆ من بە ئاسانی ناگیرێنو فەرامۆش نابن. ئەوانیش بە تەماشایەك من دەکەنە بابەت بۆ خۆیان ئێستا من لە پەرتووکخانەدا دانیشتوومو خەریکی ئەم نووسراوەم هەموو بابەتەکانی دەوروبەرم، مێزو کورسیو پەرتووکەکانی سەر ڕەفەکانو دیوارو پەنجەرەکانی دەبینم، ئەوانە هەموو بۆ من بوونە بابەتی بیرکردنەوە، تەماشایان دەکەم، چاویان تێدەبڕم، ئەوان لە من ڕاناکەن، خۆیان ناشارنەوە، من دەزانم مێزەکە ڕەقەو تەختەیەو ڕەنگی زەردە، دیوارەکە سپییە، کورسییەکان ڕەشن، لەمە زیاتر چیتر نینو نابن، بوونیان پڕو وەستاوە. هەموو ئەم بابەتانە لەناو جیهانی هەستەکیی مندا تەنراونو هەریەکەیان جێگەی دیاریکراوی خۆی هەیە بۆمن. لەم کاتەدا کەسێکی دیکە هاتو بەرامبەرم دانیشتو پەرتووکەکەی کردەوەو دەستی بە خوێندنەوە کرد. ئەویش لەم حاڵەتەدا بۆتە بابەتێکی هەستەکی بۆ ئەزموونی من. من دەبینم مرۆڤێکی باڵابەرزی قژڕەشو کراسێکی سپیو پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردایە، بەڵێ دەتوانم زیاتریش لێی وردبیمەوەو باسی شێوەو ڕووخساری بکەم، بەڵام ئایا جیاوازیی ئەم بابەتەو بابەتەکانی دیکە چین؟ ئایا دەتوانین بەوشێوەیەی وەسفی مێزو کورسیو بابەتەکانی دیکەمان کرد، باسی ئەمیش بکەین؟ لە چ ڕوویەکەوە بابەتکردنی بوون-بۆ-خۆ لە بابەتکردنی بوون-لەناو-خۆ جیایە؟

بوون-لەناو-خۆ لەژێر دەستمدا ڕاناکاو دڵنیام لەوەی، کە خسڵەتەکانیشی چەسپاوو نەگۆڕن. کەسەکەی بەرامبەرم، بە پێچەوانەی مێزەکەوە، خۆی تەسلیمی من ناکاو ڕادەکا، خۆی دەرباز دەکاو ئەویش وەکو من بوون-بۆ-خۆیە. دەیبینم بەرامبەرم دانیشتووەو سەری بەسەر پەرتووکەکەدا شۆڕکردۆتەوە. من چۆن بزانم بیر لەچی دەکاتەوە؟ من چۆن دەتوانم بگەمە ناوەندی جیهانی بیرکردنەوەی ئەو، ئەگەر ئامادەنەبێ خۆی بۆ من ئاشکرا بکا؟ بوون-لەناو-خۆ تووشی ئەم گەرمەو کێشەیەم ناکاو خۆی لە من ناشارێتەوە. بابڵێین ئەو کەسەی بەرامبەرم سەرهەڵدەبڕێو تەماشام دەکا. تەماشاکردنەکەی حاڵەتی بوونی من دەگۆڕێو دەیکاتە بابەت بۆ خۆی لەبەر ئەوەی بوون-بۆ-خۆیەو سەربەستە، دەتوانێ من هەڵسەنگێنێ، خسڵەتەکانم بدۆزێتەوە، من وەکو بوون-بۆ-خۆ بکاتە بابەتی بیرکردنەوەی. تەماشاکردنی

ئەو توشی "نامۆ"ییم دەکا، چونکە خسڵەتی "خۆم" لێ دادەبڕێو دەیکا بە بابەت. بۆ ناسینی بابەتیش پێویستمان بە خسڵەتی نەگۆڕو چەسپاوی بابەتەکە هەیە. من وەکو خۆ، یان ئاگامەندی، ئەوە نیم، کە هەمو ئەوەشم، کە هێشتا نەبووم.[6] بەڵام ئەو بە تەماشاکردنێکی من دەکا بەوەی کە هەمو "نیە"ی من بە هیچ دانانێ.

ئاگامەندی هەیەو نیە. ئەم دوو لایەنە لەیەکدی جیانابنەوە ئەگەر من باوەڕم بە لایەکیان هەبێو لاکەی دیکەی رەتدەمەوە خۆم تووشی "بڕوای خراپ" دەکەم لەو حاڵەتەدا، کەسانی دیکە "نیە"ی من رەتدەدەنەوە. منیش لە پرۆژەکانی داهاتووم داهێنانو سەربەستی دەبڕنو لە ناوەڕۆکی خۆم نامۆم دەکەن. بەڵام ئەوان ناتوانن من وەکو بابەتێکی رووت ببینو دەسەڵاتم بەسەردا بسەپێننو وەکو مێزەکە داگیرم بکەن. دروستە کە بە تەماشایەك ئەو من دەکاتە بابەت، منیش ئەو بە تەماشا دەکەمە بابەت. ئەو چۆن لە دەست من رادەکا، منیش لەو رادەکەمو رێگە نادەم بمدۆزێتەوە. ئەوەتا جارێکی دیکە سەری هەڵبڕیو تەماشایکردم. جارێکی دیکە منی کردە بابەت بۆخۆی، چەند خسڵەتێکی نەگۆڕی بەسەرمدا چەسپاند، بەڵام ئەو نازانێ ئێستا منیش ئەوم کردووە بە بابەتو لەم نووسینەدا باسی ئەو دەکەم. ئەو نازانێ لەناو جیهانی بیرکردنەوەی مندا چی روویداوە من خۆمو لەهەمانکاتدا بابەتیشم بۆ ئەو، ئەویش خۆیەو بابەتە بۆ من بەڵام بوون-لەناو-خۆ بابەتێکی رووتەو خۆیەتیی نیە.ئەو هەرگیز ناتوانێ من وەکو بوون-لەناو-خۆ ببینێ، چونکە نەگیرم، رادەکەم، خۆم دەشارمەوە، لە هیچ ساتێکی چەقیودا خۆم نابینم، ئەویش وەکو من هەمان خسڵەتی هەیە. هەردووکمان خۆو بابەتین بوون-بۆ-خۆو بوون-لەناو-خوپین. تەماشاکەرو شەرمکەرو نامۆو لەهەمانکاتیشدا سەربەستین. کەسانی دیکە، لەبەرئەوەی بوون-بۆ-خۆو سەربەستن، توانایی رێگرتنو لەباربردنی یان لەناوبردنی پرۆژەکانی منیان هەیە. بوون-لەناو-خۆ تاکو رادەیەك جووڵانو هەڵسووڕانی پرۆژەکانم کەمدەکاتەوە، بەڵام سەربەستیم داگیرناکا. بۆنمونە، بە باران جووت ناکرێ، بەڵام وەکو بوون-بۆ-خۆ حوکم بەسەر ئازادیو پرۆژەکانی مندا نادەن. دەرنەچوون بۆ دەرەوە لەبەر باران وەکو دەرنەچوونی زیندانیەك نیە. زیندانیەکە بوون-بۆ-خۆ رێگرێتیو جووتیارەکەش، کە دەرناچێ بۆ جووتکردن، باران پرۆژەکەی دادەخا.

ئەم توێژینەوەیەی سارتەر تا رادەیەك کارتێکردنی (هیگڵ)ی پێوەدیارەو پەیوەندیی نێوان بوون-بۆ-خۆو کەسانی دیکەی خستۆتە سەر زەمینەی زۆرانبازیو ململانێ هیگڵ لە فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەیدا ئەم زۆرانبازییەی بە دیالیکتیکی داناوە، کە لەئەنجامدا بونیادی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاریی دوولایەنەکە رەنگرێژ دەکا. هەریەك لەم دوو لایەنە، داوای بڕوانامە لەیەکدی دەکەنو بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش پەنا دەبەنە بەر جەنگێکی خوێناویو لایەنە بەهێزەکەش، لەبەر ئەوەی لە "مردن" ناترسێ، دەبێ بە چەوسێنەر (خاوەن کۆیلە).

سارتەر نەگەیشتۆتە ئەو رادەیەی، کە دوو لایەنە ناکۆکە بە کۆیلەو خاوەن کۆیلە دابنێ، بەڵام لەو باوەڕەشدا بووە لە مێژوودا زۆرانبازی بەرەو تاڵی دەڕواو تاکێ تاکێکی دیکە دەچەوسێنێتەوەو ئازادیی لێ داگیردەکاو دەبێتە کۆسپو رێگر لە ئاستی ئەنجامدانی پرۆژەکانی داهاتوویداو لەژێر ئەم بارودۆخە نامرۆڤانەیەدایە، کە کەسانی دیکە رۆڵێکی نێگەتیڤی دەبینو وەکو دەڵێ "دەبن بە دۆزەخ".[7]

ئەمەش تەنها پەیوەندییەکی نێوان منو کەسانی دیکە نیەو هەردوولا دەتوانن باوەڕ بە سەربەستیی یەکدی بهێننو ئەمیان ئەوی دیکەیان نەچەوسێنێتەوە. مادام سەربەستی بونیادی ئۆنتۆلۆجیی لە بوونی بوون-بۆ-خودا هەیە هەر کەس سەربەستەو لەدەستدانی سەربەستیەکەشی نامۆیی لەدوایە.[8]

کاتێکیش لە "پەیوەندی" دەدوێین مەبەستمان لە پەیوەندی نێوان بوون-بۆ-خۆو کەسانی دیکە، یاخود بوون-بۆ-خۆو بوون-لەناو-خۆیە چونکە دوو بوونی لەناوخۆ لە پەیوەندی بەدەرن. مێزو کورسییەکەو پەرتووکەکان پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا نیە دووریو نزیکیشیان لەیەکدییەوە بۆ بوون-بۆ-خۆیە. من بڕیاردەدەم ئەوان چەند لەیەکدییەوە دوورن، یان نزیکن، ئەوجا ئەو پەیوەندییە بۆ ئەوان هیچ واتایەك نابەخشێ چونکە ئاگامەندنینو نازانن چەندو چۆن لە شوێندا پێکەوە دانراون. مێزەکە تەنیا بۆ من لە پەنجەرەکەوە دوورە یان نزیکە ئەمەش نامباتەوە بۆ

بۆچوونێکی دەروونگەری و خۆپێزی، چونکە نکۆڵی لە واقعیەتی ئەم بوونەوەرانە لە دەرەوەی ئاگامەندی ناکا. ئەوەی دەمانەوێ بیسەلمێنین، ئەو خاڵەیە، کە "پەیوەندی" خسڵەتێکە ئاگامەندی یان بوون-بۆ-خۆ دەیهێنێتە کایەوە. پەیوەندییەکانی نێوان دوو بوون-بۆ-خۆ لەسەری بناغەی دیالیکتیکی هیگڵ، کە سارتەر سوودی لێوەرگرتووە دوو شێوازی پێداوە. لە شێوازی یەکەمیاندا یەکێ لەم دوو لایەنە هەوڵدەدا لایەنەکەی بەرامبەری بکاتە بابەت و خسڵەتی بوون-بۆ-خۆی لێ دابماڵێ. ئەم پەیوەندییەش دوو لایەنی نایەکسان دەخولقێنێ و لەئەنجامدا لایەنە داگیرکەرەکە، یان (سادییەکە) لایەنی بەرامبەری دەچەوسێنێتەوەو باوەڕ بە بوونی وەکو بوون-بۆ-خۆ ناکاو نامۆی دەکا.

لەشێوازی دووەمدا (ماسۆشیزم) یەکێ لەلایەنەکان خۆکردن بە بابەت بۆ بەرامبەرەکەی دەکاتە پرۆژەو دەیەوێ داگیر بکرێ.

سارتەر خۆشەویستیش لەبەر ڕۆشنایی ئەم دوو شێوازی پەیوەندییە راڤەدەکا. لەپەیوەندی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاودا، یەکێ لە دوولایەنەکە دەیەوێ بەو شێوەیە خۆی دەرخا، کە بەرامبەرەکەی دەیەوێ و حەزی لێدەکا. لایەنی بەرامبەریش دەیەوێ خۆشەویستەکەی حەزو ئارەزووەکانی ئەم تێر بکا. لایەنی یەکەم خۆی بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزوەکانی بەرامبەرەکەی تەرخان دەکاو هەڵوێستێکی ماسۆشی (مازۆکی) هەڵدەبژێرێ، بەرامبەرەکەشی، کە چێژی خۆشی لەو هەڵوێستە وەردەگرێ سادییە. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، خۆشەویستیی ناڕەسەنەو یەکێ لە لایەنەکان ئەوی دیکە نامۆ دەکا. ئاشکرایە، لەم توێژینەوەیەدا، سارتەر رەشبینانە دەڕوانێتە پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاوو هەوڵی نەداوە رێگە چارەیەك بۆ ئەم ئاکامە نەرێیەمان بۆ بدۆزێتەوە. ئێمە دەزانین بە بابەتکردنی کەسێ هەڵەیەکی ئۆنتۆلۆجییەو داماڵینی بەرگ و ناوەڕۆکی مرۆڤانەی ئەو کەسەیە. بەڵام بەبابەتکردنی مرۆڤ لە ناشرینترین شێوەشیدا، وەکو لە دیالیکتیکی کۆیلەو خاوەن کۆیلەدا هیگڵ ئاماژەی کردووە، کارێکی مەحاڵە. مرۆڤ خاوەنی خۆی و جیهانی بیرکردنەوەی خۆیەتی. گرفتی گەورەی خاوەن کۆیلە، یان پیاوێ لەئاستی خۆشەویستی ژنێکدا لەوەدایە، کە ئەو ناتوانێ بەتەواوی و بەوشێوەیەی بوون-لەناو-خۆ داگیری دەکا، وەهاش کۆیلە، یان ژنەکە داگیری بکاو بیکاتە سامانی خۆی. لە دیالیکتیکی کۆیلەو خاوەن کۆیلەدا، دەبینین خاوەن کۆیلە، بۆئەوەی بەرامبەرەکەی باوەڕ بە دەسەڵات و سەربەستییەکەی بکا، کەسەکەی بەرامبەری داگیردەکاو دەیکا بە کۆیلەو لە ئەنجامدا دوو لایەنی نا یەکسان پەیدادەبن. کۆیلە بۆ خاوەن کۆیلە مرۆڤ نیەو خۆیەکیی لێسەنراوەو بووەتە بابەتێکی رووت بۆ خاوەنەکەی. لێرەدا خاوەن کۆیلە لە پێناوی بەدەستهێنانی بڕوانامە لەلایەن بەرامبەرەکەیەوە خۆی تووشی ئەو هەڵەیە کردووە، کە بڕوانامەکەی کەسێ داوێتی، کە بووە بە بابەت و خسڵەتی کەسی و مرۆڤی نیە.

لەپەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاودا، کە شێوەی سادیزم و ماسۆشیزم وەردەگرێ، لایەنە سادییەکە هەست بەوە دەکا ئەو داوای خۆشەویستی لە کەسێکی نامۆو کەمتر لەخۆی دەکا. خۆشەویستیی رەسەن لەوێدا پەیدادەبێ، کە هەردوو لایەنەکە یەکسان بووەستن و کەسیان ئەوی دیکە داگیر نەکاو بابەتی بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی خۆی بەرامبەرەکەی بەکاری نەهێنێ. خۆشەویستیی رەسەن لەوەدایە پیاو باوەڕ بە کەسایەتی و سەربەستیی ژن بکاو وەکو هاوسەرێکی بەرانبەر تەماشای بکا.

بوونی کەسانی دیکە بەلای کێشەیەکی فەلسەفیی دیکەدا بەناوی "رەوشت" پەلکێشمان دەکاو لەئاستی ئەو پرسیارانەدا راماندەگرێ، کە داوای وەڵام لەسەر واتای بەهاکان دەکەن.

لە فەلسەفەدا رەوشت بەو لێکۆڵینەوەیە دادەنرێ، کە خۆی بەواتای چاکەو خراپە، یان بەکامەرانی و بەختەوەرییەوە ماندوو کردووە.

فەیلەسووفەکان، لە سەردەمی سوکراتەوە تا ئەمڕۆ وەڵامی جۆراو جۆریان بۆ پرسیارەکان داناوەو بەگوێرەی بۆچوونی فەلسەفییانەی خۆیان واتای چاکەو خراپەو بەختەوەرییان لێکداوەتەوە.

یەکێ لە پێشمەرجەکانی ڕەوشتو دامەزراندنی بەهاکان بوونە لەگەڵ کەسانی دیکەدا. ئەگەر کەسێ بەتەنیا بژیو پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵدا ببڕێ پێویستی بە بەهاکان نابێ. ڕەوشت پێداویستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتییە. چیەتیو واتای بەهاکانیش وابەستن بەچۆنیەتیی سیستەمە ئۆنتۆلۆجییەکانەوە. کانت لە سیستەمەکەیدا هەوڵیداوە کۆمەڵێ پێشمەرج بۆ زانینو ڕەوشتو ئیستاتیك دابمەزرێنێو بۆ چوونەکانی لەمەڕ ڕەوشتو بەهاکان بە دیۆنتۆلۆجی (deontologe) ناسراوە. لەم بۆچوونەدا، بەهای ڕەوشتی هەمەکییەو پێویستە مرۆڤ وەکو ئەرکێکی سەرشانی پەیڕەوی بکا بەبێ ئەوەی بیر لەئاکامەکەی بکاتەوە. بۆنمونە، دەڵێین ڕاستگۆیی چاکە. بەهای ڕاستگۆیی دەبێ بە هەمەکی. تاکەکانی کۆمەڵ دەبێ هەمیشە ڕاستگۆبنو درۆ نەکەن ئەوجا گرنگ نیە ئاکامی ڕاستگۆییان چییەو چۆن دەبێ، مادام ڕاستگۆیی کارێکی چاکە پێویستە مرۆڤ ڕاستگۆ بێ.

هەندێ فەیلەسووف، وەکو جۆن ستیوارت میل (1806-1873)و جێرمی بێنتام (1748-1832) لەروانگەی ئەزموونكارییەوە دەڕواننە ڕۆڵی پراگماتیی بەهاو لەگەڵ بیروباوەڕی کانت دا ناڕێکن. بۆ ئەم فەیلەسووفانە، چاکەو خراپەی بەهایەك لەئاکامی پراگماتیکی بەهاکەدایە. دەشێ ڕاستگۆیی لەحاڵەتێکدا چاك بێو حاڵەتێکی دی خراپ. تێکۆشەرێ لەبەر دادگای ڕژێمی بەعس دا بۆمانەوەی ژیانیو پاراستنی خۆیو بەرژەوەندیی گەلەکەی چاك نیە ڕاستگۆبێو چاکترە درۆ لەگەڵ دادگادا بکا.

فرێدریك نیچە (1844-1900) لە ڕێچکەی هیچگەرییەوە دووجۆر بەهای بۆ دەستنیشان کردووین، بەهاکانی دەسەڵاتدارەکانو بەهاکانی بێدەسەڵاتەکان. هەروەها سۆپەرمان وەکو دەسەڵاتدارێکی ڕەها هەرچییەك بکا چاكو دروستە. کارل مارکس (1818-1883)و مارکسییەکان سەرچاوەی بەهاکان دەگەڕێننەوە بۆ چینەکانی کۆمەڵو ئەمانیش وەکو نیچە باوەڕیان بەدوو جۆر بەها هەیە، بەهای بۆرژواو بەهای پرۆلیتار.

سارتەر لە کۆتایی پەرتووکی "بوونو نەبوون"دا بەڵێنی نووسیوە لە بەشی دووەمەکەیدا یاخود لە نووسینێکی دیکەیدا لەسەر ڕەوشت بنووسی. ئەم پەرتووکەی سارتەر لەسەر ڕەوشت، کە لە ساڵی 1947دا نووسی، لەپاش مردنی لە چاپدرا (لەسەر داخوازیی خۆی بوو کە پاش مردنی لە چاپ بدرێ). ئارلێت سارتەر بۆ یەکەمجار لە ساڵی1983 دا لە فەرەنسا بەناونیشانی (هەندێ تێبینی دەربارەی ڕەوشت) بڵاویکردەوە.[9] مامۆستای فەلسەفە دیڤید پیلاوەر ئەم پەرتووکەی گۆڕیوەتە سەر زمانی ئینگلیزیو لە ساڵی 1992دا زانکۆی شیکاگۆ بۆی بە چاپ گەیاندووە.

سارتەر ئەم پەرتووکەی بەشێوەی ئەفۆرمیزم لەتوێی 574 لاپەڕەدا نووسیوەتەوەو خوێنەر تووشی هەناسەبڕکێو ماندوویی دەکا ئەگەر شارەزایی لە فەلسەفەی هیگڵو هایدیگەردا نەبێ.

کێشەی ڕەوشت بۆ بوونخوازێکی وەکو سارتەر دژوارو ناکۆکە. بوونخوازی باوەڕی تەواوی بە سەربەستی هەیەو سارتەریش بونیادێکی ئۆنتۆلۆجیی بۆ دامەزراندووە. بەها ڕەوشتییەکان لە هەر بوارو شێوازێکی کۆمەڵایەتیو مێژوویيدا بن، سەربەستیی مرۆڤ سنووردار دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە، کە مرۆڤ کۆمەڵخوازەو لەناو مێژوودایەو سەربەستیی ڕەهای لە بونیادی ئۆنتۆلۆجیدایە، کە لەناو مێژوودا وەدەست نایەت. ژیان لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەهاکان بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێ. ناکۆکیی نێوان باوەڕهێنان بە سەربەستی لەبونیادی ئۆنتۆلۆجییەوەو سنووردانان بە چواردەوری سەربەستیدا لەناو مێژوودا سارتەر دەخاتە بەردەم دووڕیانێکی سەخت. بەڵام هێشتا ئەم ناکۆکییە ڕێگەی لە سارتەر نەگرتووە باسی ڕەوشتو چیەتییەکان نەکا. لەهەمانکاتدا نایەوێ لەپێناو دامەزراندنی سیستەمێکی ڕەوشت بۆ فەلسەفەکەی قوربانی بە سەربەستی بدا. لەبەر ئەمە، وەستان لەبەردەم ئەم دووڕیانەو هەڵبژاردنی هەردوو لایەنەکەو تۆزقاڵێ لادان لەو بونیادە ئۆنتۆلۆجییەی بۆ سەربەستی دامەزراوە، کارێکی سەختو دژوارەو فەیلەسووفە بوونخوازەکانی دیکەش، وەکو هایدیگەرو یاسپێرزو مارسێلو ئەلبێر کامۆو میرلۆپۆنتیو سیمۆن دی بۆڤوار نەیانویستووە ڕاستەوخۆ خۆیان لە قەرەی بدەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە لەبوونخوازیدا، یان باشتر وایە بڵێین لەلای سارتەر بەها بوونی نیە.

هەرشتێ مرۆڤ باوەڕی پێبکا دەبێ بە بەها. لە ڕوانگەو بۆچوونی سارتەرەوەو باوەڕهێنان بە سەربەستی، بەهای مرۆڤ سەربەستییە. هەر سەربەستییە، کە بەهاکان دادەهێنێو هەر سەربەستیشە هەڵیاندەوەشێنێ. هەڵبەت سەربەستییەك، کە لە بونیادی ئۆنتۆلۆجییەوە هیچ شتێ لەپێشتر لەخۆیەوە نەبینێو باوەڕی پێنەکا، هیچ بەهایەکی پێشوەختیش ناکاتە بناغە بۆ خۆی. چونکە بوونێکە، کە بناغە ئۆنتۆلۆجییەکەی "هیچ"ـەو بەهاکانیشی هەر "هیچ"ن. هیچگەریی ئۆنتۆلۆجیو هیچگەریی ڕەوشت دەبنە تەواوکەری یەکدیو هەردووکیان جەخت لەسەر خاڵی هاوبەش دەکەن "سەرەبستی" بە ڕەهایی بە پێویست دەزانن. لەم هیچگەرییە ئۆنتۆلۆجییەوە بەها لە بێبەهاییدایەو بوونیش لە هیچدا. ئەمەش ڕەشبینیو بێدەسەلاتی لە بوون-بۆ-خۆدا دەرناخا. بەپێچەوانەوە، هیچگەریی ئۆنتۆلۆجی لەئاکامدا دەگاتە ڕادەی هیچگەریی ڕەوشتیو ڕادیکاڵانە دەڕوانێتە بوون-بۆ-خۆو بەهای داهێنراوو ئامادەکراوو پێشوەختی بەسەردا ساغ ناکاتەوە. بڕواکردن بە هێزێکی میتافیزیکی لەپێشتر دۆگما نیەو دەرگاکانمان لە ڕوودا داناخەن. بێبڕوایی ئاسۆیەکی بەرفراوانو لەرادە بەدەر لە ئاستی بیرکردنەوەو پرۆژەکانی مرۆڤدا دەکاتەوەو لەبەردەم "هیچ"دا دایاندەنێ. بێبەهایی لە بوونی ئەودا دەبێتە بناغە بۆ بەهاو داهێنانی ڕەوشتێ، کە خۆی باوەڕی پێی هەیەو خۆی دایمەزراندووە.

ئەگەر بێتو لەم هیچگەرییە ئۆنتۆلۆجییەوە نەڕوانینە کێشەی ڕەوشت، ناتوانین ڕادیکاڵ بینو گۆڕانکارییەکان سازبکەین. هیچگەریو ڕادیکالیزمو دامەزراندنی بەهاکان سێ شامەرجن لە توێژینەوەکەمان سەبارەت بە فەلسەفەی ڕەوشت لەلای سارتەرو لای بوونخوازەکانی دیکەش، کە هەرسێکیان لە سەرچاوەی سەربەستیی بوون-بۆ-خۆوە هەڵدەقوڵێن.

نەخواستنی سەربەستی، کە دەبێتە نامۆیی، یان بڕوای خراپ، لەهەمانکاتدا ڕووخاندنی بەها ڕەوشتییەکانە. ئەگەر بێتو بوون-بۆ-خۆ سەربەست نەبێو بەهای پێشوەختو ئامادەکراوی بەسەردا سەپێنرابێ، بۆنمونە، کەسێ لەژێر زەبرو زۆردا تاوانێ بکا، هەڵوێستەکەی بە هەڵوێستێکی ڕەوشتی دانانرێ. "بوون"ی خاوەن ڕەوشتو بەها ئەو بوونەیە، کە خۆی سەربەستانە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی بەها دەداو دایدەنێ. سەربەستی پێشمەرجە بۆ ڕەوشتو ئۆنتۆلۆجی هیچگەریش پێشمەرجە بۆ سەربەستی. لەبەرئەوەی سەربەستی خسڵەتێکی بنەڕەتی بوونی مرۆڤە، ئەوا بێجگە لە مرۆڤ هیچ بوونەوەرێکی دیکە خاوەنی بەها ڕەوشتییەکان نیەو بەبوونەوەرێکی ڕەوشتی دانانرێ. ئاژەڵ خاوەنی بەهای ڕەوشتی نیە، چونکە سەربەست نیەو بێپرۆژەیە. ئەوانەی دژی بۆچوونەکەمان دەوەستنەوە سەربەستی بە بەڕەڵایی ژیانی ئاژەڵی دەزانن، لە بەراوردکردنەکەیاندا تووشی هەڵە بوون لەوەی کە لەلایەکەوە بەراوردکردن سەلماندنێکی لۆجیکی نیەو لەلایەکی دیکەوە ژیانی ئاژەڵی ناچارییەو لە بازنەی داخراوی میکانیکدا دەسووڕێتەوە، کە ناتوانێ خۆی لەژێر فشاری هۆو ئەنجام دەرباز بکاو ئەوەی بۆ ئاژەڵیش گرنگە لەناو ئەم بازنەیەدا پەیداکردنی چەندێتییە نەك چۆنیەتی. کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەهەر شوێنێکدا بەهەر قۆناغێکی شارستانیەتدا تێپەڕێ، ئەگەر چی ئەو قوناغە بە پێشکەوتوو یان دواکەوتوو دابنرێ، ئەوا بەراوردکردنی لەگەڵ ژیانی ئاژەڵیدا نەگونجاوەو بەم بەراوردکردنە کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە خسڵەتە مرۆڤایەتییەکانی، وەکو ئاگامەندیو سەربەستیو ڕەوشت، نامۆ دەکرێن. مرۆڤ چەندە دواکەوتووبێ، هێشتا لە ئاژەڵ بەرزترەو دەتوانێ شێوازو چۆنیەتی ژیانی بگۆڕێ.

سارتەر لەم پەرتووکەیدا لەو باوەڕەدایە مرۆڤ چاکە هەڵبژێرێو ئەو چاکەیەش بەتەنیا بۆخۆی نیەو بیر لەبەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆی ناکاتەوەو داوای چاکە بۆ کۆمەڵ دەکا. هەڵبژاردنی ڕێگەو هەڵوێستی چاکە دەبێتە یەکێ لەخاڵە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ڕەوشتو لەم خاڵەوە مرۆڤ یان تاك لەناو کۆمەڵدا ڕۆڵی گرنگی خۆی دیاری دەکا.[10]

ئایا ئەم بۆچوونەی سارتەر گەڕانەوە نیە بۆ فەلسەفەی ڕەوشتی کانت؟ نکوڵی لەوە ناکرێ، کە شێوەی دەربڕینی ئەم کێشەیە لای سارتەر لەفەلسەفەکەی کانت نزیکەو ئەمیش وەکو کانت پەیڕەوی ڕێچکەی دیۆنتۆلۆجی دەکاو هەوڵدەدا

دەستەیەك یاسای ڕەوشتی هەمەكی و لەپێشترمان بۆ دامەزرێنێ. بەڵام سارتەر بەوەوە ناوەستێ و بۆئەوەی خۆی لەم ڕەخنەیە دووربخاتەوە كێشەكە بە ئۆنتۆلۆجییەكەیەوە دەبەستێتەوەو كانت بەجێ دەهێڵێ.

لەمەوپێش ئاماژەمان كرد، كە ڕەوشت پێویستی بە زەمینەیەكی سەربەست هەیەو بەبێ ئۆنتۆلۆجیی هیچگەری نابێ و وەكو دیستەیەڤسكی دەڵێ: "ئەگەر خوا نەبێ هەموو شتێ حەلاڵە". پاش ئەمە سارتەر وەڵامی ئەو پرسیارەمان بۆ ئامادە دەكا ئایا بۆچی چاكە دەكەین؟ بەدیدی كانت، مرۆڤ لەپێناوی چاكەدا چاكە دەكا. لەكاتێكدا خواردن بە هەژارێكی برسی دەدەین، ئەم كارەمان بۆئەوە هەڵبژاردووە، چونكە كارێكی چاكە. هەروەها لەلای خواپەرستان چاكەكردن لەپێناوی ڕازیكردنی خوایەو ئەم كارەش بۆیە چاكە، چونكە خوا پێی خۆشە. سارتەر لەگەڵ ئەم لێكدانەوانەدا هاوڕانیە. ئەو لەو باوەڕەدایە ئێمە خواردن بە هەژارەكە دەدەین، چونكە ئەو برسییەتی و پێویستی بە خواردنە. ئێمە لەپێناوی ئەوەدا، كە خۆمان بە كەسێكی چاك لەناو كۆمەڵ نیشانبدەین، یان خوا ڕازی بكەین، چاكە هەڵنابژێرین. مەبەستی یەكەمی ئێمە لەتێركردنی برسیەك لەناوبردنی برسێتییەو ئەوجا لەپاش ئەنجامدانی ئەم كارە دەبینین لەبەرئەوەی كارەكەمان هەڵوێستمان بەرامبەر بەكەسانی دیكە دەردەخا فرمانی چاكە یان خراپەی بەسەردا دەدرێ. بەكورتییەكەی، سارتەر دەیەوێ چاكە زەمینەیەكی ئۆنتۆلۆجیی بوونخوازیی هەبێ و ڕاستەوخۆ بە بارودۆخی بوونی مرۆڤەوە بەسترابێتەوە. ئەم كارەش لەخۆیدا ئاكامێكی لۆجیكانەی ڕەتدانەوەی بوونی خۆرسكێكی نەگۆڕە لەبوونی بوون-بۆ-خۆو بەستنەوەی كێشەی ڕەوشتییە بە مێژووەوە، چونكە بوون-بۆ-خۆ مێژووییە. خۆڕسكینەگۆڕو بەهای هەمەكی لەناو كەش و ئاووهەوایەكی مێژوویيدا ناژین و پێویستیان بە ئۆنتۆلۆجییەكی جیاوازو تایبەت هەیە وەكو ئۆنتۆلۆجیی ئەفلاتون، یان نۆمیناكەی كانت و بوونەوەرە تەواوكۆییەكەی دێكارت. ئۆنتۆلۆجی هیچگەری ڕێگە بە بەهای هەمەكی نادا لەناو سیستەمەكەیدا هەناسە بداو بگاتە پاش قۆناغەكەی خۆی. ئەمەش جارێكی دی ئۆنتۆلۆجی و فەلسەفەی ڕەوشتی سارتەر دیالیكتانە دەخاتە بەردەم خوێنەرو ڕادیكاڵیەتی بۆچوونەكەی سارتەریش لەو توێژینەوە دیالیكتیكییەوە دەكەوێتە گەڕ. بەهاكانیش، وەكو پرۆژەكانی بوون-بۆ-خۆ گۆڕانكارییان بەسەردا دێ و لەناو مێژوودا لەدایكدەبن و دەمرن، هیچ بەهایەك نەمر نیەو هەتاهەتایە نامێنێتەوە. ئەوەی دوێنێ پێویست بوو، ئەمڕۆ نا پێویستەو ئەوەی ئەمڕۆش پێویستە، لەداهاتوودا دەبێتە ناپێویست. بەمشێوەیە، گۆڕانكاری بەردەوامەو بەهاكان وەكو هەموو پرۆژەكانی بوون-بۆ-خۆ كاتین و چۆن پەیدادەبن وەهاش لەناو دەچن. بۆ ئەوەی بوون-بۆ-خۆ نامۆ نەكرێ و بوونی داگیر نەكرێ، لەپەیڕەوكردنی بەهاكاندا دەبێ ڕەسەنێتیی خۆی ون نەكاو ئەو بەهایانە وەكو پرۆژەكانی خۆی هەڵیانبژێرێ.

ڕەسەنێتیی بوون-بۆ-خۆ لەباسكردنی فەلسەفەی ڕەوشتدا كێشەیەكە نابێ چاوپۆشیی لێبكرێ. لەناوبردنی ڕەسنیەتیی بوون جارێكی دیكە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو خاڵەی، كە ڕەوشت لەژێر فشاری دەرەكیدا ڕەتدەكاتەوە. بوونێكی داگیركراوو نامۆ، كە توانایی هەڵبژاردن و داهێنانی بەهاكانی نیە، بە بوونێكی خاوەن ڕەوشت دانانرێ ڕێچكەی ناچارەیی لەناو خۆیدا لەم ڕووەوە ناكۆكە. كەسێ زۆری لێبكرێ چاكە بكا، ئەوا ئەو كەسە چاكەكەرنیە، سەربەستی پێوەرە بۆ چاكەو خراپە. بەبێ سەربەستی دژوارە هاندەرەكانی ناوەوەی كەسێ لە هەڵوێستێكی ڕەوشتانەدا بدۆزینەوە. سەربەستیش جەختكردنە لەسەر ڕەسەنیەتی بوون. سەربەستیی ڕەسەنیەتیی بوون بە بەردەوامی دەهێڵێتەوەو لەم ڕێگەیەوە بوون-بۆ-خۆ پرۆژەكانی بوونی هەڵدەبژێرێ و بە ئەنجامیانی دەگەیەنێ و ناوەڕۆكی خۆی دادەهێنێ. ئەم توێژینەوەیەشمان سەبارەت بە ڕەسەنیەتی بوون لەپێناوی ڕەسەنیەتدا نیە، بەڵكو لەپێناوی ئەو خاڵە پراكتیكەدایە، كە ڕەوایی بە داگیركردنی بوون و نامۆبوون نادا. بۆنمونە، من بۆئەوەی خەڵكی بە بوونێكی ڕەسەنم دابنێن هەوڵ نادەم ڕەسەن بم. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە، كە من وەكو بوونێكی سەربەست ناوەڕۆك بۆخۆم دادەهێنم و بڕیار لەسەر پرۆژەكانم دەدەم و بەهاكان هەڵدەبژێرم. ڕەسەنیی خۆرسكی مرۆڤ نیە، بەڵكو چۆنیەتی بوونیەتی، كە خۆی دایدەهێنێ. بوون بۆ خۆ هەرچییەك بێ ئەو چیەتییەی بوونی ناوەڕۆكێكی لەپێشترو

چەسپاو نیە، شتێکە خۆی دایهێناوە. لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە نێگەتیڤەماندا بۆ خۆرسك‌و ناوەڕۆکی نەگۆڕ، دەگەینە ئەو باوەڕەی بوون–بۆ–خۆ خۆرسکی چاك یان خراپی نیە. چاکەو خراپە پرۆژەن‌و ئەو خۆی هەڵیبژاردوون. بوون–بۆ–خۆ هەڵیدەبژێریَ چاکەیەك بکاو لەهەمانکاتدا دەتوانیَ خراپەش هەڵبژێریَ. هێزێکی دەرەکیی ئۆنتۆلۆجی لەپێشتر نیە بڕیار لەسەر چاکەو خراپەی کردەوەکان بدا.[11] ئەوەی لێرەدا سارتەر مەبەستێتی، دوو خاڵی گرنگە، یەکەم دامەزراندنی بەهای کۆنکرێتیە، کە پەیوەندیی بە هەڵوێستەوە هەیە. دووەمیش دینامیکییەتێکی هەمیشەییە. وەکو بیری "شۆڕشی بەردەوام" لای ترۆتسکی فرمان بەسەر بەهاکاندا دەدا.[12] بوون–بۆ–خۆ لە هیچ قۆناغێکی مێژوییدا ناوەستیَ‌و کۆتایی بە گەشتەکەی ناهێنیَ‌و بوونی لەناو گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە، تاکو ئەو رۆژەی دەمریَ‌و دوا پرۆژەی بوونی بەئەنجام دەگەیەنیَ. بەهاکانیش بە بەردەوامی دەگۆڕێن‌و بەهای نویَ جێگای بەها کۆنەکان دەگرنەوە، بەها کۆنەکانیش لەبەر "ناپێویستیان" بۆ هەمیشە دەخرێنە پەراوێزی مێژووی بوونەوە. زیندووکردنەوەی بەهای کۆن لە قۆناغێکی نوێدا، لەبەر هەر هۆکاریَ بیَ، لەبەرئەوەی زادەی ئەو قۆناغە نوێیە نیە دەبێتە کۆسپ‌و تەلبەندکردنی توانای داهێنان‌و سەربەستیی بوون–بۆ–خۆو نامۆکردنی ئەو بوونە، چونکە داگیرکردنی بوون لەهەمانکاتدا نامۆییە. ئەم ئاکامە تاڵەش لەوێدا پەیدادەبیَ، کە بوونی داگیرکراو ناتوانیَ پرۆژەکانی خۆی ئەنجام بداو سەربەستانە ناوەڕۆکی خۆی دابهێنیَ، یان بەهاکان هەڵبژێریَ.

سارتەر لەم خاڵەدا خۆی جیادەکاتەوەو داگیرکردن بەنامۆیی دانانیَ.[13] بەڵگەی سارتەریش بۆ رەتدانەوەی بۆچوونەکەی ئێمە لەوەدایە، کە مەرج نیە کەسێکی داگیرکراو بوونی خۆی ونکردبیَ‌و هەست بە داگیرکردن نەکا. بێگومان راکەی سارتەر دروستەو کۆیلەیەك دەزانیَ خاوەنەکەی داگیری کردووەو چینی کرێکاریش ئەگەر (ئاگایی رامیاری هەبیَ) دەزانیَ چینی سەرمایەداری لەبەرهەمەکەی نامۆی کردووەو دەیچەوسێنێتەوە، ژنیش لەژێر زەبرو لێدانی مێردێکی پیاوسالاردا دەزانیَ چ زوڵمێکی لێدەکریَ، بەڵام هێشتا ئەمانە لەبەرئەوەی داگیرکراون، لەو بارودۆخەش یاخی نەبوون، بەنامۆ دادەنرێن، چونکە رێگەیان پێنادریَ سەربەستانە پرۆژەکانی بوونیان بەئەنجام بگەیەنن. من ناڵێم بوونی ئەم مرۆڤە داگیرکراوانە بێ‌پرۆژەیە. پرۆژەی ئەم کەسانە، لە ئامادەکردن‌و بەئەنجامدانی ئەو پرۆژانەدایە کەسانی دیکە، وەکو خاوەن کۆیلەو چینی سەرمایەداری‌و پیاو بڕیاری لەسەر دەدەن‌و دەیانەویَ بهێنرێنە کایەوە. کەسێکیش نەتوانیَ پرۆژەی خۆی هەبیَ‌و ئەو پرۆژانەی ئەو ئەنجامیان دەگەیەنیَ، بەسەریدا سەپێنرابیَ‌و زۆرلێکراو بیَ، ئەوا ئەو کەسە ناتوانیَ رەسەنانە بژی‌و ناوەڕۆکی خۆی دابهێنیَ. بەهەمانشێوە، ئەگەر ئەو کەسە داگیرکراوە لەژێر زەبری داگیرکەرەکەیدا چاکە یان خراپەیەك بکا، ئەوا ئەو هەڵوێستە بە رەوشتانە دانانریَ. مرۆڤی داگیرکراو لە خسڵەتی مرۆڤانە بێبەش کراوەو بە مرۆڤی تەواو (لەچاوی داگیرکەرەکەیدا) دانانریَ. خاوەن کۆیلە وەکو کەل‌وپەلی بەردەستی سەودا لەگەڵ کۆیلەدا دەکا.

ژن لەناو کەلتووری پیاوسالاریدا چەند پلەیەك لە خوار پیاوەوە دادەنریَ، ئەوەندەش رێزی بۆ دادەنریَ، تا ئەو رادەیەی پێڕەوی بەهای پیاوسالاران دەکا حەزو ئارەزووی پیاو تێردەکا. گەر لەو سنووورە لایدا، بەو کۆیلەیە دادەنریَ، کە لە فرمانی خاوەنەکەی یاخی دەبیَ‌و زیان بە کۆشك‌و تەلارو بیرو کەرەسەی ئەو دەگەیەنیَ.

دەزگای کۆیلەیەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەربڕینی دەسەڵاتێکی رامیاری‌و ئابووری بوو بۆ نامرۆڤکردن‌و نامۆکردنی کۆیلە. خێزانیش دەزگایەکی پیاوسالارانەیە بۆ دەربڕین لە دەسەڵاتی رامیاری‌و ئابووری‌و کلتوورە بۆ چەوساندنەوەی ژن، کە توانیویەتی تاکو ئیمڕۆ بمێنێتەوەو لە کۆمەڵگای سەردەمدا جێگەی خۆی بکاتەوە.

مەبەستی من لێرەدا توێژینەوە لە چۆنیەتی‌و فاکتەرەکانی مانەوەی خێزان نیە. ئەوەی دەمەویَ روونیبکەمەوە، ئەو خاڵەیە ژن لە خێزاندا لەژێر فشاری بەهای پیاوسالاریدا چەند بە ئاگابیَ لەبەرئەوەی نەیتوانیوە خۆی رزگار بکا هێشتا نامۆیە. بەهەمانشێوە چینی کرێکار (ئەگەر ئاگایی رامیاریشی هەبیَ) بەبیَ رووخاندنی رژێمی سەرمایەداری خۆی لە نامۆیی رزگار ناکاو بوونی داگیرکراوە. لەبەرئەمە، بەپێچەوانەی بۆچوونی سارتەر، پەیوەندیەکی پێداویستی لەنێوان

داگیرکردن‌و نامۆییدا دادەمەزرێنم‌و لەو باوەڕەدام، کە نامۆیی ئاکامی لۆجیکی داگیرکردنەو بەرپەرچدانەوەی داگیرکردنیش لەناوبردن‌و کۆتاییهێنانە بە نامۆیی. مرۆڤی داگیرکراو نامۆیەو مرۆڤی سەربەستیش خاوەنی بوونی خۆیەتی‌و رەسەنە. ئەم کێشەیەش راستییەکە، کە سەرچاوەکەی لەبونیادی ئۆنتۆلۆجییەوە بۆ بوون–بۆ–خۆ هاتووەو لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکەمانەوە شوێنی کەوتووین.

سارتەر لە شوێنێکی دیکەی پەرتووکەکەیدا جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سەر داگیرکردن‌و بەرگریکردن لە مافی بەشخوراوان. راوەستان دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە هەڵوێستێکی رەوشتانە دادەنێ، بەبیروڕای ئەو، داگیرکەر یان چینی بۆرژوای لێ بەدەرە، "پێویستە لەگەڵ مرۆڤی چەوساوەدابین، داگیرکردن‌و چەوساندنەوە تاوانبار بکرێ. ئەو گروپەی هەڵوێستی رەوشتانەی دژی داگیرکردن هەیە کەسانی چەوساوەن، کە دەیانەوێ کۆمەڵێکی یەکسان‌و ئاشتیخواز دامەزرێنن".[14]

لێرەدا سارتەر خۆی لە فەلسەفەی مارکسی نزیککردۆتەوەو بەدرێژایی باسەکەشی دەیەوێ بە رێگەی هیگڵ‌و ڕاڤەکردنی دیالیکتیکی کۆیلەو خاوەن کۆیلە، یان مێژوو پردێکی ئەستوور لەنێوان فەلسەفەکەی خۆی‌و مارکسیزمدا هەڵبەستێ‌و داگیرکردن بەهەڵوێستێکی ناڕەوشتانە دادەنێ. بەرگریکردن لەمافی کەسانی بەشخوراوو چەوساوەش پێویستی بە لەخۆبوردن‌و قوربانیدان‌و سەخاوەت هەیە. کەسانی خۆپەرست‌و خۆبەزلزان ناتوانن قوربانی بە بەرژەوەندیی خۆیان بدەن‌و لەپێناو کۆمەڵێکی بەختەوەردا دژی داگیرکردن‌و چەوساندنەوە تێبکۆشن. هەروەها بەرزترین شێوازی بەهای سەخاوەت "مردن"ـە لەپێناو ئامانجە پیرۆزەکان.[15]

کێشەی داگیرکردن‌و نامۆیی، وەکو ڕووداوێکی مێژوویی، ڕەتدانەوەکەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی توندوتیژیدا دێتە بوونەوە. بۆ لەناوبردنی کۆیلایەتی، پێویستە کۆیلە بەرامبەر کۆیلایەتی‌و خاوەنەکەی‌و دەزگای چەوساندنەوە توندوتیژبێ‌و بە دەسەڵات‌و هێزەوە ئەو رووداوە بە مرۆڤنەکردنەی خۆی رەتبداتەوە.

"ژان ڤاڵژان"ی پاڵەوانی رۆمانی 'داماوەکان'ی ڤیکتۆر هۆگۆ مرۆڤێکی چەوساوەو برسییە. رۆژێ لەبەردەم پەنجەرەیەکی شووشەدا رادەوەستێ‌و لەودیو شووشەکەوە دەبینێ سەبەتەیەك نان دانراوە. شووشەی پەنجەرەکەی لێ دەبێ بەو یاساو کۆسپ‌و دیوارانەی رژێمە بۆرژواکە لەنێوان ئەمدا (وەکو برسییەك)و نان دا هەڵیبەستووە. برسێتی هانی دەدا یاخی بێ‌و توندوتیژی بەرامبەر رژێمەکە بنوێنێ‌و شووشەکە دەشکێنێ‌و نانەکە دەدزێ‌و هەر لەوێدا دەگیرێ‌و نۆزدە ساڵ لەسەر دزینی ئەو نانە دەخرێتە زیندانەوە.[16]

بەکارهێنانی ئەم شێوە توندوتیژییە، کە سارتەر بە "نێگەتیڤ" دایدەنێ، چونکە، وەکو شۆڕشی جەماوەری، ئاکامێکی پۆزەتیڤی نیە، هێشتا ئەو خسڵەتە وون ناکا، کە ئەم کردوویەتی بە رەتدانەوەی بەنامرۆڤکردنی کۆیلە لەلایەن خاوەن کۆیلەوە.

ئێمە، لێرەدا، لەئاکامی کردەوەکە ناکۆڵینەوە، بەڵکو دەمانەوێ چیەتیی کردەوەکەو پاڵپێوەنەرەکەی بناسین. توندوتیژی نواندنی ژان ڤاڵژان، هیگڵ وتەنی، لەئەنجامی کارکردن‌و بەئاگاهاتنەوە لەخودی خۆی نەبۆتە هاندەرو پاڵپێوەنەری. ئەو هۆکارەی ئەم مرۆڤە چەوساوەیەی هاندا شووشەکە بشکێنێ، برسێتی بوو، نەك هۆشیاریی رامیاری. ئەم بەئاگاهاتنەوەیە ئاکامی واقعیەتی ئەو بوونەیە کۆیلەکەی تیادا دەژی. کۆیلە زوڵم‌و برسێتی‌و بەنامرۆڤکردنی، نەك کارکردن، فێری دەکا توندوتیژی بنوێنێ.[17] توندوتیژیش، لەهەر شێوازێکدابێ، خۆدەرخستنی ناڕازی‌و رەتدانەوەی داگیرکردن‌و بەنامۆکردن‌و بەنامرۆڤکردنی کۆیلەکە لە فەرهەنگی رامیاریی خاوەن کۆیلەداو دەبێتە هۆی تێکدان‌و شێواندنی یاساو دیاردەی تیرۆرو تاوانکردن‌و لەڕێگەی دەسەڵاتی ڕامیارییەوە خاوەن کۆیلە دەیەوێ خەفەی بکاو کۆیلەی یاخیبووی وەکو ژان ڤاڵژان بە تاوانبار دابنێ‌و سزای بدا. لە ڕۆمانەکەی ڤیکتۆر هۆگۆدا پاڵەوانەکە لەسەر دزینی نانێ نۆزدە ساڵ لە زیندانی توندەکرێ. ئەو نانە هێمایە بۆ ئەو دنیایەی خاوەن کۆیلە بۆ حەزو بەختەوەریی خۆی بۆ کۆیلەکەی دروستکردووەو شووشەکەی ئەو پەرژینی‌و تەلبەی یاساو دەستوورانەیە بە دەوری ئەو دنیایەدا

تەنراوە تاکو کۆیلە نەتوانێ دەستی بگاتێ. سزادانی پاڵەوانەکە لەسەر پارچە نانێ نیە، لەسەر ئەوەیە، کە ئەم توانیوێتی دەستوورو یاسای دەوڵەمەندەکان بشکێنێو خۆی بگەیەنێتە دنیای خاوەنەکەیو سەرچاوەی ئەو بەختەوەرییەی لێ زەوت بکا، کە کۆیلەکە خۆی لەژێر زەبرو چەوساندنەوەدا بۆ خاوەنەکەی داهێناوە. بەم کردەوەیە، کۆیلە بەخاوەنەکەی دەڵێ ئەو جیهانە لە کۆیلە سەندراوەو ئێستا دەیەوێ بیگەڕێنێتەوە بۆخۆیو لەمەش زیاتر ناتوانێ نامۆ بیو نامرۆڤانە بژی.

خاوەن کۆیلە لە سەربەستیو یەکسانی دەترسێو دەزانێ، ئەگەر باوەڕ بە مرۆڤبوونی کۆیلە بکا، ئەوا کۆیلەش وەکو ئەو سەربەست دەبێو ئەو دنیایەی کۆیلە بۆی دامەزراندووە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەیو ئەم ناتوانێ لافی خۆ بەزل زانینو دەسەڵاتمەندی لێبدا.

خاوەن کۆیلە لەسەر ئەو درۆیە دەژی، کە باوەڕی بەوە هەیە مرۆڤ سەربەستە، بەڵام کۆیلەی لەو خسڵەتە بێبەش کردووەو بەمرۆڤی نازانێ. لەئەنجامدا کۆیلەش دەگاتە ئەو پلەی ئاگامەندییەی، کە بوون بەمرۆڤی لێسەندراوەو بەرهەمەکەی داگیرکراوە. ئەم بەئاگاهاتنەوەیە، لەوێدا روودەدا، کاتێ ئەو مرۆڤە کۆیلەیە هەست بەتاڵیو ناسۆریی ژیان دەکا. خاوەن کۆیلە چەند زەبرو زۆر بەکاربهێنێ، ئەوەندەش بواری یاخیبوون بۆ کۆیلەکەی دەکاتەوە.

لەبەکارهێنانی توندوتیژیدا، کۆیلە لە بایەخدان بە "ئێستا"و "داهاتوو"ی خۆی "ئێستا"و "داهاتوو"ی خاوەن کۆیلە دەڕووخێنێو دەیەوێ بە بەرپەرچدانەوەی بەها سەپێنراوەکان لە ئێستاو داهاتوودا بەهای نوێ سەربەستانە بهێنێتە ئاراوە. توندوتیژی لە بەها بەدەر نیەو ئەو توندوتیژییەی کۆیلە پەنای بۆ دەبا، خاوەن کۆیلە بەتیرۆرو خراپ دایدەنێو توندوتیژیی خۆیشی، کە کۆیلەی پێدەچەوسێنێتەوە، بە بەرزو چاك دەخوێنێتەوە.

توندوتیژی لای کۆیلە لەپێناوی ڕووخاندنی بەهای بەنامرۆڤکردنی مرۆڤەو توندوتیژیی خاوەن کۆیلەش بۆ بەنامرۆڤکردنی مرۆڤە.[18] بە ڕێگەی یاخیبوونو بەکارهێنانی توندوتیژی کۆیلە بڕیار لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ دەدا، کە چیەتی بوونی رادیکالانە دەگۆڕێ. یەکەم: بەهاسەپێنراوەکان ڕەتدەداتەوەو بەهەشتی خاوەن کۆیلە، کە خۆی هێناویەتیە دی تێکدەدا. دووەم: لەهەڵوێستی مرۆڤانەوە دژی بەنامرۆڤکردنی مرۆڤە دەوەستێتەوە. سێیەم: ڕێگەنادا خاوەن کۆیلە بڕیار لەسەر پڕۆژەکانی بوونی ئەم بداو دەخوازێ سەربەستانە خۆی پڕۆژەکانی بوونی بەئەنجام بگەیەنێ. سەرەنجامی ئەم خاڵانەش، تێکشکانی تەلیسمی نامۆییە.

توندوتیژی خاوەن کۆیلە بەرامبەر کۆیلە (کەسانی دیکە) خراوەتە گەڕ. بەڵام توندوتیژیی کۆیلە ئەنجامی داگیرکردنی کەسانی دیکەی نیەو نایەوێ کۆیلە بخاتە جێگەی خاوەن کۆیلەو خاوەن کۆیلەش لەجێگای کۆیلەدا دابنێ.

ئەگەر توندوتیژیی کۆیلە ڕێگەی ئەم جێگۆڕکێیە بگرێتە بەر، ئەوا مێژوو لەناو بازنەی داخراوی داگیرکردندا دەسووڕێتەوەو بەرەو پێشەوە ناڕواو چیەتی قۆناغەکانی وەکو خۆیان دەمێننەوە ئەمەش بە گوێرەی تێگەیشتنی دیالیکتیکانە نەگونجاوەو بەهاکانیش لەمەودای خۆیاندا وەکو جاران کار دەکەنە سەر شێوازی کردەوەو پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان. شۆڕش واتای لابردنی داگیرکردن بەداگیرکردن، نامۆیی بەنامۆکردنێکی دیکە نیەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیو رادیکاڵانەیە لەپێناوی مسۆگەرکردنی سەربەستیو رووخاندنی ئەو بەهاو سیستەمانەی مرۆڤیان نامۆ کردووە توندوتیژی لەم بوارەدا لە هەڵسووڕانی شۆڕشدا لەلایەن کۆیلەوەو بۆ بەمرۆڤکردنی مرۆڤ واتایەکی پۆزەتیڤی هەیەو دەبێتە هێزی رووخێنەرو دامەزرێنەر.

## بەشی شەشەم

## سارتەرو فەلسەفەی رامیاری

گەشەکردنی بیروباوەڕی سارتەر بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێ: قۆناغی یەکەمی وابەستە بە بۆچوونە فەلسەفییەکانی ناو پەرتووکی "بوون‌و نەبوون"ی، توێژینەوەیەکی ئۆنتۆلۆجییانەی بوونی مرۆڤو دامەزراندنی بونیادی ئۆنتۆلۆجی ئەو بوونەو خسڵەتەکانێتی. لەم قۆناغەدا، سارتەر باس لەچیەتی بوون-بۆ-خۆو جیاوازییەکانی لەگەڵ بوون-لەناو-خۆو چۆنیەتی ئەم بوونەمان بۆ دەکاو هەوڵیداوە ئەو راستییەش بسەلمێنێ، کە بوون-بۆ-خۆ بەپێچەوانەی بوون-لەناو-خۆ ئاگامەندو ناتەواوەو بوونێکە سەربەستانە لەپێناوی خۆتەواوکردندا بەرەو داهاتو رەوت دەکاو دەیەوێ رەسەنێتیی خۆی بسەلمێنێ. بەڵام بوونی لەناو کۆمەڵدا هەندێجار (وەکو رووداو) رێگەی لێداگیردەکرێ‌و ناتوانێ بەرەسەنی بمێنێتەوەو بەمجۆرە ژیانی زۆرانبازی‌و خەباتکردنە بۆ مسۆگەرکردنی خۆیەتی‌و رەسەنێتیی بوونی.

هەرچەندە توێژینەوە ئۆنتۆلۆجییەکەی سارتەر راستەوخۆ ئاماژە بۆ بەهاکان‌و هەڵوێستی رامیاریی بوون-بۆ-خۆ دەکا، بەڵام ئەم ئۆنتۆلۆجییە، کە لەوەپێش بە ئۆنتۆلۆجی بوونخوازی ناوزەدمانکرد دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی بەهاو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌و ڕامیارییەکان لەمێژوودا. ئەوەی سارتەر باسیدەکا لەم قۆناغەدا ئۆنتۆلۆجییە نەك مێژوو.

قۆناغی دووەم: کە بۆ شوێنکەوتووەکانی سارتەر تاکو ساڵی 1982، پێش بڵاوکردنەوەی (هەندێ تێبینی دەربارەی رەوشت)، بازنەیەکی پساوی زنجیرەی بیروباوەڕی ئەم فەیلەسووفە بوو. سارتەر لەو بناغە ئۆنتۆلۆجییە بوونخوازییەوە، کە بۆ بوون-بۆ-خۆی دامەزراندووە، هەوڵدەدا لە واتای بەها رەوشتییەکان بکۆڵێتەوەو ئۆنتۆلۆجی‌و مێژوو پێکەوە گرێبدا.

لە بەشی پێنجەمی ئەم نووسینەماندا باسمان لەوە کرد چۆن ئەم گرێدانە بۆ بوونخوازێ کارێکی سەختەو لەوانەیە زۆر لە بوونخوازەکان نەتوانن خۆیان لەقەرەی بدەن. هۆی سەختیی ئەم کارەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی بونیادە ئۆنتۆلۆجییەکەی بوون-بۆ-خۆ وەکو بوونەوەرێکی ئاگامەندو ناتەواوو دینامیکی، کە خۆی لەناو هیچ قاڵبێکی هەمەکی‌و نەگۆڕدا قەتیس ناکاو باوەڕیش بە هیچ سەردەمێکی ئاوەزی لەپێشتر بۆ خۆی‌و بەهاکان ناکا.

باوەڕێکی رادیکاڵی ئۆنتۆلۆجی وەکو توێژینەوەکەی سارتەر سنووربڕەو لەئاستی هەر بەهایەکی نەگۆڕو هەمەکیدا توندوتیژە، چونکە دەبنە هۆکار بۆ زەبوونی‌و داگیرکردنی بوون-بۆ-خۆ. ئەگەر بوون-بۆ-خۆ پێڕەوی بەهاش بکا، ئەوا بەها دەبێ قاتی‌و هەندەکی بێ‌و بوون-بۆ-خۆ رادیکالانە دایمەزرێنێ‌و بیڕوخێنێ‌و ئەم بەها دابهێنێ‌و بەها ئەو دانەهێنێ.

لە قۆناغی سێیەمدا، کە لەم بەشەدا روونیدەکەمەوە، سارتەر بوون-بۆ-خۆ لە نێو زەمینەی مێژوویدا دادەنێ‌و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو تاکێ دیاریدەکاو بۆ ئەم مەبەستەش ئۆنتۆلۆجییە بوونخوازییەکەی لە مارکسیزمەوە نزیکدەکاتەوەو دەیەوێ بەتێکهەڵکێشکردنی ئەم دووانە لێکدانەوەیەکی نوێی بوون-بۆ-خۆ لەنێو

مێژوودا بکا. ئەم قۆناغە پەیوەندیی سارتەرو سەوداکردنی لەگەڵ مارکسیزمدا دەخاتە روو. پێشئەوەی لە خسڵەتەکانی ئەم قۆناغەی بۆچوونی فەلسەفییانەی سارتەر بگەین، پێویستە خاڵێکی گرنگ بخەینە بەر چاوی خوێنەر، ئەویش چۆنیەتیی پەیوەندیی سارتەرە لەگەڵ مارکسیزمدا.

سارتەر بە دووجۆر پەیوەندیی لەگەڵ مارکسیزمدا هەیە، یەکەمیان: مارکسیزم وەکو فەلسەفەی کارڵ مارکس‌و دووەمیان: مارکسیزم وەکو بزووتنەوەیەکی رامیاری بە رابەرایەتیی پارتی کۆمۆنیستی وڵاتان، بەتایبەتی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا.

پەیوەندیی یەکەمیان فەلسەفییانەیەو لە ئەنجامی تێگەیشتن‌و راڤەکردنی بیرو بۆچوونەکانی مارکس دا پەیدادەبێ، دووەمیان ڕامیارییەو هەڵوێست‌و تاکتیکی رۆژانەی پارتە کۆمۆنیستەکە بەرامبەر رووداوەکانی ناو مێژوو، یان دەوروبەر، کاردەکەنە سەر چۆنیەتیی پەیوەندییەکە. ئێمە، لێرەدا پەیوەندییە فەلسەفییەکە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، پاشدەخەین‌و لەپێشدا باس لە پەیوەندیی سارتەر بە مارکسیزمەوە لە ڕێگەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی فەرەنساوە رووندەکەینەوە، کە لەهەمانکاتدا کاری کردۆتە سەر تێگەیشتن‌و راڤەکردنی فەلسەفەی مارکس لەلایەن سارتەرەوە.

نزیکبوونەوەی سارتەر لە مارکسیزمەوە سێ فاکتەری هەیە، یەکەم: سارتەر، پاش دامەزراندنی ئۆنتۆلۆجییە فینۆمینۆلۆجییەکەی، هەوڵیدا ئەو توێژینەوەیە بە مێژووەوە ببەستێتەوەو فەلسەفە بوونخوازییەکەی وەکو تیۆری بە پراکتیك بگەیەنێ. دووەم: رووداوەکانی ئەو سەردەمە وەکو سەرهەڵدانی نازیزم‌و فاشیزم‌و داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەکانەوە، هەروەها جەنگی جیهانی دووەم. سێیەمیش: رۆڵی هاوڕێکانی سارتەر وەکو پۆل نیزان‌و میرلۆپۆنتی، کە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بوون.[1]

هەرچەندە سارتەر لایەنگری (نەك ئەندام) پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بوو، هێشتا رێگەی نەدەدا سیاسەتی ئەو پارتە ئازادی بیرکردنەوەی داگیربکا. هەندێجاریش سارتەر ئازادانە رەخنەی لەم پارتە دەگرت. بۆ نموونە: سارتەر لەگەڵ ئەوەدا نەبوو پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا کوێرانە بکەوێتە شوێن یەکێتیی سۆڤیەت.[2] سارتەر بەرهەمێکی بە ناوی "کۆمۆنیستەکان‌و ئاشتی"دا بڵاوکردەوەو تیایدا چینی کرێکارو رێکخراوەکانی سەر بەم چینە، بەهێزی ئاشتیخواز دەزانێ‌و چینی بۆرژواو هێزە ئیمپریالیستەکانیش بە رابەرایەتیی ئەمریکا دەخاتە رێزی فاشیستەکانەوە. ئەم هەڵسەنگاندنانەی سارتەر، بووە هۆکاری تێکچوونی هاوڕێیەتیی ئەم لەگەڵ ئەلبێر کامۆو میرلۆپۆنتیداو تەنانەت رایمۆن ئارۆن، لە نووسینێکیدا سارتەری بە ستالینی دانا. لەسەر ئەمە، میرلۆپۆنتی سەرنووسەری گۆڤاری "سەردەمی نوێ" لەگەڵ رایمۆن ئارۆن لە سارتەر جیابوونەوە.

هەڵبەت چەند رووداوێکی مێژوویی هەبوون، کە سارتەر لە پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنساو یەکێتیی سۆڤیەت دووردەخاتەوە، یەکێ لەمانە: داگیرکردنی هەنگاریا بوو لەلایەن لەشکری سووری سۆڤیەتەوە لە ساڵی 1956، نزیکەی پەنجا هەزار کرێکارو قوتابی ئەو وڵاتە کوژران. سارتەر دژی ئەم داگیرکردنە بوو. هەروەها ستالینی بە فاشیست زانی‌و سەرکردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی ئەو کاتەشی بە دووڕووو درۆزن دایە قەڵەم، کە بەسەریەزار دژی سیاسەتەکانی ستالین دەوەستن‌و بەکردەوەش ستالینین. لە پەرتووکەکەیدا "خێوی ستالین" ئەو خاڵە ئاماژە دەکا، کە داگیرکردنی هەنگاریا رووداو نیە، بەڵکو ئاکامێکی لۆجیکیی رژێمی یەکێتیی سۆڤیەتە لەسەر پێڕەوکردنی بەرنامەی ستالین بۆ خەفەکردنی خەباتی چینی کرێکارو سەربەخۆیی ئەو خەباتە لە وڵاتاندا. هەروەها سارتەر هەڵوێستی پشتگیریکردنی سۆڤیەتی لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنساوە رەتدایەوە. لەوکاتەوە، واتە لەگەڵ داگیرکردنی هەنگاریا، پەیوەندیی نێوان سارتەرو ئەم پارتە روویکردە ناتەبایی‌و دژایەتی. سارتەر داوای لە مارکسیەکان کرد سەربەخۆ بیربکەنەوەو ئەم پارتەو چەند رۆشنبیرێکی مارکسیش وەکو رۆژێ گارودی‌و جۆرج لۆکاش‌و ئەندرێ لینتن، سارتەرو فەلسەفە

بونخوازییەکەیان خستە ژێر نەشتەری ڕەخنەو بە ڕۆشنبیرێکی بۆرژوازیو نۆکەری ئیمپریالزمیان لەقەڵەمداو فەلسەفەکەشیان بە ئایدیالیستو دوژمنی پارتی چینی کرێکاران دانا.[3]

پەیوەندیی دژایەتی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسادا سارتەری لە خەباتی رامیاری ساردنەکردەوەو وەکو جاران بە گەرمییەوە پشتگیریی بزووتنەوەی چینایەتیو ئازادیخوازی گەلانی کرد. لەگەڵ خەباتی گەلی جەزائیر دابوو. هەروەها لە مانگی مارتی ساڵی 1966دا لێژنەیەکی بۆ بەرگریکردن لەزیندانیە رامیاریەکانی ئێران دامەزراندو خۆی سەرۆکی لێژنەکە بوو. لە 25ی شوباتی ساڵی 1967دا، سارتەرو سیمۆن دی بۆڤوار بوونە میوانی ڕۆژنامەی ئەلئەهرام لە قاهیرەو لەوێوە چوون بۆ ئیسرائیل. سارتەر داوای لە ڕێکخراوو لایەنە مارکسیو چەپەکانی وڵاتانی عەرەبی کرد پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو پارتە مارکسیەکانی ئیسرائیل ببەستنو لە ڕێگەی دایەلۆگەوە ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەی فەلەستین بدۆزنەوە. بەدیدی سارتەر، هێزە بۆرژوا عەرەبیەکانو ئیسرائیلیەکان ناتوانن چارەی مەسەلەکە بکەن، چونکە ئاشتیو پێشکەوتن خزمەتی بەرژەوەندیی ئەوان ناکا.[4] لە ڕۆژی 7ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1969، برتراند ڕەسڵ فەیلەسووفی بەریتانی سارتەری بانگکرد بۆ لەندەنو دادگایەکی جیهانیان بۆ تاوانەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام سازکردو سارتەر سەرۆکی دادگاکە بوو.[5] هەروەها سارتەر بەشداریی هەموو خۆپیشاندانەکانی کرێکارانو خوێندکارانی کرد. کە لە ساڵی 1967دا خەڵاتی نۆبڵی پێدرا، ئەم خەڵاتەکەی وەرنەگرت. لەساڵی 1976 لەلایەن زانکۆی (کورنیل)ی ئەمریکاوە داوای لێکرا بۆ سیمیستەرێ مامۆستا بێ. سارتەر لەبەرئەوەی خۆی بەدۆستی گەلی ڤێتنام دەزانی، وەکو ناڕەزایی دەربڕین، داواکەی ڕەتدایەوە.

سارتەر جارێکی دیکە، لە ساڵی 1968دا، کە یەکێتیی سۆڤیەت چیکۆسلۆڤاکیای داگیرکرد، دژی وەستایەوەو ڕەخنەی لە کاسترۆ گرت، کە لەگەڵ سۆڤیەتدا هاوڕا بوو. لەوئانوساتەدا بوو بزووتنەوەی خوێندکاران هێدی هێدی پەرەیدەسەندو لەئەنجامدا، بۆ چەند مانگێ خوێندنی لە هەموو زانکۆکاندا وەستاند، سەرۆکەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەتایبەتی خوێندکارە چەپڕەوەکان، سارتەریان بە پێشەوای خۆیان زانیو بە "سارتەری سوور" دەیانناساند.[6]

سارتەر ڕادیکاڵانە بیری لە سیستەمی خوێندنو زانکۆ دەکردەوەو بەدیدی ئەم، پێویستبوو خوێندن هاندەر بێ بۆ داهێنانو بیرکردنەوەی سەربەستانە، نەك سەپاندنی بەهاو بەکۆیلەکردنی خوێندکارانو قوتابیان. ئەگەر بێتو دەستگای خوێندنو ڕۆشنبیری ئەم ڕۆڵە گرنگە لەناو کۆمەڵدا نەبینێ، ئەوا خوێندکارانو قوتابیان مافی ئەوەیان هەیە ئەو دەستگایە بروخێنن.[7]

لە ساڵی 1970دا سارتەرو سیمۆن دی بۆڤوار بوون بە هاوڕێی سەرۆکی بزووتنەوەیەکی رادیکاڵی مارکسی–ماویی خوێندکاران، کە ناوی سیاسی "پیتەر ڤیکتۆر" بوو، ناوی ڕاستەقینەشی "بێنی لیڤی" بوو، لەبنەچەدا جوویەکی میسری بوو.[8] ئەم خوێندکارە بەیارمەتیی سارتەر گۆڤارێکی ڕامیاریی دەرکردو سارتەرو سیمۆن دی بۆڤواریشی کرد بە ئەندامانی نووسەرانی گۆڤارەکە. پاش ماوەیەك، گۆڤارەکە داخراو پۆلیسی فەرەنسا سارتەری تاوانبارکرد بەوەی دژی دەوڵەت کاردەکاو گۆڤارو ڕۆژنامە بۆرژواکانیش بە ئاشکرا دژی سارتەرو پەیوەندیی لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی فەڕەنسەدا دەیاننووسی. ڕۆژنامەی چرکە کە دەنگی کۆمەڵێکی بۆرژواو ناسیونالیست بوو، لەبابەتەکانیدا سارتەری بە "شێرپەنجەی سوور لەناو کۆمەڵدا" لەقەڵەمدەداو داوای لە دەوڵەتی فەرەنسی دەکرد سزای ئەو فەیلەسووفە بدەن.[9]

پاش ڕونکردنەوەی پەیوەندیی سارتەر لەگەڵ بزووتنەوەی چەپدا، دێینە سەر توێژینەوەی پەیوەندیو تێگەیشتنی ئەم زانایە لەگەڵ (فەلسەفەی مارکس)داو هەوڵدەدەین ئاماژەی ئەو خاڵە هاوبەشانەو گۆڕانکارییانە بکەین سارتەر لەدوا قۆناغی فەلسەفەکەیدا هێنویەتیە کایەوە. بەڵام پێش ئەم کارە پێویستە چەند لایەنی گرنگی فەلسەفەی مارکس بخەینە ڕوو، تاکو لەو کلاوڕۆژنەیەوە ڕۆشنایی بخەینە سەر توێژینەوەکە.

وەك دەزانین مێژووی فەلسەفە زنجیرەیەکی لەیەکدی نەپچڕاوی گۆڕانکارییەکانی بیروباوەڕە. بیروباوەڕە نوێیەکان لە زەمینەی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی پێش خۆیاندا متوربە دەکەنو ئەو زەمینە لەپێشترەش بە شێوەیەکی نێگەتیڤی،

یان پۆزەتیڤی، کار دەکاتە سەریان. بیروباوەڕی فەلسەفیی مارکسیش لەم پەیوەندییە، لەگەڵ زەمینەی لەپێشتردا، بەدەر نیەو فەلسەفەو لۆجیکی دیالیکتیکی هیگڵ ی بۆخۆکردووە بە گەنجینەو ئێستگەی سەرەتای گەشتەکەی. مارکس، لەهەمانکاتدا، بەدرێژایی تەمەنی نووسینەکانی، هەوڵیداوە ئەو زەمینەیە جێبهێڵێ و فۆرمو ناوەڕۆکێکی نوێ بۆ فەلسەفەکەی بدۆزێتەوە. کاتێ هیگڵ، لەساڵی 1831دا مرد، مارکس هێشتا تەمەنی یانزە ساڵان بوو. بەڵام وەکو قوتابییەك لە زانکۆکانی بۆن و بەرلین، خۆی بە شوێنکەوتووی فەلسەفەی هیگڵ دادەنا.

قوتابیانی هیگڵ، دوای مردنی مامۆستاکەیان، بوون بە دوو دەستەوەو دوو فێرگەی هیگڵییان دامەزراند: فێرگەی هیگڵیی ڕاستەوو فێرگەی هیگڵی چەپڕەو. فێرگەی یەکەمیان ئایدیالیستانەیەو میتافیزیکییانە لە فەلسەفەی هیگڵ دەکۆڵنەوەو تەنانەت هەندێ لە شوێنکەوتووەکانی دەیانویست بەرگێکی ئاینیی بەبەردابکەن. فێرگەی هیگڵی چەپڕەویش، کە لەم زانایانە پێکهاتبوو: برۆنۆ، شتراوس، ئێدگار باوەر، مۆسس هێس، فیۆرباخ، کارل مارکس و فرێدریك ئەنجلس، هەوڵیاندەدا لۆجیکی دیالیکتیکی هیگڵ بەدواکەوتەوە ببەستنەوەو بەرگێکی پێشکەوتنخوازیی بەبەردا بکەن.[10]

ناکۆکی و دژایەتیی نێوان ئەم دوو فێرگەیەش، ئەوکاتە پەرەیسەند، کە شتراوس پەرتووکی "ژیانی مەسیح"و فیۆرباخ پەرتوکی "ناوەڕۆکی مەسیحایەتی"یان بلاوکردەوەو بناغەو بیروباوەڕی ئایینیان ڕەتدایەوە. بێجگە لەم خاڵە، هیگڵییە چەپڕەوەکان باسی پەیوەندیی پێویستی نێوان "تیۆرو پراکتیك"یان دەکردو لەو باوەڕەدابوون، کە نابێ یەکێ لەم لایەنانە بەقوربانی لایەنەکەی دیکە بکرێ. ئەم خاڵەش، بەتایبەتی بۆ مارکس، لەنووسینەکەیدا سەبارەت بە فیۆرباخ، بوو بە کێشەیەکی بەهادارو داوا لە فەیلەسووفەکان دەکا بیروباوەڕیان بە داوکەوت و مێژووەوە گرێبدەن و گۆڕانکاری دابهێنن.[11] هەروەها، مارکس لەگەڵ هیگڵ دا لەوێدا هاوڕایە، کە گۆڕانکارییە دیالیکتیکییەکان لەداکەوتدا سەرهەڵدەدەن و هیچ ڕووداوێ لەدەرەوەی داکەوتدا نیە. بەڵام مارکس، لەگەڵ بۆچوونە ئایدیالیستەکەی هیگڵ ی مامۆستایدا نایارە. ڕاستەقینە بۆ هیگڵ ئاوەزان و لە ئەستوو (ماتەر) بەدەرە. ئەوەی هەیە هۆش و دیاردەی هۆشە، بەبێ هۆش نیەو ناتوانێ هەبێ. مارکس بەپێچەوانەی هیگڵ ـەوە ڕێچکەیەکی ماتریالیستانە لەژێر کارتێکردنی فیورباخ دا دەگرێتە بەرو ڕاستەقینە بە ئەستوو (مادده)و هۆشیش بەدیاردەی ئەستوو دەزانێ. مارکس و زانا مارکسییەکانیش، بۆ سەلماندنی ئەم بیروباوەڕە، پەنایان بردۆتە بەر بیرکردنەوەی زانستیانەو وەکو پۆزەتیڤیزمەکانیش جیاوازییان لەنێوان زانستە سروشتییەکان (فیزیکییەکان)و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دانەناوە. بەدیدی ئەمان کۆمەڵ یان مرۆڤ وەکو بابەتێکی ماتریالی دەخرێتە بەر ڕۆشنایی کارتێکردنی یاساکانی سروشتەوەو لەوێوە دەناسرێ.

بەبۆچوونی مارکس گۆڕانکارییەکانی مێژوو، وەك هیگڵ دەڵێ، دیالیکتیکین، بەڵام سەرچاوەکانیان ئەستووە. مەبەستی مارکس لەم خاڵەدا نکۆڵیکردن لەڕۆڵی بیرکردنەوە نیە، کە هەندێ لەزانایانی مارکسی بۆی دەچن و بە شێوەیەك مارکسیزم لێکدەدەنەوە هیچ پەیوەندیی بە جیهانی بیرکردنەوەوە نەبێ؟ دروستە بۆ مارکس، ئەستوو سەرچاوەی بیرکردنەوەیە، بەڵام بیرکردنەوەش دەتوانێ گۆڕانکاری دابهێنێ.

لەپەرتووکی "سەرمایە"دا مارکس دەڵێ: "داوی جاڵجاڵۆکە وەکو چنینەو شانەی هەنگوینیش لە زۆر بەرهەمی ئەندازیاری جوانترە، بەڵام ئەوەی خراپترین بەرهەمی ئەندازیارێ لە جوانترین شانەی هەنگوین جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە ئەندازیار، پێش دروستکردنی خانوویەك، نەخشەکەی لەناوبیریدا پەیدادەکا. لەهەر کارکردنێکدا بەرهەمەکە پێش پەیدابوونی لە واقیعدا لەناو بیرکردنەوەی بەرهەمهێنەردا لەدایکدەبێ."[12]

دیالیکتیکی کۆیلەو خاوەن کۆیلە لە فەلسەفەی هیگڵ دا کارتێکردنێکی ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر مارکس. بێگومان ئەم دیالیکتیکە شاکارێکی هیگڵ ـە هیچ فەیلەسووفێ پێش هیگڵ نەیتوانیوە ئەم شێوە ناکۆك و دژایەتییەمان لۆجیکانە بۆ دابڕێژێ و هەوڵیشبدا، بەگوێرەی بیرکردنەوەی خۆی، مێژوو بگەیەنێتە ئاست و قۆناغێ، کە خاوەن کۆیلە بڕوانامەی بە مرۆڤبوون بە کۆیلە بدا. دیسانەوە، بە بۆچوونی مارکس، دیالیکتیکی کۆیلەو خاوەن کۆیلە لە

کەموکورتی بێبەش نیە. مارکس لاریی لەوە نیە مێژوو زۆرانبازییە لە نێوان کۆیلەو خاوەن کۆیلەو خاوەن کۆیلەش سەربەست نیەو تۆوی شۆڕشگێریش بەتەنیا لەناو بوونی کۆیلەدایە، بەڵام ئەم زانایە بنچینە سایکۆلۆجییەکەی بەکۆیلەبوون وەکو (ترس لە مردن) ڕەتدەداتەوە.

دوورکەوتنەوەی مارکس لە فەلسەفەی هیگڵو هیگڵیە چەپڕەوەکانەوە لە ساڵی 1842دا سەریهەڵدا، لەوکاتەدا مارکس لە شاری کۆلن سەرنووسەری گۆڤاری *Reinische Zeitung* بوو. لەم گۆڤارەدا بەرهەمێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر بۆچوونی هیگڵ بۆ واتای دەوڵەت بڵاوکردەوە. دەوڵەت بەبۆچوونی هیگڵ دەسەڵاتێکی پیرۆزو دیاردەی هۆشی ڕەهایەو بەرژەوەندیی ئەم دەستگا رامیارییەش لەژوور بەرژەوەندیی تاکەکانو کۆمەڵدا دادەنێ.

بەدیدی مارکس، لەم نووسینەو لەبڵاوکراوەکانی دیکەشیدا، دەوڵەت لە هەموو سەردەمو قۆناغێکی مێژوویيدا دیاردەی دەسەڵاتی چینایەتییەو چینێکی کۆمەڵ بۆ چەوساندنەوەی چینەکەی دیکە دایمەزراندووەو بنەمای ئابووریی خۆی هەیە. پاش ساڵێك ئەم گۆڤارە داخراو مارکس چووە شاری پاریسو لەگەڵ ڕوژ (Ruge) دا گۆڤارێکی دیکەیان بەناوی "ساڵنامەی ئەڵمانی–فەرەنسی" (*Deutsche-Franzusiche Jahrbucher*) دەرکرد. لە یەکەم ژمارەی ئەم ساڵنامەیەدا، کە دوا ژمارەشی بوو، دیسانەوە مارکس هەوڵیدا بە نووسینێکی دیکە زیاتر خۆی لە فەلسەفەی هیگڵ دووربخاتەوەو ئەمجارەیان ڕەخنەی لە فەلسەفەی کۆیلایەتیو ئەنترۆپۆلۆجیی هیگل گرت. دەبینین، مارکس لە گەڵ ڕووەوە لەگەڵ هیگڵ هاوڕانیەو هەوڵدەدا شێوازێکی نوێی فەلسەفی بۆخۆی دیاریبکا. دەیەوێ پڕۆژەیەکی فەلسەفییانەی نوێ دامەزرێنێو کودتایەکیش بەسەر فەرهەنگی زاڵبووی هیگڵ دا بەرپا بکا. بۆ ئەم مەبەستە، لەساڵی 1844دا بەرهەمێکی بەناوی "دەستنووسی ئابووریو فەلسەفی 1844" نووسیو بەئاشکرا ڕەتدانەوەی سیستەمە ئایدیالیستەکەی هیگڵو نامۆیی چینی کرێکارو خسڵەتەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداریو سۆشیالیستیی شیکردۆتەوە.

بەدیدی مارکس، نامۆیی لەوێدا پەیدادەبێ، کە کرێکار نەتوانێ خۆی بە خاوەنی بەرهەمەکەی دابنێو بەرهەمەکەشی لەلایەن کەسێکی دیکەوە داگیربکرێو بۆ چەوساندنەوەی ئەم بەکاربهێنرێ.[13] هەروەها لەم نووسراوەدا، مارکس خاوەندارێتی تایبەتی دەکاتە سەرچاوەی نامۆیی.[14] بەمشێوەیە، کرێکار لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا لە سێ ڕووەوە نامۆیی بەسەردا دەسەپێنرێ:

یەکەم: نامۆیی کرێکار لە بەرهەمەکەی.

دووەم: نامۆیی کرێکار لەخودی خۆی.

سێیەم: نامۆیی کرێکار لە کەسانی دیکە.

ئەم سێ لایەنە، لەلای هیگڵ یش لە دیالیکتیکی کۆیلەو خاوەن کۆیلەدا نیشاندراون. بەڵام جیاوازیی نێوان توێژینەوەی هیگڵو مارکس لەوێدا دەردەکەوێ، کە بەدیدی مارکس، وەکو لەپێشتریش ئاماژەمان بۆکرد، نامۆیی داگیرکردنی بوونو بەرهەمی کرێکارەو هەتاکو بوونو بەرهەمی کرێکار لەلایەن کەسێکی دیکەوە (بۆرژوا) داگیرنەکرێ، ئەوا نامۆیی ڕوونادا، کەچی لای هیگڵ هەر بەرهەمهێنانی یان جیابوونەوەیەك لە (خۆ) نامۆییە. بۆ نمونە، تابلۆیەکی ئیسماعیل خەیات، وەکو شێوازی دەربڕینی خۆی هونەرمەندەکە لەخودی خۆیەوە دەرچووە، "ئیسماعیل خەیات"ی تووشی نامۆیی کردووە. ئەوجا گرنگ نیە بەرهەمەکە کەسێکی دیکە داگیری کردبێ یان نا.

یەکەم بەرهەمی مارکسو ئەنجلس پێکەوە بەناوی "خێزانی پیرۆز" لە ساڵی 1845دا لە پاریس نووسراوەو هێرشێکی ڕاستەوخۆی تیایە بۆسەر گروپی برۆنۆ باوەر کە بە هیگڵیی چەپڕەو دەناسران. مارکس لەگەڵ ئەنجلس ی هاوڕێیدا لەم پەرتووکەدا هەوڵدەدەن بیروباوەڕەی ئایدیالیستەکانی هیگڵ سەبارەت بە دەوڵەتو یاساو ئایین ڕەتبدەنەوەو ئەم دەستگا کۆمەڵایەتییانە بەژێر خانی ئابووریو چینایەتییەوە ببەستنەوە.[15]

پاش ماوەیەکی کورت مارکس لە پاریس دەردەکرێو ڕوودەکاتە شاری برۆکسلو "ئەنجلس"یش دەگاتە لایو هەردوکیان بەرهەمێکی دیکە پێکەوە بەناوی "ئایدیۆلۆجیی ئەڵمانی" بڵاودەکەنەوە. لەم بەرهەمەدا بەتەنیا فەلسەفەی

هیگڵ نەخراوەتە بەر نەشتەری رەخنە، بەڵکو مارکس و ئەنجلس ناڕەزایی و لارییان بەرامبەر هیگڵیە چەپڕەوەکان و فیۆرباخ و سۆشیالیستەکانی ئەو سەردەمەش دەربڕیوەو باسیان لەوە کردووە، کە چۆن کۆمەڵ و مێژوو دیالیکتیکانە بەرەو قۆناغی کۆمۆنیزم و کۆمەڵگای لە چینایەتی بەدەر رەت دەکا. دوو ساڵیش پاش نووسینی ئەم بەرهەمەو پاش خوێندنەوەی پەرتووکی پراودۆن "فەلسەفەی کوێرەوەری"، مارکس پەرتووکێکی دژی پڕاودۆن بە ناوی "کوێرەوەریی فەلسەفە" بلاوکردەوە، کە تیایدا هەموو کێشەو بەهایەکی هەمەکی و نەگۆڕو چەسپاو بە بۆرژوایانە دادەنێ و بەرپەرچی دەداتەوە. ئەم توێژینەوەیە ئاکامێکی لۆجیکانەی هەیە، چونکە لە لۆجیکی دیالێکتیکیدا، داکەوت هەمیشە گۆڕاوو دینامیکییە. ئەوەی ئەمڕۆ دروست و راستە، سبەینێ نادروست و چەوتە.

مارکس لە تەمەنی چل و یەك ساڵیدا گەڕاوەتەوە بەرلین و لە ساڵی 1864دا یەکەم رێکخراوی بەناوی "ئینتەرناسیۆناڵی یەکەم"ی دامەزراندووە. لەناو ئەم رێکخراوەدا لەسەر کێشەی دەسەلاتی پڕۆلیتاریا مارکس و باکۆنین کەوتوونەتە مشتومڕو بوونی دەسەلاتێکی مەرکەزی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی بەدیدی مارکس پێویست بوو. بەپێچەوانەی ئەم رایەشەوە، باکۆنین ئەو دەسەلاتەی بە شێوازێکی دیکتاتۆری دادەنا.[16]

بێگومان مارکس و باکۆنین لەو خاڵەدا هاوڕان، کە دەوڵەت لە کۆمەڵگای لە چینایەتی بەدەر ناپێویستە، بەلام لەشێوەی رێچکەیاندا، یان میتۆدی رامیارییاندا، جیاوازن. بەهەرحاڵ، پاش گواستنەوەی مەڵبەندی ئینتەرناسیۆناڵی یەکەم بۆ نیویۆرك لە ساڵی 1872 دا ئەم ناکۆکییە کۆتایی پێهات، چونکە رێکخراوەکە نەیتوانی بەردەوام بێ.

مارکس لاریی لەوەدانیە، دەسەلاتی رامیاری بۆرژوایی لە دەوڵەتی لیبرالدا لە میرنشینی و دەسەلاتی دەرەبەگایەتیی پێشکەوتووترە، بەلام هێشتا کۆمەڵگای بۆرژوایی و دەوڵەتی لیبراڵ لە ناکۆکی و کەموکورتی بەدەر نیە، چونکە کۆمەڵگایەکی چینایەتییەو دەوڵەتەکەش نوێنەری چینی چەوسێنەرە. ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵگای بۆرژوایی بەرێگەی شۆڕشی چینایەتی و دەسەلاتی چینی کرێکارەو دامەزراندنی سۆشیالیزم لەناودەچن. لەم قۆناغەشەوە گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتییەکان هێدی هێدی کۆمەڵ دەگەیەننە دوا قۆناغی پێشکەوتن و کۆمەڵگایەکی لە چینایەتی بەدەر، کە پێویستی بەمانەوەی دەوڵەت نابێ. دوا بەرهەمی مارکس "سەرمایە" لە ساڵی 1867دا لە شاری هامبورگ بەشێکی لەچاپدراو بەشی دووەم و سێیەمی لە پاش مردنی لە ساڵی 1883دا ئەنجلس بلاویکردەوە.

لەو باوەڕەدانیم فێرگەیەکی فەلسەفی پاش هیگڵ هەبێ هێندەی مارکسیزم سوودی لە هیگڵ وەرگرتبێ. مارکس تاکو دوا ڕۆژی تەمەنی لەگەڵ ئەم مامۆستایەدا لەناکۆکیدا بووە. هەتا ئەو شوێنەی لەگەڵ هیگڵ دا هاوڕا بووە شان بەشانی هەنگاوی ناوەو لەهەر قۆناغێکدا هەستی بە ماندووبوونی مامۆستاکەی کردبێ لەسەری نەوەستاوەو مارکس خۆی گەیاندۆتە دوورگەیەکی دوورتر. سارتەریش سوودی لە فەلسەفەی مارکسیزم وەرگرتووەو ویستوویەتی ئاماژەی ئەو لایەنانە بکا، کە لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیدا دەگونجێن و ناکۆك ناوەستن. بێجگە لە نایاری ئەم زانایە لەگەڵ هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت و ستالینیزم و چەند زانایەکی مارکسیدا لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەشدا هاوڕا نیە، کە مارکسیزم بە فەلسەفەیەکی ماتریالیستانەی زانستانەی رەوان دادەنێ و مێژووش بە گوێرەی یاساکانی دیالیکتیکی سروشت بە رێچکەی ناچارەکی ماتریالیستەوە گرێدەدا. ئەگەر مارکسیزم بیروباوەڕێکی رزگاریخوازو بزووتنەوەیەك بێ لە پێناوی سەربەستیدا لە تێکۆشاندا بێ، ئەوا پێویستە وەکو فەلسەفەی بوونخوازی هەموو شێوەکانی ناچارەکی رەتبداتەوەو دەسەلاتی گۆڕانکاری و داهێنان و مێژوو بداتە دەستی مرۆڤ. بەپێچەوانەی ئەمەوە مارکسییە نەریتییەکان ئەم ڕۆڵە سەرەکییەی مرۆڤ لە دیالیکتیکی مێژوودا فەرامۆش دەکەن و بەگۆڕانکارییە ماتریالییەکان و یاسا سروشتییەکانەوە دەیبەستنەوەو دەستەیەك یاساو بڕیاری لەپێشوەختیان لەبەردەم ئێمەدا قوتکردۆتەوەو مێژوویان کردووە بە زانستێکی سروشتی. ناچارەکی، چ ئایدیالیستی، چ ماتریالیستی، چ شێوەو بنەڕەتێکی هەبێ، ئاکامێکی نالەبارو نەرێی هەیە توانای مرۆڤ رەتدەداتەوەو لەئاستی گۆڕانکاری ناو مێژوودا زەبوونی دەکا. بێجگە لەمەش، لۆجیکی

دیالیکتیك، كە ماركسییەكان پەیڕەوی دەكەن‌و گۆڕانكارییەكانی لەبەر رۆشناییدا راڤەدەكەن، رێگە نادا "خۆ" یان "ئاگامەندی" بكرێتە قوربانی بابەت، یان جیهانی دەرەكی‌و داكەوت‌و دەوروبەر.
كارتێكردنی ئەم دوو لایەنە لەسەر یەكدی دیالێكتیكانەیە. رێگەدان بە داگیركردنی ئاگامەندی، یان ناچاركردنی لەلایەن جیهانە دەرەكییەكەوە، نامۆكردنی ئاگامەندییە، نەك مسۆگەركردنی سەربەستی‌و دەسەڵات‌و توانای گۆڕانكاری‌و داهێنان. ئەمەش گەڕانەوە نیە بۆ سەر بناغەی ئایدیالیستی، بەڵكو داماڵینی كالآی ناچارەكییە لەبەر ماركسیزمداو پردێ لەنێوان ماركسیزم‌و بوونخوازیدا هەڵدەبەستێ‌و ماركسیزم دەكاتە فەلسەفەی بوونخوازیی ریالیستانە.
ماركسییەكان (نەك ماركس خۆی) بۆئەوەی خۆیان لەبۆچوونە ئایدیالیستییە دیالیكتیەكەی هیگڵ دوور خەنەوەو فەلسەفەكەیان مۆركی هیگڵ ی پێوەدیارنەبێ، پەنایان بردۆتە بەر لێكدانەوەیەكی زانستانە بۆ فەلسەفەكەیان‌و لە كۆڵانی دەرنەچووی ناچارەكی زانستانەدا گیرساونەتەوە. ئەمان نایانەوێ لەو خاڵەتێبگەن، كە بیركردنەوەی زانستانەو فەلسەفییانە هاوتا نین‌و فەلسەفە سنوورەكانی زانست دەبڕی‌و خۆی بەكێشەی گەورەترەوە سەرگەرم دەكا. ئەم ماركسییانە، كە لەوەپێش بەنەرێتی (كلاسیكی) ناوزەدم كردن، بۆچوونە فەلسەفییەكانی ماركس یان شێواندو لەناو قاڵبێكی زانستیی تەسكدا سەپاندیان. خۆشیان لە هەموو كەسێك زیاتر بەهەقزان داناو هەرچی بڕیارێكیش لەگەڵیاندا هاوڕا نەبووایە بە بۆرژواو بە كۆنەپەرستیان لەقەڵەمدەدا.
فەلسەفەی ماركسی لەسەر دەستی ئەم زانایانەدا بوو بە زانستی ماركسی، ئابووری كیمیاو فیزیك‌و ڕەنگ‌وبۆنی مرۆڤانەی خۆی دۆڕاند. مشتومڕی سارتەر لەگەڵ ماركسییەكاندا لەسەر ئەم خاڵەیەو بەپێویستی دەزانێ جارێكی دیكە، بەوردی، فەلسەفەی ماركس بخوێنینەوەو بیگەڕێنینەوە بۆ شێوازە ڕاستەكەی خۆی‌و لەدەست ماركسییە نا ماركسییەكاندا رزگار بكرێ.[17]
بۆ پێداچوونەوەو توێژینەوەیەكی نوێی فەلسەفەی ماركس، سارتەر دوو نووسینی بلأوكردەوە، یەكەمیان "گەڕان بەدوای ڕێبازێكدا"و دووەمیان "رەخنە لە ئاوەزی دیالێكتیكی" كە لە ساڵی 1960دا لەچاپدراوە. ئەم دوو نووسینە پەیوەندیی بنەڕەتی‌و ناوەڕۆكییان لەگەڵ یەكدیدا هەیەو هەردووكیان چارەسەری كێشەیەك دەكەن. تەنانەت سارتەر دەڵێ "نووسینی یەكەم بەشێكە لە نووسینی دووەم."
لە نووسینی یەكەمدا كێشەی رێچكە (میتۆد)ی ماركسی باسكراوەو كەم‌وكورتییەكانی ئاماژە كراون‌و سارتەر هەوڵدەدا، بەرێگەی فەلسەفەی بوونخوازی‌و بایەخدانی بوونخوازی بە بوونی مرۆڤ ئەو كەم‌وكورتییانە پڕبكاتەوەو ماركسیزم‌و بوونخوازی بۆ ئەم مەبەستە تێهەڵكێش بكا. لە سەرەتای نووسینەكەشیەوە ئەو خاڵە گرنگە ئاماژە دەكا، كە ئەم دوو شێوە فەلسەفییانە ناكۆك‌و دژ بەیەك نین‌و بوونخوازی نەهاتووە، هەڕەشە لە ماركسیزم بكاو جێگای پێ لەق بكا. لەهەر سەردەمێكدا فەلسەفەیەكی مەزن شێوازی كلتوورو بیركردنەوەی قۆناغە مێژوویەكە داگیردەكاو رۆشنایی دەخاتە سەرگشت لایەنەكانی ژیانی مرۆڤ لە سەردەمی نوێدا. دێكارت‌و جۆن لۆك، ئەوجا كانت‌و هیگڵ لە سەردەمی ئەمڕۆشدا ماركس ئەو جێگا گرنگ‌و بەرزەی بۆخۆی دیاریكردووە.[18]
ئەم بۆچوونە فەلسەفییانەی لەم سەردەمەدا پێكدێن، یان سەرهەڵدەدەن (وەكو بوونخوازی) لەژێر سێبەری فەلسەفە زاڵەكەدا (وەكو ماركسیزم) دەژین.[19] لەلایەكی دیكەوە هەوڵدەدەن كەم‌وكورتییەكانی فەلسەفە زاڵەكە پڕبكەنەوەو خۆیان بەو كێشانەوە خەریكدەكەن كە ئاماژە نەكراون‌و نەخراونەتە بەر ڕۆشنایی زانینەوە.
رێچكەی دیالیكتیك پەیڕەوی گۆڕانكاریی ژووركێش‌و هەمیشەكی دەكاو گۆڕانكارییەكانیش، كە روودەدەن لەناو مێژوودا پڕۆژەی ئاگامەندین‌و لەئاكامی كارتێكردنی ئاگامەندی بۆسەر داكەوتی دەرەكیی خۆیان دەردەخەن. بەئەنجامدانی پڕۆژەكانی ئاگامەندی مانا بە مێژوو دەبەخشێ‌و ناوەڕۆكی پێدەدا. بیرە ماركسییەكان، بەتایبەتی ئەوانەی ماركسیزمیان كردووە بە زانستێكی رووت ڕۆڵی ئاگامەندییان لەبەرچاونەگرتووەو گۆڕانكارییەكانیان بە

جوڵان‌و کارتێکردنی داکەوتی دەرەکییەوە بەستۆتەوە. ئەمەش لەخۆیدا لادانە لە ڕێچکەی دیالیکتیکی، چونکە دیالیکتیك پەیوەندییەکی پێداویستی لەنێوان ئاگامەندی‌و داکەوتی دەرەکیدا دەبەستێ. پێویستە ئاگامەندی کە توانای پڕۆژەدانانی هەیە خۆی بکا بەخاوەنی ڕووداوەکان. ئەمەش نکۆڵیکردن، یان بەپەراوێزکردنی ڕۆڵی داکەوتی دەرەکی نیە، چونکە پەیوەندی نێوانیان دیالێکتیکانەیەو هیچ لایەکیان ناکرێ بە قوربانی لاکەی دیکە بکرێ. داکەوتی دەرەکی کارتێکردنی خۆی لەسەر ئاگامەندی دەکا، بەڵام ئاگامەندیش بەهەمان شێوە کارتێکردنی خۆی بەسەر داکەوتدا دەسەپێنێ‌و مۆرکی خۆی بەسەریدا تۆمار دەکاو بۆ داکەوتێکی ویستراو دەیگۆڕێ. ئەگەر ئاگامەندی داکەوتی ویستراو بە پڕۆژە دانەنێ‌و هەوڵی داهێنانی نەدا، داکەوتی لەئاگابەدەر ناتوانێ ڕووداوەکانی ناو مێژوو بهێنێتە کایەوە. مێژوو گۆڕانکارییە دیالیکتیکەکانی داکەوتی مرۆڤە، ڕەوتی مرۆڤە بەرەو ترۆپکی پێشکەوتن‌و شارستانیەت. بێجگە لە مرۆڤ بوونەوەرێکی دیکە مێژوویی نیە، چونکە ڕەوتی مێژوویی سەرەو ترۆپك ڕەوتێکی ئاگامەندانەیەو زانستی مێژووش مرۆڤانەیە.[20]

ئەمەش پاشگەزبوونەوە لە هەڵوێستی ماتریالیستانەو گەڕانەوە نیە بۆ ئایدیالیزم، بەڵکو هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوەی فەلسەفەی مارکس لەڕێچکەی ناچارەکیی زانستیانە، کە زۆر لەبیرە مارکسییەکان شوێنی کەوتوون‌و کردوویانە بە زەمینە بۆ توێژینەوەکانیان‌و ڕووداوەکانی لەسەر دەپێون. ئەم کێشەیە لەوێدا ناکۆکە و دژی خۆی ڕادەوەستێ، یان خۆی بەدرۆ دەخاتەوە، کەبیریارەکان گەشبینانە دەڕواننە گۆڕانکارییەکان‌و باوەڕ بە سەرەبستی دەهێنن‌و هەوڵدەدەین مرۆڤ نامۆ نەکرێ. باوەڕکردن بە سەربەستی‌و شوێنکەوتن بەدووی ناچارەکیدا ناڕێکن‌و پێکەوە ناگونجێن. ناچارەکی دەرگاکانمان لەسەر دادەخاو ئاسۆی بیرکردنەوەشمان تەسکدەکاتەوەو خواست‌و ئیرادەش لەژێر دەسەڵاتی هێزە دەرەکییەکاندا مەحکوم دەکا. ناچارەکی زانستانەی ماتریالیستانەو ئایدیالیستانە ئەگەرچی بنەڕەتە میتافیزیکیەکەیان جیاوازە لە ڕووی کارتێکردنیان لەسەر کێشەی سەربەستی‌و بەنامۆکردنی مرۆڤ لەیەك ئەنجامدا یەکدەگرنەوە، ئەویش ڕەتدانەوەی سەربەستی‌و داگیرکردنی ناوەڕۆکە. کەسێ باوەڕ بە سەربەستی بهێنێ داگیرکردن فەرامۆش بکاو خۆی بە خاوەنی گۆڕانکارییەکان دابنێ، دەبێ بەرامبەر هێزە دەرەکیە داگیرکەرەکان بجەنگێ، ئەوجا بۆ ئەو گرنگ نیە هێزە داگیرکەرەکان لە چ سەرچاوەیەکەوە پەیدابووبن. لەبەر ئەمەشە فرێدریك نیچە بۆ بونیادنانی دیمانەکەی سەبارەت بە (سۆپەرمان) لە ئۆنتۆلۆجییە هیچگەرییەکەیدا بانگەشەی مردنی یەزدانی کرد. بیریارە مارکسییەکانیش بۆئەوەی ئەم فەلسەفەیە وەکو بیروباوەڕێکی ڕادیکالانەو شۆڕشگێڕانە بهێڵنەوە، پێویستە بە ئاگاوە سەودا لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکەن‌و بانگەشەی مەرگی ناچارەکیی زانستانە بکەن.

ئایا مارکس پەیڕەوی ڕێچکەی ناچارەیی کردووە؟ ئایا دەگونجێ بیرمەندێ شوێن ناچارەیی بکەوێ‌و لەهەمانکاتدا باس لە سەربەستی بکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەبەر ڕۆشنایی بونیادی ئۆنتۆلۆجیی بوون-بۆ-خۆ و تێگەیشتنی مارکس بۆ مێژوو نێگەتیڤانەیە. ناچارەیی مرۆڤ بەداهێنەرو خاوەنی مێژوو دانانێ. گۆڕانکارییەکان بۆ سەرچاوەیەکی دەرەکی‌و لەویست بەدەر دەگێڕێتەوەو خسڵەتی مرۆڤانەی لەبەردا دادەماڵێ. فرێدریك ئەنجلس یەکێکە لەو بیریارە مارکسییانەی پەیڕەوی ئەم ڕێچکەیە دەکاو دەڵێ: "بەگوێرەی ئەمە، هۆکارەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی‌و شۆڕشی ڕامیاری لەناو مێشکی مرۆڤدا، یان لە بۆچوونەکانیدا سەبارەت بە ڕاستەقینەی هەمیشەکی‌و دادپەروەری پەیدانابن، بەڵکو هۆکارەکانی شێوەی بەرهەمهێنان‌و ئاڵوگۆڕکردنەو لەناو فەلسەفەدا نین‌و لەناو ئابووریی سەردەمەکەی خۆیاندان."[21]

گەر بە وردی سەرنجێکی وتەکەی ئەنجلس بدەین، دەبینین وەکو هیگڵ ئاگامەندی‌و بوونی لەیەکدی جیاکردۆتەوەو سڕیوەتەوە. بۆ ئەم زانایە جیاوازیی بنەڕەتی‌و ناوەڕۆکی لەنێوان گۆڕانکارییەکانی ناو سروشت‌و ناو مێژوو نیەو هەردووکیان سروشتین‌و وابەستن بە دەستەیەك یاساوە، کە بە یاسای سروشتی دەناسرێن.

بەدیدی سارتەر، ئەمشێوە بیرکردنەوەیە لە دوو رووەوە ناکۆكو نامارکسییانەیە، یەکەم: ئێمە ناتوانین بیسەلمێنین سروشت دیالیکتیکییە، واتە لە رابردووو ئێستاو داهاتوودا پەیڕەوی ئەم گۆڕانکارییە دەکا. دووەم: لە هیچ نووسینێکیدا مارکس رۆڵی مرۆڤی لەگۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو کەمنەکردۆتەوەو دیالیکتیك بۆ ئەم پەیوەندییەی نێوان ئاگامەندیو بوون دیاری دەکا.[22]

مارکس لەیەکێ لە نووسینەکانیدا لەسەر ئەم کێشەیە دەڵێ: "مرۆڤ لەناو مێژوودا دروست دەبێ ئەم دروستبوونەش Coming to-be ئاگامەندانەیە. مرۆڤ بوونەوەرێکە بە ئاگاوە خۆی رەتدەکاو خۆی دادەهێنێ مێژووش سروشتیو راستەقینەیەکی مرۆڤانەیە."[23]

هەروەها لە نووسینێکی دیکەیدا (تێزەکانی فیۆرباخ) دژی ماتریالیستەکانی (وەکو فیۆرباخ) دەنووسێ: "ئەو راڕەوە ماتریالیستییەی مرۆڤ بە بەرهەمی دەوروبەرو پەروەردەکردن دادەنێ ئەو خاڵەی لەبیرکردووە، کە مرۆڤ دەتوانێ دەوروبەری بگۆڕێو پەروەردەکەیش پێویستی بە پەروەردەکردن هەیە. ئەم راڕەوە لەم بۆچوونەیەوە کۆمەڵی کردۆتە دوو بەشەوە، دەسەلاتدارو بێدەسەلات (بۆنمونە لای رۆبەرت ئۆون). بەستنەوەی گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر بە کارکردنی مرۆڤەوە بەگوێرەی بیرکردنەوەی ئاوەزی کارێکی شۆڕشگێرانەیە."[24]

مارکس بە راشکاویەوە رێگەی بە خۆی نەداوە وەکو فەیلەسووفێکی مەتریالیست خۆی تووشی ناچارەیی زانستیانە بکاو رۆڵی ئاگامەندی تۆزقاڵێ کەمکاتەوە.

ئەگەر مارکس باوەڕی بە ڕۆڵی ئاگامەندی نەبووایەو وەکو فیۆرباخو ئەنجلس ڕووداوەکانی لەناو بازنەی داخراوی ناچارەکیدا گرێبدایە، چۆن لە کۆتایی تێزەکانی لەمەڕ فیۆرباخ بە پێچەوانەی ئەنجلس ـەوە داوای لە فەیلەسووفو بیرمەندەکان دەکرد داکەوت بگۆڕن؟[25]

مارکس بەدرێژیی لە (سەرمایە)دا لەو بەشەدا سەبارەت بە (کارکەر)ە باس لە پەیوەندیی دیالێکتیکانەی نێوان ئاگامەندیو بوون دەکاو لە نووسینێکی دیکەشیدا دووبارە دەڵێ: "مرۆڤ لە ژێر کارتێکردنی دەوروبەرو رەتدانەوەی رابردوودا مێژوو بۆ خۆی دادەهێنێ."[26]

جۆرج لۆکاش ئەم راستیەی پێکاوەو ئەو مارکسیانەی، کە ئەم خاڵە گرنگە رەچاو ناکەنو فەلسەفەی مارکسیان کرۆدتە بەرگی زانستییەوە بە (ئۆرتۆدۆکس) ناویان دەباو بەرپەرچیان دەداتەوە.[27] لۆکاش پاش بلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی لە پەرتووکێکدا بەناوی "مێژووی هۆشیاریی چینایەتی" لە پارتی کۆمۆنیستی هەنگاریا دەرکراو لە رۆژنامەی پراڤدا دا لە مۆسکۆ بە توندی رەخنەی لێگیراوەو بە بۆرژواو نۆکەری ئیمپریالیزم لەقەڵەمدراوە. لۆکاش لە بیروڕاکانی پاشگەز بۆتەوەو داوای لێبوردنی لە پارتەکەی کردووەو گەڕاوەتەوە ریزی مارکسییە نەرێتیەکان.

ماتریالیستی زانستانە، کە ناچارەیی دەکاتە پێشەوای میتۆدەکەی، رێگەمان نادا ئاوڕ لە باری دەروونی بدەینەوەو سوود لە فێرگە سایکۆلۆجییەکان، بە تایبەتی فێرگەی فرۆید، بۆ توێژینەوەکانمان وەربگرین. ئەم شێوە فەلسەفەیە لەبەرئەوەی مرۆڤ بە تەنێکی ماتریالیو سروشتی دادەنێ، لەبەر رۆشنایی یاساکانی سروشتدا لە بوونی دەکۆڵێتەوەو باوەڕیشی بەوە نیە ڕووداوەکانی قۆناغی منداڵی مۆرکی خۆیان لەسەر کەسایەتیی تاکەکاندا داغ دەکەن. گرنگیی سایکۆلۆجی، بۆ یەکەمجار، بەتایبەتی دیمانەی دەروونشیکاری فرۆیدییانە، لای بیرمەندەکانی (فێرگەی فرانکفۆرت) وەکو ماکس هۆرکایمەر (1895-1973)، کە لە ساڵی 1927دا، پاش کارلْ گرۆنبێرگ بوو بە ڕابەری فێرگەکە، ئاوڕی لێدرایەوەو بۆ ناسینی هۆکارەکانی پەیدابوونی فاشیزم لە ئەوروپادا ئاماژەی بۆ کرا.[28] بەلام ئەم ئاماژەکردنە لەلایەن مارکسییە نەرێتییەکانەوە بە هەوڵدانێکی بۆرژوایانەو کۆنەپەرستانە لەقەڵەم درا.[29] ئەم تێکهەڵکێشانە لەگرنگیی هۆکاری ئابووری کەم ناکاتەوەو پێشنیاری ئەوەش ناکا، کە ئابووری بۆ پەیداکردنی گۆڕانکارییەکانی مێژوو رۆڵی خۆی نابینێ.

سارتەر لەگەڵ (هۆرکایمەر)دا هاوڕایەو دەیەوێ دیالیکتیکانە لەچیەتیی ڕووداوەکان بگاو لەو باوەڕەدایە ڕوداوێ لە ئاکام چەندین هۆکارەوە سەرهەڵدەدا، چونکە دیالیکتیك بایەخ بە گشتگەری totality دەداو ئەمەش کاتیگۆرییەکی بنەڕەتی ئەم لۆجیکەیە. کەوابوو، چۆن دەبێ واز لە کێشەی گشتگەری بهێنین و بەتەنیا جەخت لەسەر ئابووری بکەین؟ گشتگیری پێویستی بە تێگەیشتن لەهەموو لایەنەکانی بوون هەیە. ئەم کاتیگۆرییەش لەدیالیکتیکدا ئاماژەی ڕاستییەکی نەگۆڕاوو وەستاوی وەکو جیهانی ئایدیالیی ئەفلاتون مان بۆ ناکاو داکەوت لە فەلسەفەی دیالێکتیکی هیگڵ و مارکسدا دینامیکی و مێژووییەو لەرێگەی پرۆژەکانی ئاگامەندییەوە خۆی دەگەیەنێتە ترۆپکی تەواوکۆیی. لەم پێگەیەوە ئەو ئاکامە بەدەستدەهێنین، کە تێگەیشتنمان لە ڕووداوێکی مێژوو لەسەر ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی رادەوەستێ. بۆنمونە، سەرهەڵدانی ڕژێمێکی وەکو (بەعس) لە عێراقدا هۆکارێکی ئابووری و دەروونی و کۆمەلآیەتی و... هتد هەیە. گەر تێگەیشتنی ئێمە لەم رژێمە بەتەنیا لەرووی دەروونی، یان ئابوورییەوە بوو، ئەوا لەیەك گۆشەوە هەوڵمانداوە لە ناوەڕۆکی بکۆڵینەوەو لاکانی دیکەمان نەخستۆتە بەرچاوو ئەو ڕوداوەشمان بە گشتگیری نەناسیوەو توێژینەوەکەشمان بەو لایەنەوە مەحکوم کردووە.

خاڵێکی گرنگی دیکە، کە سارتەر دەیەوێ لەگەڵ دیالێکتیکی مارکسدا تێهەڵکێشی بکا، ڕۆڵی "تاك"ـە لە رەوتە مێژووییە دیالیکتیکەکەداو لە دامەزراندنی گشتگریدا. دیالیکتیك پەیوەندیی نێوان ئاگامەندی و بوون دەردەخا، پێویستی بە خاڵی دەستپێکردن و سەرەتا هەیە. دیالیکتیك وەکو گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو، یان تێگەیشتنی ئێمە لەسەر گۆڕانکارییەکان (عەقلیەتی دیالیکتیك) لەوێوە دەکەوێتە گەڕ، کە ئاگامەندی لەبەردەم بووندا رادەوەستێ و دەیەوێ بیگۆڕێ، تێگەیشتنی لەم هەڵوێستەی ئاگامەندی و پەیوەندیی نێگەتیڤانەی لەگەڵ بووندا، کە (نێگەتیڤی نێگەتیڤە) لەتاکەوە دەستپێدەکا. تاك وەکو ئەندامی چین، یان کۆمەڵ، هەروەها تاك وەکو توێژەر، یان ئەو کەسەی هەوڵی تێگەیشتنی پەیوەندییە دیالیکتیکەکە دەدا.[30] ئەم سەرەتایە لە هەموو ڕاستییەکی دیکەی وەکو (چین، کۆمەڵ، ئاگامەندیی هەمەکی لای هیگڵ و بیری ئایدیالی ئەفلاتون) کۆنکرێتترو داکەوتانەترە. ئەوەی ئێمە لە ئەزموونی رۆژانەمانداو ئەپستمۆلۆجییانە دەتوانین بوونی بسەلمێنین "تاك"ـە کەسەکانە، کە چین و کۆمەڵ و پارتێکی رامیاری و تیپی فوتبۆڵ و مۆسیقا پێکدەهێنن. ئەگەر تاکەکان لەناو ئەم چەمکە هەمەکییانەدا (چین و کۆمەڵ و پارت و تیپ) دەربێنین، ئەوا ئەم چەمکانە بە (ئەبستراکت) دەمێننەوەو وەکو ئایدیالەکانی ئەفلاتون بێماناو لەداکەوت بەدەر دەبن. ئەوەی چینی کرێکار دەکاتە دیاردەیەکی داکەوتی تاکە کرێکارەکانن، کە پەیوەندی ئابووری پێکەوە دەیانبەستێتەوە. ئێمە چین یان کۆمەڵمان نەبینیوەو ناتوانین بیدۆزینەوە. ئەوەی دەیبینین و دەکەوێتە بەر ڕۆشنایی ئەزمونی ئەپستمۆلۆجیمان، تاکەکان یان ئەندامانی ئەو چین و کۆمەلآنەن. تاك لەم بۆچوونەمانەوە تەنیا ڕاستییەکی ئۆنتۆلۆجییانەو بناغەیە بۆ چین و کۆمەڵ. بۆنمونە، کەسێ کە شاری سلێمانی نەدیبێ و بۆ یەکەمجار دەچێتە ئەوێ، چۆن بۆی بسەلمێنین ئەو، پاش ئەوەی ماوەیەك لەم شارەدا ژیاوەو بەشەقام و کۆڵانەکانیدا گەڕاوە، سلێمانی بینیوە؟ ئەو کەسە لە ئەزموونەکانیدا، ئەوەی دەستیکەوتووەو ناسیوێتی، تاکە کەسەکانی شارەکەو خانوو و شەقام و درەخت و شاخەکانی دەوروبەری شارن و سلێمانی وەکو "بابەت" 'خانووەکان'، 'درەختەکان'، 'شاخەکان' و 'تاکەکان' نەبینیوە. من کە خەڵکی ئەو شارەم و منداڵیم و لاوێتیم تێدا گوزەراندووە، ناتوانم بیسەلمێنم سلێمانیم دیوە. ئەوەی من بینیومە جیاوازە لەوەی باسی لەسەر دەکەم. سلێمانی لێرەدا وەکو چین، یان کۆمەڵ چەمکێکی ئەپستمۆلۆجییەو بناغە ئۆنتۆلۆجییەکەی تاکەکانەو بەبێ تاکەکان نابێ.

بۆئەوەی ڕەنگی سوور بدۆزینەوە، دەبێ بە شوێن بابەتی سووردا بگەڕێین بۆئەوەی چینی کرێکار، یان چینی بۆرژوا بدۆزینەوە، دەبێ بەدوای تاکی کرێکارو بۆرژوادا بگەڕێین. ئەم بۆچوونەش بەتەواوی پێمان لەسەر زەمینەی داکەوتدا دادەنێ و لە میتافیزیکمان دووردەخاتەوەو ڕەوتە دیالێکتیکەکەش دەخاتەوە سەر ڕێگەی خۆی. هەڵەی مارکسییەکان لەکێشەی کەمکردنەوەی ڕۆڵی تاکەکاندا، یان نەفرەتکردن لێی، دەگەڕێتەوە بۆ هۆی کورتبینیی ئەم بیریارانە. بە

بۆچوونی مارکسییەکان، فەلسەفەی ئایدیالی، بەتایبەتی فەلسەفەی دێکارت، لەبەرئەوەی لە تاکەوە گەشتەکەی دەستپێدەکا، هەرچی کەسێکی دیکە هاتبێ‌و باسی تاکی کردبێ بە ئایدیالیستانە دایانناوەو، خۆشیان بۆئەوەی بەتەواوی لە ئایدیالیزم دووربکەونەوە پەنایان بردۆتە بەر چەمکە هەمەکییەکانی وەکو چین‌و کۆمەڵ. ئەوان نازانن ئێمە دەتوانین لە روانگەیەکی نا ئایدیالیستانەوە بڕوانینە ئەم راستییە بناغە پتەوەی، کە بناغەی ئۆنتۆلۆجییە بۆ چەمکی هەمەکیی چین‌و کۆمەڵ. لەبەرئەمەشە واتای تاکەکەس لەلای سارتەرو بوونخوازەکانی دیکە لەواتا ئایدیالیستییەکە جیاوازەو تاك لێرەدا ناوەڕۆکێکی گیانەکی‌و نا مێژوویی نیە. بوونی پێش ناوەڕۆکێکی گیانەکی‌و نا مێژوویی نیە. بوونی پێش ناوەڕۆکی دەکەوی‌و بەشێکە لە بوون‌و لەناو کۆمەڵدا دەرنایەت. تاك هەمیشە ئەندامی چینێ لە کۆمەڵەو پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لەگەڵ دەوروبەر (سروشت‌و کۆمەڵ)دا هەیە.

پێشتر لەوە دواین، کە پەیوەندیی دیالیکتیکی لەسەر رەتدانەوەی سروشت لەلایەن ئاگامەندییەوە رادەوەستێ. سروشتیش، کە ئاگامەندی نیەو نێگەتیڤی ئاگامەندییە، ئەوا رەتدانەوەکەی لەلایەن ئاگامەندییەوە رەتدانەوەی ئەو رەتدانەوەیەیە، یان نێگەتیڤی ئەو نێگەتیڤەیە لە تێهەڵکێشەکەیاندا (وەکو بەرهەم) دەبێتەوە بەلایەنێکی پۆزەتیڤی. بەڵام پێویستە ئەوە بزانین بۆچی ئاگامەندی دەسەڵاتی رەتدانەوەی خۆی بەرامبەر بەو رەتدانەوەیەی بەرامبەری بەکار دەهێنێ‌و خۆی دەخاتە نێو ئەم خولە دیالێکتیکیەوە؟

لە فەلسەفەی هیگڵ دا، کە شوێن زادەی بیرکردنەوەو لۆجیکی دیالێکتیکە سروشت بەشێکی جیاکراوەو دەرچووی ئاگامەندییەو دەرچوونەکەشی ئاگامەندیی تووشی نامۆیی کردووە. جووڵانی دیالیکتیکی رەتدانەوەی سروشت‌و گەڕانەوەیەتی بۆ ئاگامەندی تاکە رێگەیە، کە کۆتایی بە نامۆیی دەهێنێ. گەڕانەوەشمان بۆ توێژینەوەکەی سارتەر لەمەڕ چیەتیی ئاگامەندی‌و بونیادە ئۆنتۆلۆجیەکەی، وەکو (هەیەو نیە)، ئەوەمان بۆ روندەکاتەوە، کە ئاگامەندی بوونەوەرێکی نەبووە، ناتەواوەو (پێویستی) بە خۆتەواوکردن‌و گەیشتن بە ترۆپکی تەواوکۆیی هەیە.[31] ئەم پێویستییە تاکە هاندەرە بۆ رێکخستنی خولی دیالیکتیکی ئاگامەندی .ئەگەر ئاگامەندی بە نەبوونیەوە پەیدانەبووایەو وەکو بوونەوەرە تەواوکۆییەکەی دێکارت پڕوتەواو بوایە، دەسەڵاتی رەتدانەوەی بۆ پڕکردنەوەی، لەبەرەکانی ناو بوونی‌و پێویستییەکانی نەدەخستە گەڕ. لەبەرئەوەی دەسەڵاتی رەتدانەوەی ئاگامەندیش بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانی روو لە سروشت، یان جیهانی ماتریالیستانەیەو لە فۆرمە بەرزەکەیدا بەهۆکاری کارکردنەوە ئاگامەندی خۆی دەکاتە هێزی بەرهەمهێنەرو "بەرهەم"یش دەبێتە بەرەنجامی کارە دیالیکتیکەکەی. بەرهەمهێنان، مارکس لە بەرگی یەکەمی (سەرمایە)دا باسیدەکا پرۆسەیەکی ئاگامەندانەیەو ئاگامەندی لە هەڵوێستە پراکتیکیەکەیدا لە ئاستی جیهانی ماتریالی دەرەکیدا پەیدایدەکاو بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکەی، یان پێویستییەکانی بەکاریدەهێنێ.[32] هەروەها سێ توخمی لەم پرۆسەیەدا بۆ دیاریکردووین، کە بەبێ یەکێ لەمانە پرۆسەکە دەوەستێ، یەکەم: کارکردنی مرۆڤ، دووەم: بابەتی کارکردنەکە، سێیەم: ئامێرە بەرهەمهێنراوەکانە لەم پرۆسەیەدا.

ئەم سێ توخمە، کە هەرسێکیان هاوتان، پرۆسەیەکی (لەخۆوە)و لە مەبەست بەدەر نیە، چونکە پڕۆژەی ئاگامەندییەو مارکسیش جەختی لەسەر ئەم خاڵە گرنگە کردووەو تەنیا کارکردنی مرۆڤ بە بەرهەمهێنان‌و داهێنان دادەنێ، چونکە پێش بە ئەنجامدانی کارەکە بەرهەمەکە وەکو بیر لەناو مێشکی مرۆڤدا هەیەو پێشی دەکەوێ.[33]

بەرهەمهێنان یەکێکە لە میتۆدی پەیداکردنی کەلوپەلە پێویستیەکان. ئاگامەندی یان بوونی ئاگامەندانەی مرۆڤ لە بوونەوەرە زیندووەکانی دیکە جیادەکاتەوە. بەڵام ئەمە تاکە میتۆد نیە ئاگامەندی بۆ پێویستیەکانی پێڕەوی بکا. ئاگامەندی سێ شێوەی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەکی، یان سروشدا هەیە:

1. پەیوەندیی سەرەتایی.
2. پەیوەندیی بەهۆی کارکردنەوە بۆ بەرهەمهێنان.
3. پەیوەندیی هونەری.

له پەیوەندیی سەرەتاییدا پێویستی ئاگامەندی بەهۆی "حەز"ـەوە پڕدەبێتەوەو جیهانی دەرەکیش وەکو کەلوپەلێکی ئامادەکراو، کە پێویستی بەخۆئامادەکردن‌و کارکردن نەبێ، خۆی دەردەخا. لێرەدا، حەزی ئاگامەندی حەزێکە بۆ بابەتە راستەوخۆکانی بەردەست، وەکو ئاو، میوە یان سەوزە.
مرۆڤێکی تینوو پێویستی بە ئاو هەیە نەك جلوبەرگ، ئاوەکە دەخواتەوەو یەکسەر حەزی خۆی تێردەکاو تینوێتیی خۆی دەشکێنێ. بەلاّم بۆئەوەی خۆی لەسەرمای زستان بپارێزێ، پێویستی بە جل‌وبەرگ‌و پێلاّو هەیە ئەم کەلوپەلانە راستەوخۆ وەکو ئاوی کانی‌و سێوی ناو باخەکە لە سروشتدا بەئامادەکراوی دانەنراون. ئەم کەلوپەلانە لە پرۆسێسی کارکردندا دێنەکایەوە. ئاگامەندی لەم پەیوەندییەدا سروشت بۆ کەلوپەلەکان دەگۆڕێ، یان سروشت دەکا بەو جیهانەی خۆی دەیخوازێ.[34] پەیوەندیی هونەریش فۆرمە هونەرییەکان دیاری دەکا، کە ئاگامەندی بەهۆی "ئەندێشە"وە هەوڵی داهێنانی بەرهەمی هونەری دەداو بەهای جوانی پێدەبەخشێ.[35]
وەکو باسکرا، سارتەر نکۆڵی لە ڕۆڵی مێژوویی چین‌و کۆمەڵ ناکا، یان ناڵێ چین بوونی نیە. ئەم بوونی چین بە بوونی تاکەکەوە گرێ دەدا، کە "پێویستی" دەیانکاتە گروپێکی هاودەنگ‌و هاوبەرژەوەندی‌و لەسەر بنەمایە: کارەکانیان بە ئەنجام دەگەیەنن. بنەما کە ڕووداوێکی مێژوویی‌و زادەی ئاگامەندییە، بونیادێکی بەسەراسەپێنراوو نەگۆڕنیەو نابێ ویستی ئاگامەندیش بخەینە ژێر کارتێکردنیەوە. دانانی بنەما بە رەهاو کاریگەر جارێکی دیکە بەلای ڕاڕەوەی ناچارەکیدا پەلکێشمان دەکاو سیستەمێکی فەلسەفیی داخراومان بۆ ئامادەدەکا. هەروەها ئاگامەندیش، کە ڕۆڵی سەرەکیی گرتۆتە دەست ناوەڕۆکە گیانەکییەکەی دێکارت‌و رەهاو نەگۆڕ نیە، دەسەلاّتێکی ئاگامەندانەی ناتەواوو دینامیکیەو لە بوونی ئەستوو جیاناکرێتەوە.

## بەشی حەوتەم

### سارتەرو شیکردنەوەی دەروونی

نامەوێ باس لە شیکردنەوەی دەروونی و گەشەکردنی ئەم فێرگەیە بکەم. بۆ ئەم نوسینە، تەنیا ئاماژەی ئەو لایەنانە دەکەم، کە پەیوەندییان بە باسەکەوە هەیە. وەکو دەزانین، سیگمۆند فرۆید (1856-1939) فێرگەی شیکردنەوەی دەروونیی دامەزراندو ئەم فێرگەیە تاکو ئەمڕۆ بەردەوامەو کاریگەریی خۆی بەسەر بیردۆزە ئەدەبی و هونەرییەکانیشدا تۆمارکردووە. زۆر بیرمەندو نووسەریش هەن یارانەو نایارانە بیروباوەڕی خۆیان لەسەر فرۆیدو فێرگەکەی دەربڕیوە. سارتەریش یەکێکە لەوانەی نەیتوانیوە پشت لە فرۆید بکاو ئاوڕی لێنەداتەوە. هەڵبەت سارتەر بۆ پتەوکردنی سایکۆلۆجیە بوونخوازییەکەی، کەم تا زۆر سوودی لەو فێرگەیەی فرۆید وەرگرتوەو دەڵێ: "بۆ فرۆیدو ئێمەش رەفتاری مرۆڤ نیشاندانی بنەماکەیەتی. شیکردنەوەی دەروونی هەوڵدەدا ئەو بنەمایە بخاتە روو. فرۆید وەکو ئێمە ئەو پرسیارە دەکا ئایا چی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ کردەوەیەك بنوێنێ؟"[1]

لە سەرەتاوە، سارتەر هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی بەرامبەر فرۆیدو شیکردنەوەی دەروونی هەبوو. لەژێر کارتێکردنی ژاك لاکان (1901–1981) زیاتر لە فرۆید نزیکبۆتەوەو لە نووسینەکەیدا لەسەر فلۆبییێر بۆچوونەکانی مارکس و فرۆیدو بونخوازیی تێهەڵکێشکردووە.[2] سارتەر لە سەرەتاوە لەگەڵ فرۆیددا لەسەر ئەو خاڵە هاوڕایە، کە هەر رەفتارو کردەوەیەکی مرۆڤ شوێنگەیەکی تایبەتمەندی هەیەو نابێ فەرامۆش بکرێ. هەروەها بوونی مرۆڤ کەڵەکێکی هەڵچنراوی کردەوەکانی نیە، بەڵکو بوونێکی گشتگیری totality هەیە.[3] هەریەك لەکردەوەو رەفتارەکانی وەك وشەو رستەی ناو پەرتووکێ تەواوکەری یەکدین و بۆ تێگەیشتنمان لە پەرتووکەکە دەبێ هەموو وشەو رستەکانی بخوێنینەوە. بەلام، ئایا هاندەرو سەرچاوەی کردەوەکان چین؟

لە وەلامی ئەم پرسیارەدا، فرۆید ئاماژەی بۆ دوو چاوگ کردووە، ئاگامەندی و نائاگامەندی.[4] مەبەستی فرۆید لە نائاگامەندی ئەوەیە، کە مرۆڤ هەندێجار لەژێر فشارێکی نەناسراو نەزانراودا کردارێ یان رەفتارێ دەنوێنێ.[5] کەسێ زیادە خۆری دەکا، دەشێ لە ئەزموونی خۆشەویستیدا رووخابێ و ئەم رووخانە وەکو هاندەرێکی نادیار لەناو نا– ئاگامەندیی ئەو کەسەدا ئەمجۆرە رەفتارە دەخولقێنێ.

شیکردنەوەی دەروونیی فرۆیدو ئاماژەکردنی بۆ هاندەرو پاڵپێوەنەرە نادیارەکانی ناو نائاگامەندی دوو لایەن ڕووندەکەنەوەو هەردووکیان کەوتوونەتە بەر نەشتەری رەخنەیی سارتەر، یەکەم: فرۆید ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ، کە هەندێجار مرۆڤ خۆیشی نازانێ بۆچی رەفتارێ دەنوێنێ، یان کردەوەیەك بەوشێوەیە دەکا. دووەم: لەناو بوونی مرۆڤدا لایەنێکی شاراوە هەیە تاکەکانیش نایناسن و نایبینن.

بابزانین بۆچی سارتەر لەسەر ئەم دوو خاڵە لەگەڵ فرۆیدا هاوڕا نیە؟ لەپێشەوە باس لەوە دەکەین چۆن زاراوەی نا– ئاگامەندی لە خۆیدا ناکۆکە. ئەم باسەش بەو بۆچوونەوە بەستراوە، کە ئاگامەندی هەر ساتێ ئاگای لە بابەتی بەرامبەرێتی و لەهەمانکاتیشدا خۆ–ئاگایە. کەسێ کردەوەیەك دەنوێنێ دەزانێ ئەو کردەوەیەی (لە ئاوخواردنەوە،

پیاسەیەکی ئێواران، بینینی هاوڕێیەك، یان چالاکییەکی رامیاری) چیەو دەشزانێ خۆی لەوکاتەدا ئەو کارەدەکا.
ئاگامەندی لەم دوو خسڵەتە گرنگەی، کە سارتەر بە (reflective)و (pre-reflective) کۆجیتۆی ناودەبا، دوور ناکەوێتەوە. ئاگامەندی هەمیشە ئاگامەندانەیەو بە ئاگایەو ئاگاییەکەشی ئاگامەندییە لە شتێکەوە.[6] لەبەرئەمە، کۆك نیە نا-ئاگامەندی بە ئاگامەندییەوە ببەستینەوە، چونکە ئەگەر نا-ئاگامەندی ئاگامەندی بێ، ئەوە وەکو ئەوە وایە بڵێین، کە بازنە سێ لای هەیە، یان چوار گۆشە خڕە. ئەگەر ئاگامەندی ئاگامەندانە بێ، چۆن کرداری دەنوێنێ، یان پرۆژەیەك هەڵدەبژێرێ، کەخۆی نەزانێ، یان نەیناسێ.
ئایا دەتوانین بڵێین، کەسێ تاوانێ دەکا بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ ئەو بەو تاوانە هەستاوە؟ بەدیدی سارتەر، ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە پۆزەتیڤ بێ، ئەوا ئەو کەسە درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکاو خۆی لە لێپرسینەوە بەرامبەر تاوانەکەی لادەدا.
مرۆڤیش لەوکاتەدا ئەم هەڵوێستە وەردەگرێ، کە سەربەستییەکەی خۆی رەتدەداتەوە. بەمشێوەیە، کێشەی نا-ئاگامەندی لای سارتەر دەبێتە فرۆفیلێکی سایکۆلۆجیو ئاکاریو لەبەردەم درۆ-لەگەڵ خۆ-کردندا قوتماندەکاتەوە.[7]
لەم ڕووەوە، ئەگەر توێژینەوەکەی فرۆید زانستانە سەلمێنرا، ئەوا لەهەر هەڵوێستێکدا مرۆڤێ بڕیاری لەسەر دەداو ئەو بڕیارەش بگەڕێتەوە بۆ هاندەرێ لەلایەن نا-ئاگامەندییەوە، ئەو مرۆڤە دەگاتە ئەو باوەڕەی فرۆید لە شیکردنەوەی دەروونیدا بۆی باس دەکا، ئەوا درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکا، چونکە مرۆڤێ نیە بە نائاگامەندییەوە بڕیار لەسەر پرۆژەیەك بدا. بێجگە لەمە، گریمان توێژینەوەکەی فرۆید دروستەو هەندێجار مرۆڤ بڕیار لەسەر کردەوەیەك دەدا بێ ئەوەی بزانێ بۆچی بڕیاری لەسەر دەدا، یان هاندەرەکەی لەناو ئاگامەندیدا نیەو نەزانراوە. لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیەدا، مرۆڤ بە کۆمەڵێ هاندەری نەزانراوەوە دەبەستینەوە، کە بڕیار لەسەر کردەوەکانی دەدەنو دەبنە بنەمای رەفتارو هەڵوێستەکانی. ئەمەش لەخۆیدا گەڕانەوەیە بۆ ڕاڕەوی ناچارەکیو لابردنی لێپرسینەوەو رەتدانەوەی ئەو سەربەستییەی لە سیستەمە ئۆنتۆلۆجییەکەدا کردمان بە تاجی سەری لێکۆڵینەوە بوونخوازییەکە.
بەمشێوەیە، سارتەر زاراوەی نائاگامەندی رەتدەداتەوەو گەڕانەوەی کردەوەیەکیش بۆ هاندەرێکی نەزانراوی ناو نائاگامەندی بە "بڕوای خراپ" دادەنێ. مرۆڤ ناتوانێ خۆی لە لێپرسینەوە دووربخاتەوەو خۆی نەکاتە خاوەنی هەڵوێستو کردەوەکانی خۆی. هەروەها نابێ کەسانی دیکەو هاندەرێکی ئەستوویی، یان گیانی، یان نائاگامەندی بە سەرچاوەی کردەوەکان دابنێن. ئەمشێوە هەڵوێستە چی لەناچارەیی گیانەکی کەمترو زیاتر نیە، کە هێزێکی دەرەکی گیانەکی دەکاتە سەرچاوەی کارەکان، یان ناچارەکی ماتریالیستی، کە هێزێکی دەرەکی ئەستوویی بە سەرچاوە دادەنێ. هەڵبەت ئەمیش وەکو ئەوان توانای مرۆڤ لە ئاستی گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو رادەگرێو مەحکومی دەکا.
رەخنەیەکی دیکەی سارتەر لە فرۆید پەیوەندیی نێوان دەروونشیکارو دەرووننەخۆش دیاری دەکا. لەم پەیوەندییەدا، نەخۆش وەکو "بابەت" سەودای لەگەڵدا دەکرێ، نەك "خۆ"و دەروونشیکاریش هەمیشە وەکو "خۆ" خۆی بەزلتر لە دەروونەخۆشەکە دەزانێ. ئەگەر ئەم کێشەیە (پەیوەندیی نێوان خۆو بابەت) ئاوەژووبکەینو دەروونشیکار ببێتە بابەتو دەروونەخۆشەکەش بە خۆ، ئەوا لە لایەکەوە بناغەی شیکردنەوەی دەروونی دەڕووخێو دەروونشیکارەکەش بە لەناوچوونی شوێنگە گرنگەکەی وەکو لایەنێکی بە دەسەڵات لەوانەیە هەڵوێستی رەقو ناماقوڵانەی بەرامبەر دەروونە خۆشەکە وەربگرێ.
سارتەر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئاوەژووکردنی ئەم کێشەیەی نێوان دەروونشیکارو دەروونەخۆش، ئەم دایەلۆگەی لە گۆڤاری. سەردەمی نوێ (*Les Temps Moderns*)دا بڵاوی کردۆتەوە:
نەخۆش: بێگومان مافی خۆتە... بەڵام تۆ وا دەزانی من تاوانبارت دەکەم. تۆ وەکو کەسێکی هەتا پارێزەرەکەی ئامادەنەبێ لەگەڵیا دەم ناکەیتەوە... دانیشە.
پزیشك: من ئامادەم لەگەڵتا بدوێم.

نەخۆش: کەوابوو با دەستپێبکەین.

پزیشک: رێگە نادەم گفتوگۆکەمان تۆمار بکرێ.

نەخۆش: ئەی بۆچی تەلەفۆنت بۆ کردم؟

پزیشک: ئەوەشم پێگوتی کە نابێ تۆمارکار لەگەڵ خۆتدا بهێنیێ.

نەخۆش: بۆچی؟

پزیشک: ئاگادارم کردی ئەو کارە نابێ بکەی. ئەگەر زۆرم لێبکەی، ناچاردەبم لە ژوورەکەم دەرتبکەم.

نەخۆش: دەزانی دەمەوێ گفتوگۆکەمان تۆماربکەم. بۆچی بانگت کردم.

ئەوەی دەبێ لەژوورەکە دەربکرێ تۆی.

پزیشک: من... بەڕاستی ئەمە...

نەخۆش: گوێ بگرە، هیچ رقێکم لە تۆ نیە، چونکە دژی تۆ نیمو ناشمەوێ ئازارت بدەم، بەپێچەوانەوە...

پزیشک: باشە، کەواتە هەردووکمان رازین. تۆمارەکە بکوژێنەرەوە.

نەخۆش: سەیرە، وانیە؟ خۆزگە تۆ ئەوەندە ترسنۆك نەدەبووی.

پزیشک: سەیر نیە.

نەخۆش: تۆ دەترسی چی لە (لیبیدۆت libido) دەکەی؟ وادەزانی دەمەوێ (.....) ببڕم؟ نا. من هاتووم راستییەکت لا بدرکێنم. من بۆ ماوەیەکی دوورو درێژە هەموو جار دێمە لات. دکتۆر من هیچم نیە دژی تۆ بێ، بەڵام تۆ خۆت دژی خۆت دەبیتەوە.

پزیشک: لێرە تۆ...

نەخۆش: هیچم نیە دژی تۆ، بەڵام واهەستدەکەم تۆ خۆت جنێو بەخۆت دەدەی. تەنانەت جنێو بە منیش دەدەی. بەگوێرەی یاسا تۆ تاوانباری. تۆ نازانی چۆن چارەسەری نەخۆشەکانت بکەیو بەپێچەوانەوە، رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر نەخۆش دەکەون. برۆ لەنەخۆشەکانت بپرسە، یان لەو خەڵکەی تۆ بە نەخۆشیان دادەنێی. ئەو خەڵکەی بۆ چارەسەر دێنە لای تۆو بەبێ چارەسەر دەڕۆنەوە. وەرە دانیشە با ماقوڵانە بیرکەینەوە. تۆ مشکی یان پیاو؟

پزیشک: بۆدواجار داوات لێدەکەم تۆمارکەرەکە لابە.

نەخۆش: ببوورە. ئەم تۆمارکەرەم پێویستە منیش حەزم نەکرد بەوشێوەیەی بەسەر منتدا سەپاند، مەسەلەی خەساندنەکە باسنەکەین.

پزیشک: من ئامادەم ئەو مەسەلەیەت لەگەڵدا باس بکەم، بەڵام نابێ تۆمار بکرێ.

نەخۆش: باشە، باسی ئەو مەسەلەیە ناکەین تا خۆت قەناعەتی پێدەکەی، بەڵام گفتوگۆکەمان تۆماردەکەم.

پزیشک: ئەمە چ دەستکەوتێکی بۆ تۆ تێدایە؟ بۆچی تەڵەم بۆدادەنێی؟

نەخۆش: هیچ شتێکیش نادۆڕێنم؟

پزیشک: لەوانەیە.

نەخۆش: تۆ دەترسی. وەرە دکتۆر دانیشە.

پزیشک: تۆ ئەمە بەجیدی ناگری.

پزیشک: نا، تۆ نابێ کاری وا بکەی. من دەڕۆم. ئەم مەسەلەیە زۆر جیدییەو ترسناکە.

نەخۆش: ترسناکە؟

پزیشک: بەڵێ تۆ ترسناکی.

نەخۆش: من ترسناك نیم. ئەوە بیرکردنەوەی تۆیە بەرامبەر من. تۆ هەمیشە ویستووتە ترسناکیی من بسەلمێنی. بەڵام من تۆزقاڵێ ترسناك نیم.

پزیشك: تۆ ترسناكی، چونكه ناواقعیانه بیردەكەیتەوە.

نەخۆش: راست ناكەی.

پزیشك: تۆ ناواقعیانه بیردەكەیتەوە.

نەخۆش: من تۆزێ دەشەلم، زۆر نا.

پزیشك: تۆ ناواقعیانه بیردەكەیتەوە.[8]

ئەم دایەلۆگە كەموكورتیی شیكردنەوەی دەروونیی فرۆید دەخاتە روو. لە شیكردنەوەی دەروونیی بوونخوازیدا، كە سارتەر هەوڵیداوە بناغەكەی بۆ دامەزرێنێ، پزیشكو نەخۆش وەكو دوو خۆ رووبەڕووی یەكدی دەبنەوەو سەودا لەگەڵ یەكدیدا دەكەنو نەخۆشیش دەگەیەنێتە ئەو باوەڕی خۆی لە ئاستی كردەوەكانیدا بەرپرسیارە. ئەمەش وا بەستە بەو سیستەمە ئۆنتۆلۆجییەوە، كە ڕێگە نادا مرۆڤ بكرێتە بابەتو نامۆ بكرێ.

هەروەها، لەپێشتر ئاماژەكرا سارتەر لەگەڵ فرۆید لەو خاڵەدا هاوڕایە، كە كردەوەكانی مرۆڤ بێواتاو بێناوەڕۆك نین. شێتبوون، كە بەتێكچوونو شێواندنی ئاگامەندی دادەنرێ، هەڵوێستێكی بەواتایە بەرامبەر داكەوتێ.

بۆچوونەكانی سارتەر توانییان كار بكەنە سەر چەند زانایەكی دەروونناسو ئەوانیش سوودیان لە سارتەر وەرگرتو پەیڕەوی شیكردنەوەی دەروونیی بوونخوازی دەكەن. لەبریتانیا (ر.د. لەنگ)و (دیڤید كوپەر)، لە فەرەنسا (ماود مانۆنی)و لە ئیتالیا (فرانكۆ باساگلیا)و لە ئەمریكا (تۆماس سان)و (ڕۆڵۆمای) شوێنكەوتووی ئەم ڕاڕەوەن.[9] هەروەها زانایەكی دیكە بەناوی (هاری شتاك سالیڤان) لە ئەمریكا، هەرچەندە خۆی بە بوونخواز ناوزەدناكا، پەیڕەوی شیكردنەوەی دەروونیی بوونخوازی دەكاو دەڵێ: "پێویستە پزیشك بەشداریی ژیانی نەخۆش بكا، نەك لە دورەوە وەكو تەماشاكەرێ تەماشای بكا.[10]

لەكۆتاییدا، فەلسەفەی سارتەر لە هەرسێ قۆناغەكەیدا یەكێتییەكی بنەڕەتی هەیەو لەیەكدی جیاناكرێنەوە. ئەم فەیلەسووفە توانیویەتی بوونخوازی لەسەر سێ بناغەی ئۆنتۆلۆجیو ئاكارو ئەنترۆپۆلۆجی دامەزرێنێو بناغەی یەكەمی كردووە بەراستیەكی لەپێشترو پێویست بۆ تێگەیشتن لەئاكارو ئەنترۆپۆلۆجی. بەبیروڕای من كەسێ ناتوانێ لەتوێژینەوە كۆمەڵایەتیو ڕامیارییەكانی سارتەر، بەبێ گەڕانەوە بۆ بناغە ئۆنتۆلۆجیەكەی، بگا. هەروەها سارتەر یەكێكە لەو بیریارانەی لەگەڵ بیروباوەڕەكانیدا راستگۆ بووەو بوونخوازانە ژیاوەو لە ئاستی هەر رووداوێكی مێژوویی سەردەمەكەیدا خۆی بەلێپرسراو زانیوە. ئەمڕۆ لەخولەی ئەكادیمیدا هێندە بایەخ بە سارتەر نادرێ، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ ئەم فەیلەسووفە بوونخوازی بەداكەوتەوە بەستۆتەوەو لەناو خولەی ئەكادیمیی دەرهێناوە.

# پەراوێزەکان

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

1. رایمۆند ئارۆن‌و پۆڵ نیزان‌و میرلۆپۆنتی‌و سیمۆن دی بۆڤوارو سارتەر پێکەوە قوتابی بوون‌و فەلسەفەیان خوێندووە. پۆڵ نیزان‌و میرلۆپۆنتی بوون بە کۆمۆنیست‌و سارتەریان لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا نزیککردەوە. کە ستالین لە ساڵی 1939 دا لەگەڵ هیتلەر رێککەوتننامەی مۆرکرد، پۆڵ نیزان وازی لە پارتی کۆمۆنیست هێنا. ساڵێ پاش ئەوە، لە تەمەنی سی ساڵیدا دەکوژرێ. گوایە لەبەرئەوەی سارتەر هاورێی هەرە نزیکی پۆڵ نیزان بوو، پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا زۆر باوەریان بە سارتەر نەبووە.

2. Simone de Beauvoir. *The Prime of life*. Translsted Peter Green. Penguin Book. 1965. p. 135.

3. کە سارتەر لە ئەڵمانیا بوو، نازییەکان دەسەڵاتیان هەبوو. هۆسرڵ لەبەرئەوەی بنەچەی جوو بوو، رێگەیان نەدا مامۆستایەتی بکاو تەنانەت لە پەرتوکخانەکانیشدا بخوێنێتەوە.

4. Dermot Moran. *Introduction to Phenomenology*. London: Routledge. 2000. p.370

5. Martin Heidegger. "Letter on Humanism". *Basic Writings*. David Farrell Krell (ed.). Routledge. 1993. p.232

6. Rene Descartes. "Second Meditation". *Descartes Philosophical Writings*. Elizabeth Anscombe (ed.). Nelson‘s University Paperback. 1970. p.67

7. ibid., p.69

8. E. Hussrel. *Ideas: General Introduction to Pure Phenomenology*. Trs. Boyce Gibson. London. 1931. p.53

9. Muhammad Kamal. "Heidgger and the Enigma of Defining Human Essence." *Indian Philosophical Quarterly*. No. 1&2. April 2000. p.51

10. Simone de Beavoir. *The Prime of Life*. p.135

11. Immanuel Kant. *Critique of Pure Reason*. Trs. F. Max Muller, New York: The Anchor Books. 1966. A:21-B:35, A:31-B:46

12. Jean-Paul Sartre. *The Transcendence of the Ego*. Trs. Forrest Williams and Robert Kirkpatrick. New York: Hill and Wang. 1995. pp.37-39.

13. Jean-Paul Sartre. *Being and Nothingness*. Trs. Hazel E. Barnes. Routledge. 1996. p.111

14. زاراوەی (دەزاین– Dasein) ئەڵمانیەو لە دووبرگە پێکهاتووە: (دە) واتە لێرە، یالەوێ، (زاین) واتە بوون، پێکەوە واتای بوون–لێرە، یا بوون–لەوێ دەگرێتەوە. مەبەستی هایدیگەر ئەوەیە، کە بوونی مرۆڤ بوونێکە لێرەدا، لەناو جیهاندا.

15. بروانە: محەمەد کەمال، "مارتین هایدیگەرو گۆرانێکی فەلسەفی". ***گۆڤاری مامۆستای کورد***. ژمارە 24و 25. ساڵی 1995. سوید: لاپەرە 11.

16. Jean-Paul Sartre. *Search for a Method*. Trs. by Hazel E. Barnes. New York: Random House. 1958. p. 17

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

1. Kenneth Dorter. *Form and Good in Plato ‘s Eleatic Dialogues*. University of California Press. 1994. pp.21-23.

2. چەند سۆفییەکی موسڵمانیش، وەکو: ئیبن ئەلعەرەبی‌و شاوەلی دەهەلەوی لەژێر کارتێکردنی بۆچوونەکەی ئەفلاتون دا باسی (کەسی گەورە–الشخص الکبیر) دەکەن، کە فۆرمی هەمەکی مرۆڤە. بە رای من زانا موسوڵمانە تەقلیدییەکانیش، وەکو: ئیمامی حەنبەل، کە دژی بیروباوەری موعتەزیلەکان بوون‌و خسڵەتە یەزدانیەکانیان بە راستەقینەی میتافیزیکی‌و رەهایی داناوە، ئەفلاتونیانە چارەی کێشەکەیان کردووە.

3. Plato. "The Republic". *The Portable Plato.* Scott Buchanan (ed.) New York: The Viking Press. 1978. p.359

4. **له ئەریستۆیان پرسی: "تۆ چۆن، پاش بیست ساڵ، واز له بیروباوەڕی مامۆستاکەت دەهێنی؟" ئەریستۆ له وەڵامدا دەڵێ: "ئەفلاتون مامۆستای منه، بەڵام ڕاستەقینه له ئەفلاتون پیرۆزتره".**

5. **بەڕای من، ئەم بۆچوونەی ئەفلاتون، بووه بەزەمینەی میتافیزیکی ئیبن سیناو دابەشکردنی بوون بۆ (واجب الوجود)و (ممکن الوجود). لەم دابەشکردنەدا، ئیبن سینا، وەکو ئەفلاتون، پەیوەندیی پێداویستی نێوان ئەم دوو جۆرەی بوون بە یەکلا دادەنێ.**

6. W.D. Ross. *Aristotle*. London: Methuen & Co. 1937. p.65.

7. Kant. *Critique of Pure Reason*. A: 254-7، B: 31.-12

8. Sartre. *Being and Nothingness*. P.xxii.

9. Spinoza. *Ethics*. Trs. Andrew Boyle. London: Everyman‘s Library. 1970. Proposition xv.

1.. **زاراوەی ڕێکەوت، من لەباتی Contingent بەکارمهێناوه، یەکێکه له زاراوه گرنگەکانی ئۆنتۆلۆجی سارتەر.**

11. Ibn Sina. *On Theology*. Trs. Arthur J. Arberry. London 1951. pp. 25-29

12. Hazel E. Barnes. "Sartre‘s Ontology: The Revealing and Making of Being". *The Cambridge Companion of Sartre*. Christina Howell (ed.) Cambridge University Press. 1977. p.14

13. Jean-Paul Sartre. *Critique of Dialectical Reason*. Trs. Alan Sheridan-Smith. London: NLB. 1976. p.66

14. **مارتین هایدیگەر له سیمستەری زستانی 1942–1943 له زانکۆی فرایبۆرگ دەرسی لەسەر پارمەنیدس داوه. نووسراوەکانی بۆ ئەو دەرسانه له ساڵی 1982 به زمانی ئەڵمانی بڵاوکراونەتەوەو له ساڵی 1992 به زمانی ئینگلیزی به ناوی (پارمەنیدس) زانکۆی ئیندیانا له ئەمریکا به چاپی گەیاندووه.**

15. Frederick Copleston. *A History of Philosophy*. Vo1. 1. New York: Image Books. 1993. pp.49-50

16. Martin Heidgger. *Being and Time*. Trs. John Macquarrie and Edward Robinson. Blackwell. 1997. p.26

17– **هەمان سەرچاوه. لاپەڕه** 61.

18. Joseph Kockelmans. *On the Truth of Being: Reflections on Heidegger ‘s Later Philosophy*. Indiana University Press. 1984. p.54

19. Hubert L. Dreyfus. *Being-in-the-World: A Commentary on Heidegger ‘s Being and Time*, Division I. The MIT Press. 1991. p.11.

2.. Michael Zimmerman. *Heidegger ‘s Confrontation with Modernity*. Indiana University Press. 1990. p.116

21. Jean-Paul Sartre. Being and Nothingness. P.xxii.

22. ibid.

23. Hegel. *Encyclopedia of Philosophical Sciences*. Trs. William Wallace. London: Oxford University Press. 1985. Section 95

24. **کانت زاراوەی (ئاگامەندی)ی بەکارنەهێناوەو (تێگەیشتن) به دوا پلەی توانایی زانین دادەنێ.**

25. Sartre. *Being and Nothingness*. P.11

26. ibid.، p.59

27. **سارتەر ناوی ڕۆمانەکەی *Nausea*، که له ساڵی 1937دا بڵاوکردۆتەوه بەم ئەزموونەوه وابەسته. ڕۆکانتانی پاڵەوانی ڕۆمانەکه ئەم لایەنەی بوون–لەناو–خۆو جەستەی خۆی دەناسێنێ، بۆیه قێز لەهەموو شت دەکاتەوه.**

28. Jean-Paul Sartre. *Existentialism and Humanism*. Trs. Philip Mairet. London: Eyre Methuen. 1975. p.26

29. Heidegger, *Being and Time*. p.67.

30. **بەدیدی ئەفلاتون، گۆڕانکاری کاتیگۆرییەکی نەرێیەو بۆ جیهانی ئایدیال بەکار نایەت، چونکه ئەو جیهانه پڕو تەواوو کۆیه. گۆڕانکاری لەهەر بابەتێکدا ڕووبدا، ئەوه ناگەیەنێ، که ئەو بابەته تەواو کۆ نیەو نزمه.**

31. Sartre, *Being and Nothingness*. p.5

32. ibid.

33. Hegel. *Encyclopedia*. Section 86

34. Sartre. *Being and Nothingness*. p.6

35. ibid.، p.1..

36. ibid., p.xxix.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

1. Ronald Santon. *Bad Faith, Good Faith، and Authenticity in Sartre ‘s Early Philosophy*. Temple Univercity Press. 1995. p.31

2. *The Bible*. Exodus. 3:14

3. **بوونو نەبوون، یا هەیەو نیەی ئاگامەندی دوو زاراوەن، که سارتەر بۆ فاکتیسیتی (فاکتەر) Facticityو بڵندی Transcendence بەکاریان دێنێ. فاکتیسیتی، یان بوونی ئاگامەندی خسڵەته دامەزراوەکانی ناوەڕۆکی ئاگامەندین. شوێنی لەدایکبوونم فاکتەرێکه لەوه**

زیاتر گۆڕانی بەسەردا نایەت. بەڵام لەهەمانکاتدا، پرۆژەی بێ ژمار لە داهاتوومدا هەن هێشتا دەستمیان پێنەگەیشتوون. لەبەر ئەمە بڵندن. هەروەها سارتەر زاراوەی بڵندی (ترانسندێنتاڵ) وەکو کانت بەکار ناهێنێ. بەگوێرەی ئەم زاراوەیە، هەر بابەتێ لەدەرەوەی ئاگامەندیدا (وەکو مێزەکە) بڵندە.

4. Heidegger. *Being and Time*. p.68
5-Sartre. *Being and Nothingness*. p.55
6. ibid.، p.56.
7. Jean-Paul Sartre. *War Diaries*. Trs. Q. Hoare. New York: pautheon. 1984. p.53
8. ibid.، p.110
9. F. Nietzsche، *Thus Sprake Zarathustre*. Trs. Nicholas Davey. Worrdworth classics. 1997. p.5
10. Jean-Paul Sartre. *Anti-Semite and Jew*. New York: Schoken Books. 1948. p.1.6-1.7

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

1. بڕوانە: محەمەد کەمال، ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ. ئەدیلاد، دەزگای چاپەمەنیی هەوار، 2001. لاپەڕە 25-42
2. Jean.Paul Sartre. *Existentialism and Humanism*. P.34.
3. ibid.، p.50
4. Jean-Paul Sartre. *Being and Nothingness*. P.80
5. بڕوانە: Al-Ashari, A. Kitab al-ibanah an Usul al-Diyanah. Trs W. C. Klein. New Haven: 1040. p.8 هەروەها بڕوانە: پەڕتووکی نووسەر: Muhammad Kamal. *Hetrodoxy in Islam: A philosophy Study*. Karachi: Royal Book Co. 1992. p.138
6. القران. 2: 5–6
7. هەمان سەرچاوە. 9: 50
8. هەمان سەرچاوە. 10: 100
9. هەمان سەرچاوە. 18: 29
10. هەمان سەرچاوە. 6: 104
11. هەمان سەرچاوە. 11: 108
12. Jean-Paul Sartre. *Being and Nothingness*. p.171
13. Sonia Kruks. *Situation and Human Existence، Freedom، Subjectivity and Society*. London: Unwin Hyman. 1990. p.51
14. Merleau-Ponty. *The Primacy of Perception*. Northwestern University Press. 1964. p.35
15. Jean-Paul Sartre. *Being and Nothingness*. p.626
16. ibid.، p.628
17. بۆ نمونە، بڕوانە: Christian Howells. *Sartre the Necessity of Freedom*. Cambridge University Press. 1988. p.98
18. Jean-Paul Sartre. *Existentialism and Humanism*. p.34.
19. Jean-Paul Sartre. *Being and Nothingness*. p.489
20. Martin Heidegger. *Being and Time*. p.
21. Jean-Paul Sartre. Being and Nothingness. p.103
22. ibid., p.167
23. ibid., p.137
24. لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە لە سەرچاوەکانی زمانی ئاوێستاییەوە خوازراوە، کە واتاکەی دەقاو دەق، بەرامبەر بە واتای (الزمان)ی عەرەبی،یاخود (تایم)ی ئینگلیزییە. بڕوانە (زوروانیزم) لە زۆر سەرچاوە مێژووییەکانی کەلەپوری زەردەشتی و مێژووی کورد و ئەخمینی و ساسانی و لە هەندێ سەرچاوەی کۆنی عەرەبی و ئیسلامیشدا، چ بە زمانی فارسی و چ بە عەرەبی و چ بە ئینگلیزی و چ بە فەڕەنسی و ئەڵمانی و هەندێ زمانی جیهانیی تریش نووسرابنەوە. شایانی باسە وشەی زوروان دەبێ لە وشەی کاتی فیزیکی جیا بکرێتەوە.
25. بڕوانە: د. محەمەد کەمال. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 81.
26. Henri Bergson. *Time and Free Will*. Trans. F.L. Pogson. London: Mcmillan. 1940. p.99
27. ibid., p.203.
28. سارتەر دەڵێ: بێرگسۆن هەوڵی نەداوە ئەو کێشەیە ساخبکاتەوە چۆن رابردوو وەکو شتێ، کە ئێستا نیەو تێپەڕیوە، لە زوروانی ئاگامەندیدا زیندوو دەبێتەوەو لەناو ئێستادا جارێکی دیکە دەژێتەوە (بڕوانە: Jean-Paul Sartre. Op.cit. p.109).
29. د. محەمەد کەمال. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 53

30. Jean-Paul Sartre. Op.cit. p.121
31. ibid.

## پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

1. (جیهانیبوونی) بوون–بۆ–خۆ، لێرەدا واتایەکی فەرهەنگی (کولتووری)و جوگرافی نیە. هەرچەندە بوون–بۆ–خۆ لەم توێژینەوە فەلسەفییەدا رەنگو بۆی خاکێکی پێنابەخشرێ، لەهەمانکاتیشدا جیهانی ئەم ئۆنتۆلۆجییانەیە، چونکە بوون–بۆ–خۆ لە جیهانێکی دیکەوە نەهاتۆتە ئێرە. لە جیهاندا لەدایکبوونەوەو لە جیهانیشدا کۆتایی بە گەشتی ژیانی دێ.

2. Jean-Paul Sartre. Op.cit., p.221
3. Hegel. *The Phenomenology of Mind*. Translated by J.B Baillie. New York: Harper Torchbook. 1967. p.229
4. ibid.
5. Jean-Paul Sartre. Op. cit., p.245
6. ibid., p.253
7. Jean-Paul Sartre. *No Exit*. Adapted from the Freud By Paul Bowles. London: Samuel French Inc. 1958. p.52

8. ئەمە واتای ئۆنتۆلۆجیی نامۆییە. بۆچوونی (مارکس)یش، کە تەنیا چینی کرێکار لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا بە نامۆ دەزانێ، وابەستە بەم واتایەوەو هەوڵیداوە هۆکارەکەی بە باری ئابوورییەوە ببەستێتەوە. بۆچوونی مارکس بەلای بوونخوازەکانەوە لۆجیکییە، بەڵام بە دیدی ئەوان، نامۆیی هەمە چەشنەو ئەوەی مارکس ئاماژەی بۆ کردووە یەکێکە لە شێوازە هەمە جۆرەکانی نامۆیی.

9. ئارلێت ئێلگایم سارتەر کچێکی فەرەنسییە، سارتەر بە خێوی کردووەو کردوویەتی بە کچی خۆی.

10. Jean-Paul Sartre. *Notebooks for an Ethics*. Translated by David Pellauer. Chicago University Press. 1992. p.3

11. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 5.

12. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 4، (لیۆن ترۆتسکی) (1877-1940)، رابەرێکی بیروباوەڕو بزوتنەوەی مارکسی لە ساڵی 1929، لەگەڵ ستالیندا هاوڕا نەبوو، ناچارکرا یەکێتیی سۆڤییەت بەجێ بهێڵێو لەساڵی 1940. لە لایەن پیاوەکانی ستالین–ەوە کوژرا.

13. Jean-Paul Sartre. Op.cit.، p.413

14. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 161

15. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 40

16. ڤیکتۆر هۆگۆ (1802-1885) نووسەری مەزنی فەرەنسا، لە تەمەنی لاوێتیدا باوەڕی بە ڕژێمی پاشایەتی هەبوو. دوایی بوو بەیەکێ لە شوێنکەوتووانی سۆشیال دیموکرات. لەسەر بیروباوەڕی رامیاری لە سەردەمی ناپۆلیۆنی سێیەمدا لە فەرەنسا دەرکراوەو لە ساڵی 1870 گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتەکەیو لە پاریس مردووە. لە رۆمانە گرنگەکانی: داماوەکان (1862)، پشتکۆمی نۆتردام (1831).

17- Jean-Paul Sartre. Op.cit., p.398

18. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە .4..

## پەراوێزەکانی بەشی شەشەم

1. لەمانگی ئەیلولی ساڵی 1944، سارتەرو سیمۆن دی بۆڤوارو رایمۆن ئارۆنو میرلۆپۆنتی بڕیاری دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانەیان بەناوی (سەردەمی نوێ)دا. ناوی ئەم گۆڤارە لە فیلمێکی (چارڵی چاپلن)ەوە وەرگیرابوو، کە لە ساڵی 1936دا نیشاندراوە. هەرچەندە بابەتەکانی ئەم گۆڤارە فەلسەفییانەو گران بوون بۆ تێگەیشتنیان لەلایەن چینی کرێکارەوە، بەڵام، هەڵبەت بوو بە سەکۆیەکی بیر بۆ بوونخوازەکانو شوێندایەلۆگێکی ئاسۆ بەرینو فرەوان لەنێوان رۆشنبیرانی ئەو سەردەمانەی فەرەنسا.

2. سارتەر لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکدا رێکخراوێکیان لە ساڵی 1948دا بەناوی (کۆمەڵەی خەڵکی شۆڕشگێڕان) دامەزراند. پاش ساڵێ، بەهۆی جیاوازیی نێوان بیروڕای ئەندامانی، بە تایبەتی لەسەر بە ئەندامبوونی فەرەنسا لەناو پەیمانی (ناتۆ)دا، ئەم رێکخراوە هەڵوەشایەوە.

3. رۆژێ گارودی لە پەرتووکەکەیدا (ژان پۆڵ سارتەر: پێغەمبەری ساختە)و جورج لۆکاش لە پەرتووکەکەیدا (بوونخوازی یان مارکسیزم)و ئەندرێ لینتن لە پەرتووکەکەیدا (سارتەرو مارکسیزمو زانست)دا هەوڵیانداوە سارتەرو فەلسەفەکەی بە کۆنەپەرستانەو بۆرژوایی بسەلمێنن.

4. Jean-Paul Sartre. *A Biograhical Life*. Vol 1. Nonhwos University Press-1974. p.499

5. هەمان سەرچاوە لاپەڕە 503

6. Ronald Hayman- *Sartre: A Biograhy*. New York Simon and Shaster 1987. p.423

7. هەمان سەرچاوە لاپەڕە 424

8. بێنی لیڤی لە فەڕەنسا دەیخوێندو مارکسییەکی ماویی ڕادیکاڵ بوو، بەڵام هاوڵاتیی فەڕەنسا نەبوو، سارتەر هەوڵی بۆداو کردی بە هاوڵاتی فەڕەنسا، لەساڵانی دواییدا چەند ساڵێ پێش مردنی سارتەر کە سارتەر کوێر بوو، ئەم خوێندکارە میسرییە بوو بە سکرتێری‌و ڕۆژانە ڕۆژنامەو پەرتووکی بۆ دەخوێندەوە.

9. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 445.

1.. David Mc Lellan. *The Young Hegelians and Karl Marx*. New York: Macmillan. 1969. pp.3-4

11. هەمان سەرچاوە.

12. Karl Marx. *Capital*. Vol. 1. Moscow: Progress Publisher. 1974. p.174.

13. Karl Marx. *Economic and Philosophic Manuscript 1844*. Moskow: Foreign Language Publishing House. 1956. p.79.

14. هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 80

15. Marx, Engles. *The Holy Family، or Critique of Critical Criticism*. Moscow: Progress Publisher. 1975. pp. 155-168

16. میخائیل باکۆنین (1814-1876) زانایەکی ڕووسی ماتریالیست‌و ئەنارخیست بوو. بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەورووپادا ژیا. لەو باوەڕەدابوو، کە لایەنی پۆزەتیڤی‌و نێگەتیڤی لە دیالێکتیکیدا نابێ تێکهەڵکێش بکرێن‌و یەکبگرن، بەڵکو پێویستە لایەنی نێگەتیڤی لایەنی پۆزەتیڤی بڕوخێنێ.

17. زاراوەی مارکسی نا–مارکسی خۆم بۆ ئەو بیرە مارکسیانەم بەکارهێناوە، کە فەلسەفەی مارکسیان بە زانستانەو ناچارەیی ماتریالیستیانە داناو هەرچی بۆچوون‌و ڕووداوێ پێوەری زانستانەی ئەوانی وەرنەگرتایە فەرامۆش دەکراو بە نازانستانەو کۆسپ لە ئاستی پێشکەوتندا دەژمێررا.

18. Jean-Paul Sartre. *Search for a Method*. p.7

19. هەمان سەرچاوە.

2.. سارتەر لە شاری وارسۆ لەسەر شەقامێکدا دروشمێ دەبینێ نووسراوە "نەخۆشیی سیل زیان بە بەرهەم دەگەیێنێ." بەلای سارتەرەوە ئەم دروشمە نامرۆڤانەیەو ئەنترۆپۆلۆجی مارکسیزمیش دەکاتە ئەنترۆپۆلۆجی نامرۆڤانە. چی هەیە هێندەی مرۆڤو ژیانی بە نرخ بێ؟ بۆچی ڕژێمی کۆمۆنیستی وارشۆ نەینووسی کە نەخۆشیی سیل کوشندەیەو مرۆڤ لەناو دەبا؟ نەخۆشیی سیل لەوێدا بەرهەم کەمدەکاتەوە، کە زیان بە مرۆڤ دەگەیێنێ‌و ژیانی دەڕوخێنێ.

21. Fredrick Engles. *Socialism: Utopia and Scientific*. Peking: Foreign Language Press. 1975. p.74

22. Jean-Paul Sartre. *Critique of Dialectical Reason*. Translated by Alan Sheriden-Smith، London. 1976. pp.28-29

23. Karl Marx. *Economic and Philosophic Manuscripts of 1844*. p.158.

24. Karl Marx. "Thesis on Feurbach". *The Portable Karl Marx. Eugene Kamenka* (ed)، New York: Penguin. 1993.p.156.

(مارکس لە نووسینێکی دیکەیدا بە ناوی (موچەی کرێکارو سەرمایە)دا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ڕۆڵی کاریگەری مرۆڤ لەسەر سروشت دەکا.

25. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە 158

26. Karl Marx. "*The Eighteenth Brumair of Louis Bonaparte*". Selected Works. Vol. l، London: Lawrence & Wishart. 1975. p.247

27. George Lukas. *History of Class Consciousness*. Translated by Rodney Livingstone. London: Merlin Press، 1971 p.3 هەروەها بڕوانە Michael Albert & Robin Hahnel. *Unorthodox Marxism*. Boston: South end Press. 1978. pp.13-17

28. Muhammad Kamal. "*Frankfurt School: The Rise of New Marxism*", Journal of European Studies. Vol. 4, No. 2. The University of Karachi. 1989. p.42

29. سیگمۆند فرۆید (1856-1939) لە ساڵی 1921دا پەرتووکێکی بەناوی (گرووپی سایکۆلۆجی‌و شیکردنەوەی ئیگۆ) بڵاوکردەوەو تیایدا باسی هۆکارە دەروونیەکان بۆ پەیدابوونی ڕەفتاری فاشستانە لە کۆمەڵی ئەورووپا دەکا.

30. Jean-Paul Sartre. Op. cit.، p.51

31. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 79

32. Karl Marx. *Capital*. Vol. L, pp.174-177

33. هەمان سەرچاوە.

34. Jean-Paul Sartre. *Notebook for an Ethics*. p.554

35. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 565

# پەراوێزەکانی بەشی حەوتەم

1. Jean-Paul Sartre. *Being and Nothingness*. p.458

2. گۆستاڤ فلۆبێر (1821-1880) ڕۆماننووس‌و یەکێ لە ڕابەرانی ئەدەبی ڕیالیزمی فەڕەنسایە. گرنگترین ڕۆمانی فلۆبێر (مەدام بۆڤاری)یە، کە ڕەخنە لە چینی بۆرژوای فەڕەنسا دەگرێ‌و لەسەر ئەم ڕۆمانە فلۆبێر دەدرێ بەدادگاو تاوانی (بێڕەوشتی)ی دەدرێتە پاڵ.

3. Jean-Paul Sartre. Op. cit.، p.568

4. "ئاگامەندی‌و نائاگامەندی"م بەرامبەر بە Consciousness‌و Unconsciousness داناوە. هەندێجار لە نووسینە کوردییەکاندا هەست‌و نەست لەبری ئەم دوو زاراوەیە بەکارهاتووە. بەدیدی من، هەست‌و نەست لە (Sense)‌و (non-Sense)ەوە نزیکن، کە لەزمانی ئینگلیزیدا واتاکانیان جیاوازن‌و لە زاراوەکانی فرۆیدەوە دوورن.

5. Sigmund Freud. "Some Elementary Lessons in Psychoanalysis". *Collected Papers*، Vol. v، London: The Hogarth Press. 1950. p.382

6. Jean-Paul Sartre. Op. cit., p.83

7. کێشەی (درۆ–لەگەڵ–خۆ–کردن) لە بەشی سێیەمی ئەم نووسینەدا بەناوی (بڕوای خراپ) بەدرێژی باسکراوە.

8. ئەم دایەلۆگەم لەم پەرتووکەوە وەرگرتووە: Max Charlesworth. *The Existentialists and Jean-Paul Sartre*. Brisbane: The University of Queensland Press. 1975. pp. 126-127

9. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 42. (فرانکۆ باساگلیا بیروبۆچوونی مارکس‌و سارتەری لە شیکردنەوەی دەروونیدا تێهەڵکێشکردووە. هەروەها ر.د. لەنگ پەرتووکێکی لەسەر شیزۆفرینیا بەناوی خۆی لەتکراو *The Divided Self* نووسیوە لێکدانەوەیەکی شیزۆفرینیای لەسەر کێشەی من‌و کەسانی دیکە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی سارتەردا کردووە).

10. هەمان سەرچاوە. لاپەڕە 43.

# سەرچاوەکان

Al-Ash ari. *Kitab al-Ibana an Usul al-Diyanah*. Translated by W.C. Klein. New Haven: 1940.
Albert, Michael & Hahnel Robin. *Unorthodox Marxism*. Boston: South End Press. 1978.
Aronson, Ronald. *After Marxism*. London: The Guilford Press. 1995.
Audi, Robert (rd). *The Cambridge Dictionary of Philosophy*. Cambridge: Cambridge University Press. 1997.
Beamish, Rob. *Marx, Method and the Division of Labour*. University of Illinois Press. 1992.
Bergson, Henri. *Time and Free Will*. Translated by F. L. Pogson. London: Macmillan. 1940.
Bush, Thomas W. *The Power of Consciousness and the Force of Circumstances in Sarters' Philosophy*. Indiana University Press. 1990.
Charlesworth, Max. *The Existentialist and Jean-Paul Sartre*. Brisbane: The University of Queensland Press. 1975.
Copleston, Frederick. *A History of Philosophy*. (9 Volumes) New York: Image Books. 1993.
Craanston, Maurice (ed.). *The New Left*. London: The Bodley Head. 1970.
Descartes, Rene. *Philosophical Writings*. Elizabeth Anscombe (ed.) Nelsons University Paperback. 1970.
Dorter, Kenneth. *Form and Good in Plato's Eleatic Dialogues*. University of California Press. 1994.
Dryfus, Hubert L. *Being-in-the-World: A Commentary on Heidegger's Being and Time,* Division I. The MIT Press.1991.
Elater, Jon. *Making Sense of Marx*. Cambridge: Cambridge University Press. 1987.
Engles, Frederick. *Socialism: Utopia and Scientific*. Peking: Foreign Language Press. 1975.
Freud, Sigmund. *The Essentials of Psycho-Analysis*. Translated by James Strachey. New York: Penguin Books. 1991.
………..*Collected Papers*. London: The Hogarth Press. 1950.
Hayman, Ronald. *Sartre: A Biography*. New York: Simon and Shuster. 1987.
Hegel, F. W. *The Phenomenology of Mind*. Translated by J. B. Baillie. New York: Harper Torchbook. 1967.
……….*Encyclopedia of Philosophical Sciences*. Translated by William Wallace. London: Oxford University Press. 1985.
Heidegger, Martin. *Basic Writings*. David Farrell Krell (ed.). London: Routledge. 1993.
………. *Being and Time*. Translated by John Macquarie and Edward Robinson. London: Blackwell. 1997.
………. *Introduction to Metaphysics*. Translated by Ralph Mannheim. Yale University Press. 1959.
Howell, Christina (ed.) *The Cambridge Companion to Sartre*. Cambridge: Cambridge University Press. 1997.
Hussrel, Edmund. *Ideas: General Introduction to Pure Phenomenology*. Translated by Boyce Gibson. London: 1931.
.………. *The Idea of Phenomenology*. Translated by Garry L. Brechon. Northwestern University Press. 1974.
Ibn Sina. *On Theology*. Translated by Arthur J. Arberry. London: 1950.
Kant, Immanuel. *Critique of Pure Reason*. Translated by F. Max Muller. New York: The Anchor Books. 1966.
Kaufman, Walter. *Existentialism from Dostoevsky to Sartre*. New York: New American Library. 1975.
Kockelmans, Joseph. *On the Truth of Being: Reflections on Heidegger's Later Philosophy*. Indiana University Press. 1984.
Kruks, Sonia. *Situation and Human Existence: Freedom, Subjectivity and Society*. London: Unwin Hyman. 1990.
Lukacs, George. *History and Class Consciousness*. Translated by Rodney Livingstone. London: Merlin Press. 1971.
Marx, Karl. "Thesis on Feuerbach". *The Portable Karl Marx*. Eugene Kamenka (ed.). New York: Penguin Books. 1993.
………. *Capital*. Vol. 1. Moscow: Progress Publisher. 1974.
………. *Economic and Philosophical Manuscript 1844*. Moscow: Foreign Language Publishing House. 1956.
………. *Selected Writings*. (3 Volumes). London: Lawrence & Wishart. 1975.
Marx Karl and Engles Frederick. *The Holy Family or Critique of Critical Criticism*. Moscow: Progress Publisher. 1975.
Melellan, David. *The Young Hegelians and Karl Marx*. New York: Macmillan. 1969.
Merleau-Ponty, M. *The Primacy of Perception*. Northwestern University Press. 1964.
Moran, Dermont. *Introduction to Phenomenology*. London: Routledge. 2000.
Murdoch, Irs. *Sartre*. London: The Fontana Library. 1967.
Nietzsche, F. *Thus Spake Zarathustra*. Translated by Nicholas Davey. Wordworth Classics. 1997.
Odajnyk, Walter. *Marxism and Existentialism*. New York: Anchor Books. 1965.
Ollman, Bertell. *Alienation: Marxist Conception of Man in Capitalist Society*. Cambridge University Press. 1971.
Plato. "The Republic". *The Portable Plato*. Scott Buchanan (ed.). New York: The Viking Press. 1978.
Richardson, John. *Existential Epistemology: A Heideggerian Critique of the Cartesian Project*. Oxford: at the Clarendon Press. 1991.
Ross, W.D. *Aristotle*. London: Methuen & Co. 1937.
Santoni, Ronald E. *Bad Faith, Good Faith and Authenticity in Sartre's Early Philosophy*. Temple University Press. 1995.
Sartre, Jean-Paul. *A Biographical Life*. Vol. 1. Northwestern University Press. 1974.
………… *Anti-Semite and Jew*. New York: Schocken Books. 1948.
………… *Being and Nothingness*. Translated by Hazel E. Barnes. London: Routledge. 1996.
………… *Colonialism and Neocolonialism*. Translated by Azzedine Haddour and Others. London: Routledge. 2001.
………… *Critique of Dialectical Reason*. Translated by Alan Sheridaan-Smith. London: NLB. 1976.
………… *Essays in Existentialism*. Wade Baskin (ed.). New York: Citadel Press. 1993.
………… *Existentialism as Humanism*. Translated by Philip Mariet. London: Eyer Methue. 1975.
………… *No Exit*. Translated by Paul Bowles. London: Samuel French Inc. 1958.
………… *Notebooks for an Ethics*. Translated by David Pellauer. Chicago: Chicago University Press. 1992.
………… *Search for a Method*. Translated by Hazel E. Barnes. New York: Random House. 1958.
………… The Communists and Peace. Translated by Irene Clephane. London: Hamish Hamilton. 1969.

………… *The Flies*. Translated by Stuart Gilbert. London: Hamish Hamilton. 1978.
………… *The Transcendence of the Ego*. Translated by Forrest Williams and Robert Kirkpatrick. New York: Hill and Wang. 1995.
……….. *War Diaries*. Translated by Q. Hoare. New York: Pantheon. 1984.
……….. *Words*. Translated by Irene Clephane. New York: Penguin Books. 1964.
Sheridan, James. *Sartre the Radical Conversion*. Ohio: Ohio University Press. 1969.
Silverman, Hugh J. *Inscriptions After Phenomenology and Structuralism*. Northwestern University Press. 1997.
Simone de Beauvoir. *The Prime of Life*. Translated by Peter Green. New York: Penguin Books. 1965.
Spinoza. *Ethics*. Translated by Andrew Boyle. London: Everyman's Library. 1970.
Warnoch, Mary (ed.). *Sartre: A Collection of Critical Essays*. New York: Anchor Books. 1971.
………… *The Philosophy of Sartre*. London: Hutchinson University Library. 1970.
Zimmerman, Michael. *Heidegger's Confrontation with Modernity*. Indiana University Press. 199..

# ئیندێکس


ئا

ئازادی کاک مستەفا

ئاگامەندی

ئایدیا

ئەپستمۆلۆجی

ئەریستۆ

ئەستوو

ئەفلاتون

ئەل-ئەهرام

ئەلبێر کامۆ

ئەلفارابی

ئەلکیندی

ئەلیکساندەر کۆژێف

ئەمجەد محەمەد سەعید

ئەنجلس

ئۆرتۆدۆکس

ئۆنتۆلۆجی

ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی

ئیبن ئەلعەرەبی

ئیبن سینا

ئیخوان الصفا

ئیسرائیل

ئیسماعیل خەیات

ب

باساگلیا

بارنیس

باکۆنین

بەتایلی

بەعس

بلانکۆت

بنۆس

بۆدلێر

بوون-بۆ-خۆ

بوون-بۆ-کەسانی دیکە

بوونخوازی

بوون-لەناو-خۆ

بوون و نەبوون

بێرتراند رەسڵ

بێرگسۆن

بێگانە
بێنی لیڤی
پ
پاکستان
پەنەما
پراڤدا
پراگماتی
پرۆلیتاریا
پۆست–مۆدێرنیتی
پۆڵ نیزان
پیتەر ڤیکتۆر
ت
تەورات
ترانسیندنتاڵ
ترۆسکی
تۆماس ساز
ج
جاك درێدا
جەزائیر
جەستە
جوولەکە
چ
چیکسلۆڤاکیا
ح
حەسەن هەمزە
خ
خەڵاتی نۆبڵ
خرۆشۆف
خوا
خۆی بڵند
د
دەهلەوی
درایفۆس
دووبنەماگەری
دێڤید پێلاوەر
دێڤید کۆپەر
دێکارت
دیۆنتۆلۆجی
ر
رایمۆند ئارۆن
روانگە
رۆبەرت ئۆون

رۆلۆمای
ڕێکەوت
ز
زوروان
ژ
ژان ژینێ
س
سالیڤان
سەرمایە
سپینۆزا
ستالین
ستالینیزم
سلێمانی
سۆپەرمان
سۆربۆن
سۆڤیەت
سیمۆن دی بۆڤوار
ش
شەقامی سەعدون
شتۆتگارت
شێرکۆ بێکەس
ع
عەبدوڵلا محەمەد یونس
عەرەب
ف
فەرەنسا
فرانسوا میتران
فرانکفۆرت
فرایبۆرگ
فرۆید
فلۆبێر
فوئاد عەبدولرەحمان
فیختە
فینۆمینا
فینۆمینۆلۆجی
فیۆرباخ
ق
قاهیرە
ك
کات
کارل یاسپەرز
کانت

کەمال عومەر
کەمالی
کرێکار
کوبا
کۆجیتۆ
کۆمۆنیستەکان
کۆلن وڵسن
گ
گبریال مارسیل
گواتیمالا
ل
لەنگ
لوکاش
لیڤیناس
لیۆن برۆنشفیك
م
مارشال تیتۆ
مارکس
مارکسیزم
ماکس هۆرکهایمەڕ
ماود مانۆنی
مەسیح
محەمەد ئەمین
مردن
منی بالاّ
ممکن الوجود
موسا
مۆسکۆ
میرلۆپۆنتی
میشێل فۆکۆ
ن
ناتۆ
ناسیۆنالیست
نالی
نامۆیی
نەفی
نۆبلْ
نۆستاڵجیا
نۆرمینا
نیچە
ه
هایدیگەر, مارتین

هەنگاریا

هەولێر8,

هۆسرڵ

هۆنراوەی کلاسیکی

هیتی

هێربەرت مارکۆز

هیگڵ

و

واجب الوجود

وارسۆ

وجودییەکان

ی

یۆنیسکۆ